# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.501 Tue 30/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 501 سێشەممە 30/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ ئەندازیارو رووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەرێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) رووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :

٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠

٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەرێز


## مووچەیان لە بودجەی چەند وەزارەتێک زیاترەو دەکاتە ٥٪ی بودجەی هەرێم

# بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی زیاتر لە ٥٠ هەزار پاسەوانیان هەیە

**بەرهەم خالید**

پاسەوانی ژمارەیەک بەرپرسی باڵای یەکێتیو چەند دامەزراوەیەکی ئەو حیزبە ٥١هەزارو ٣٥٨ کەسەو هەندێک لەو بەرپرسانە لیواو فەوجی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ئەوەش جۆرێکە لە میلیشیای تایبەت، مووچەی ساڵانەی ئەو پاسەوانانە زیاترە ٥٪ی بودجەی هەرێم، کە ئەوەش لە بودجەی چەند وەزارەتێک زیاترە، ئەوە لەکاتێکدایە بەپێی دەستووری عێراقیی نابێت هیچ حیزبێک هێزی چەکداری هەبێت.

بەپێی چەند زانیارییەک کە دەست رۆژنامە کەوتوون، بە کۆی ١٨ بەرپرسی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستانو چەند دەزگایەکی سەربەو حیزبە، زیاتر لە ٥١ هەزار پاسەوانیان هەیە کە لە پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش پێکدێن بە پلەی جیاوازو مووچەی مانگانەیان بە چەندین ملیار دینار مەزەندە دەکرێت، ئەوەش بەشێکی زۆر لە بودجەی هەرێم دەبات کە ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ ملیار دینار دەکات، ئەو بڕەش دەکاتە ٥٪ی بودجەی هەرێمو ئەو رێژەیەش زیاترە لە بودجەی ساڵانەی چەند وەزارەتێکی هەرێم.

ژمارەی پاسەوانەکانی ئەو بەرپرسانەی یەکێتی بەپێی پۆستەکانیان جیاوازەو لە ١٠هەزار پاسەوانەوە کە بۆ سکرتێری گشتی یەکێتی تەرخانکراوە تا ١٠٠ پاسەوانی تێدایە، ئەوە لەکاتێکدایە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمو یەکێتی جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان ئارامەو مەترسی هەڕەشەی تیرۆریستیی لە ئارادا نییە.

ئیسماعیل سەعید گەڵاڵەیی، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، تەرخانکردنی ئەو رێژەیە لە بودجەی هەرێم بۆ پاسەوانی بەرپرسانی حیزب بە هەوڵی ئەو حیزبە دەزانن بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتداو پاراستنی ئاسایشی بەرپرسەکانیانو، وتیشی: «ئەوە گوزارشت لەوە دەکات کە دەسەڵات تەنیا خۆیان مەبەستەو گوێ بە پێشخستنی کەرتە ئابوورییەکان نادەن، ئەوەش جۆرێکە لە بەهەدەردانو تاڵانکردنی سامانی ئەم وڵاتە».

## هەڵمەتی رەتکردنەوەی دەستوور بەردەوامە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

هەڵمەتی نارەزاییو رەتکردنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەردەوامەو دوێنێ ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی کۆلێژی زانستەسیاسییەکانی زانکۆی سلێمانیو گەنجانی کەلار لەرێگەی بەیاننامەیەکەوە نارەزایەتی خۆیان دژ بە تێپەڕاندنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووەوە دەربڕی.

پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان لە رۆژی ٦/٢٢دا لەرێگەی پەسەندکردنی پرۆژەیاسایەکەوە بڕیاریدا پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان لە ٧/٢٥دا راپرسی لەسەربکرێت.

بڕیارەکەی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو بۆ تێپەڕاندنی دەستووری هەرێم بەو پەلەپەلییە نارەزاییەکی گەورەی لەنێو هاوڵاتییانو رۆشنبیرانو مامۆستایانو گەنجانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکردو تادێت هەوڵەکان دژ بە بڕیارەکەی پەرلەمان روو لەزیادبوونە.

(٣١) مامۆستاو وانەبێژی کۆلێژی یاساو رامیاری لە زانکۆی سلێمانی هەڵوێستی خۆیان لەسەر تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی راگەیاندو لە بەیاننامەیەکدا نووسیویانە: «بۆچوونمان وایە باڵاترین یاسای دەوڵەت بەو جۆرەی کە پەسەندکرا لە پەرلەمانی هەرێم لەگەڵ خواستو بەرژوەندییەکانی هاوڵاتییانی هەرێم یەکناگرێتەوە». دانا عەبدولکەریم، مامۆستای بەشی یاساو پسپۆڕ لە بواری دەستوور، کە یەکێکە لەو مامۆستایانە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە بەدەر لە هەر ئاراستەیەکی سیاسی دوای خوێندنەوەی ناوەڕۆکی دەستوورەکەو تێپەڕاندنی پێمانوایە، تێپەڕاندنی دەستوور بەوشێوەیە لە بەرژەوەندی خەڵکدا نییەو بەس نییە بۆئەوەی هاوڵاتییان بیخوێننەوەو دەنگی لەسەربدەن.

هاوکات «ژمارەیەکی زۆر» لە گەنجانی کەلار لەرێگەی بەیاننامەیەکەوە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە «نا بۆ دەستووری یەکێتیو پارتی» ئاماژە بە مەترسی پەسەندکردنی ئەم دەستوورەی ئێستا دەکەن، کە یەکێتیو پارتی هەموو هەوڵێک دەدەن لەئێستادا دەنگی لەسەربدرێت.

## لیستی کوردستانی هۆڵی رۆشنبیریی داگیردەکات

**دلێر عەبدولخالق**

هۆڵە رۆشنبیرییەکانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارو لیستی کوردستانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێتو ناهێڵرێت چالاکی لیستەکانی دیکەی تێدا رێکبخرێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لە مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی بە رۆژنامەی راگەیاند: مەڵبەندی یەکێتی لە دەربەندیخان هۆڵی رۆشنبیریی ئەو قەزایەی تاوەکو (٧/٢٥) حیجز کردووەو کلیلی هۆڵەکەشیان لای خۆیان گلداوەتەوە، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی هیچ لایەنێک نەتوانێت چالاکیەکانی خۆیان لەو هۆڵەدا رێکبخەن.

لەو چوارچێوەیەشداو لەسەردانی کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ قەزای دەربەندیخان لەرۆژی (٦/٢٨)دا، رێگەی پێنەدرا لەهۆڵی رۆشنبیریی شارۆچکەکە بەرنامەی کاری خۆی بۆ دانیشتووانی ئەو قەزایە بخاتەڕوو، دواتریش بەناچاریی لەیەکێک لە کۆڵانەکانی دەربەندیخان بەرنامەی کاری خۆی بە دانیشتووان راگەیاند.

ئەم حاڵەتە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لەکاتێکدا کە ئەو هۆڵانە مولکی گشتینو سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمن.

بۆ وەرگرتنی راستی ئەو هەواڵەی گوایە کلیلی دەرگای هۆڵەکە لەلایەن مەڵبەندەوە گلدراوەتەوە، رۆژنامە پەیوەندی کرد بە حەمە قاشچی لێپرسراوی مەڵبەندی دەربەندیخان یەکێتی، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو لێدوان بداتو داوایکرد پەیامنێرێک سەردانی مەڵبەند بکات، دوای چوونی پەیامنێری رۆژنامە بۆ مەڵبەند، دیسانەوە ناوبراو هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە نەدا.

شێرکۆ حسێن قایمقامی دەربەندیخان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو هۆڵە هی وەزارەتی رۆشنبیرییەو بۆ هەر بۆنەیەک رۆژانە بە (٧٥)هەزار دینار وەردەگرێت، بۆیە ئاگاداری ئەوە نیم، کە ئایا مەڵبەند هۆڵەکەی بەکرێ گرتووە یان نا، بەڵام لەراستیدا ئەو هۆڵە شوێنی گشتییەو هەموو کەسو لایەنێک مافی ئەوەی هەیە بانگەشەو کارنامەی خۆی لەو هۆڵەدا بۆ خەڵک روونبکاتەوە. وتیشی: «هیچ لایەنێک نەهاتووە، بڵێت رێگەم پێنەدراوە لەو هۆڵەدا چالاکی بکەم، بەڵام هەر لایەنێک کە هۆڵەکەی دەیەوێت، دەبێت رۆژێک پێشتر ئیدارەی هۆڵەکە ئاگاداربکاتەوە، نەک کاندیدێک ئەمڕۆ بێتو هۆڵەکەی بۆ تەرخانبکرێت».

## «جیاوازیی زۆر لەنێوان شەهیدانی بەغداو هەرێمدا هەیە»

**ئارام نەجیم**

سەرۆکی لیژنەی قوربانییانو شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: «جیاوازی زۆر لەنێوان شەهیدانی هەرێمو بەغدادا دەکرێت»و ئەوانیش کار بۆ ئەوە دەکەن ئەو جیاوازییە نەهێڵن.

لەمیانی سەردانێکیاندا بۆ هەڵەبجەی شەهیدو کۆبوونەوە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی ئەو شارە، د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی قوربانییانو شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بەمەبەستی گوێگرتن لە داواکارییو موعاناتی کەسوکاری شەهیدانی شارەکە سەردانی هەڵەبجەی کردبوو، رایگەیاند: ئێمە هاتووین گوێبیستی کەسوکاری شەهیدانو ئەو موعاناتە بین کە هەیانە، وتیشی: «لەئێستادا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان شەهیدانی بەغداو هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە بەغدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان شەهیدەکاندا نییەو یەک ریزبەندییان هەیە، هەمووی بە شەهیدی دەستی رژێم دادەنرێن، بەڵام لە کوردستان جیاوازی هەیەو پۆلێنکردنی شەهیدەکان کراوە بۆ چەند پلەیەکو هەوڵدەدەین ئەو جیاوازییە نەهێڵین».


**مژدە .. مژدە ... هەلێکی گرنگ لەکۆمپانیای بەرێزەوە**

پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق


کۆمپانیای بەرێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا. بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی. پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنی.

پرۆژەی دڵی شار 350 یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەرێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.

خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە. جگە لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاڕی هاوچەرخ و خوێندنگە 25٪ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

لە 2009/7/1 ناونوسین دەست پێدەکات دەتوانی راستەوخۆ سەردانی کۆمپانیا بکەیت لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتون مۆڵ.

# سەرۆکی هەرێم بەدرەو جەسان لەسەر خاکی کوردستان لادەدات



محەمەد ساڵح حەمەلاو

لەسەر داوای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، هەردوو قەزای بەدرەو جەسان، وەک بەشێک لە سنووری هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا لادەبرێت، پاساوی بارزانیش بۆ دەستبەرداربوونی ئەو ناوچانە: «پێکهێنانی هەرێمی باشوورە کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە بەنیازی پێکهێنانین‌و بــەدرەو جەسانیش دەکەونە ئەو سنوورەوە»».

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی زەمان ئاماژە بەوە دەکات لە دەستووری هەرێمدا بــەدرەو جەسان لە چوارچێوەی سنووری هەرێمدا دیاری نەکراوە کە پێشتر حکومەتی هەرێم داوای دەکرد بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دەشڵێت: «هۆکاری ئـەو سـازشـکـردنـەی حکومەتی هەرێم لەبەرخاتری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە کە هاوپەیمانمانەو دەیانەوێت لە باشووری عێراق هەرێمێکی فیدراڵی بەناوی هەرێمی باشوورەوە پێکبهێنن»

ئەم لێدوانەی سەرۆکی هەرێم لەکاتێکدایە کە لە مادەی دووەمی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بە سنووری هەرێم کراوە کە پێکدێت لە سنووری کارگێڕیی ئێستا بە پارێزگاکانی دهۆک‌و کەرکوک‌و سلێمانی‌و هەولێر بە قەزاکانی ئاکرێ‌و شێخان‌و شەنگال‌و تەلکێف‌و قەرەقوش‌و ناحیەکانی زوممارو بەعشیقەو ئاسکی کەڵەکی پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین‌و مەندەلی لە پارێزگای دیالە ئەمانەش بە سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی (١٩٦٨)یانەوە.

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد لە دەستووری پێیشوودا ئاماژە بە ناوچەکانی بەدرەو جەسان کراوە.

دەربارەی هۆکاری لابردنی ناوچەکانی بەدرەو جەسانیش لە دەستووری هەرێمدا ئەندامەکەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئاشکرایکرد کە «دوای ئەوەی لیژنەی باڵای نووسینەوەی دەستوور لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا کۆبوونەوە ئەو گۆڕانکارییە کراو سنووری بــەدرەو جەسان لە دەستووری هەرێمدا نەما»، وتیشی: «هەرچەندە ئێستا زۆربەی مەسەلە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش‌و رێککەوتن وەستاوە، بەڵام ناکرێت سازش لەسەر بستێک خاکی کوردستان بکرێت».

لە رەشنووسی پێشووی دەستووری هەرێمی کوردستاندا کە لە (٢٠٠٦/٨/٢٢)دا بڵاوکراوەتەوەو لەبڕگەی یەکەمی مادەی دووەمیدا ئاماژە بەقەزای بەدرەو ناحیەی جەسان لە پارێزگای واست کراوە، کەبەشێکن لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان‌و دەبێت بەپێی سنووری کارگێڕی ساڵی (١٩٦٨) بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لەدوایین رەشنوسدا کە رۆژی (٦/٢٤) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا ئەو بڕگەیە لابراوە.

ئەحمەد شەبەک، نوێنەری موسڵ لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە پێویستی دەزانێت «حکومەت‌و سەرکردایەتی کورد داکۆکی لەهەموو ناوچە دابـڕاوەکـان بکەن بەبێ جیاوازی، ناوچەی بەدرەو جەسانیش کوردی فەیلی تێدا نیشتەجێیەو ئەوانیش کوردن‌و پێویستە پارێزگاری لە مافەکانیان بکرێت».

بەپێی مـادەی (١٤٠)ی دەسـتـووری هەمیشەیی عێراق دوای ئەوەی ماددەکە جێبەجێدەکرێت هەموو ئەوناوچانەی پێشتر لەهەرێمی کوردستان دابـڕاون پێویستە بگەڕێنرێنەوە سەر سنووری هەرێم، ئەمە جگە لـەوەی دانیشتووانی ئەوناوچانەش خۆیان دەتوانن لە رێگەی راپرسییەوە داوابـکـەن بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەحمەد شەبەک ئاماژەی بەوەشکرد کە «مافی هیچ کەسێک نییە سازش لەسەر بستێک خاکی هەرێم بکات‌و ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەرێم دابـبڕێت، بەڵکو ئەوەمافی خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بـدەن، کە ئاخۆ لە چوارچێوەی هەرێمدا دەمێننەوە یان نا».

وتیشی: «لە سیاسەتدا ئاساییە سازش لەسەر هەندێک مافی خۆت بکەیت، بەڵام ناکرێت بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر جێگیرەکان (ثوابت) بکرێت وەک خاکو نەتەوە».

# لە کۆمەڵگای فەرمانگەکانی هێرۆ، بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکرێت

دلێر عەبدولخالق

لیستی کـوردسـتـانـی کۆمەڵگای فەرمانگەکان‌و بازگەی گومرگ‌و بنکەی تەندروستی ناحیەی هێرۆی قـەزای پشدەر (قــەڵادزێ) بۆ پڕوپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێت، ئەوە لەکاتێکدایە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا، «نابێت بەهیچ شێوەیەک شوێنە گشتی‌و حکومییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن».

سەرچاوەیەک لە ناحیەی هێرۆ بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەزۆربەی شوێنە گشتی‌و حکومییەکانی ئەو شارۆچکەیەدا بانگەشەی هەڵبژاردن‌و ریکلام بۆ لیستی کوردستانی کراوە». لەوانەش کۆمەڵگای فەرمانگەکان کە بەڕێوەبەری ناحیەو چەند فەرمانگەیەکی دیکەی تێدایە، هەروەها لە بازگەی گومرگی هێرۆش پۆستەرو لافیتەی لیستی کوردستانی هـەڵـواسـراوە، هاوکاتیش لەبنکەی تەندروستی شارۆچکەکەش بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی کراوە.



فۆتۆ: رۆژنامە

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، نابێت هەندێک شوێن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربێت، وەک وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرێتی‌و فەرمانگە حکومییەکان‌و بیناکانی دیکەی وەک قایمقامییەتەکان‌و ناحیەو ئاسایش‌و پۆلیس، بەڵام لەکاتی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردنی کوردستان چەندین حاڵەت بوونی هەیەو هەبووە، کە پێچەوانەی یـاسـاو رێنماییەکانی کۆمسیۆنەو لەبەرامبەریشدا هیچ ئیجرائاتێک بەرامبەر ئەو لایەنانە نەکراوە.

بـۆ وەرگـرتـنـی بۆچوونی حسێن ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی هێرۆ، رۆژنامە چەندینجار پەیوەندی پێوەکرد، بەڵام وەڵامی نەبوو.

# «ئەوانەی خانووی کۆن وێراندەکەن، خیانەتکارن»

ستارە عارف

«خەریکە بـەتـەواوی شوێنەوارە دیرۆکیەکانمان وێراندەکرێت، بەتایبەتی لەهەولێری پایتەخت»، ئەمە بەشێکە لـە بەیاننامەیەکی کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارە کۆنەکان لە هەرێمی کوردستان، کە بەناوی «وەرن باپێکرا پێش لە بەربەریزمی دەسەڵاتدارانی کوردی بگرین»، دەستیانپێکردووە.

بەپێی پەیمانی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٦ دەبێت شوێنەوارەکان کە پێکهاتووە لە خانووی نەخشدارو گەڕەکی کۆن‌و شوێنیتر بپارێزرێن.

بەپێی بەیاننامەکە «رۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ بە بڕیاری پارێزگاری هەولێر ٣٥ خانوو لە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر تەخت دەکرێت، بۆئەوەی شەقامو پردێک بۆ ماستەرپلانی هەولێر کە ئامانجی سەرەکی بەهێزکردنی پایەی بـازاڕی نیشتیمانە ئەنجام بدات‌و ٦/١٤یش پارێزگار تیمێکی ناردووە بۆ گەڕەکی خانەقای کۆنی ئەو شـارەو خێزانەکانی ناونووسکردووە کە لەو گەڕەکە دەردەکرێن‌و زەوییان بەسەردا دابەشدەکرێت، لەگوندی باخەمرە کە لەولای دارەتووەوەیەو ئەو گوندەش بەعس لەکاتی ئەنفالدا تەختی کردووە».

عەبدولڕەقیب یوسف، مێژووناس، وتـی: «لــەدوای راپـەڕیـنـەوە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە ئەم وێرانکردنە دەستی پێکردووەو تائێستا بەردەوامە، لەکاتێکدا ١٩٨١/٤/١ ســەدام بڕیاری وێرانکردنی گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی دابـوو»، ئەو ئەمە بە درێژکراوەی ئەو سیاسەتە دەزانـێـت‌و پێیوایە «چۆن دەبێت دەستی دەوڵەمەندە برسییەکان ئازادبن لە وێرانکردنی مێژووماندا، کە زیانە دژ بە مێژوو و کەلەپوری کوردو لەهەمانکاتدا تێکدانی گۆڕستانەکان بەنموونە دەهێنێتەوە بەتایبەتی گۆڕستانی گردی جۆگە لەسلێمانی کە گۆڕی زێوەری شاعیرو چەندین کەسایەتی تری تێدا بووەو لەلایەن شارەوانییەوە وێرانکراوە.

هـەروەهـا وتیشی: «ئـەو کەسانەی خانووەکۆنەکان دەڕووخێنن بەرامبەر بە نیشتیمان تاوانبارن‌و بەپێی پەیمانی نێودەوڵەتی تێکدانی یەک خانووی کۆن خیانەتە».

## دەستووری هەرێم لەنێوان ناڕەزایی‌و شانازیدا

# «دەبێت سەرۆکی هەرێم لەماوەی سەرۆکایەتیدا سەرکردەی حیزب نەبێت»

پشتیوان سەعدوڵڵا

سەدان رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی‌و ناوەندو پارێزەرو رۆشنبیرو هاوڵاتیان، پەسەندکردنی دەستوور رەتدەکەنەوەو تائێستاش هەوڵەکان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامە، ئەمەش دوای ئەوەی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستان بڕیاریدا لە (٢٥)ی تەمووزی داهاتوودا راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت، لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا هاوکات بەرپرسانی هەرێم بە شانازییەوە باس لە پەسەندکردنی دەستوور دەکەن.

رۆژی (٦/٢٢) پەرلەمانی (مـاوە بـەسـەرچـوو)ی کـوردسـتـان یەکەمی یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی پەسەندکرد، بەپێی ئەو یاسایە رۆژی (٧/٢٥) هـاوکـات لەگەڵ هەڵبژاردنی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان‌و سـەرۆکـی هـەرێـم، پـرۆژە دەسـتـووری هەرێمی کوردستان دەخرێتە راپرسییەوەو لەلایەن هاوڵاتییانی سێ پارێزگاکەی هەرێمەوە دەنگی لەسەردەدرێت، دواتریش رۆژی (٧/٢٤) بەدەنگی (٩٦) پەرلەمانتارو یەک دەنگی دژ، پەرلەمان پرۆژەی دەستووری بە چەپڵەڕێزان پەسەندکرد، بە بێئەوەی ئەندامانی لیژنەی پـێداچـوونـەوەی دەسـتـوورو ئـەنـدامـانـی پـەرلـەمـان دەستوورەکەیان ببینیبێت.

بڕیاردانی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر دەستوور لە (٧/٢٥) ناڕەزاییەکی زۆری لە شەقامی کوردیدا دروستکردو لەماوەی یەک هەفتەدا دەیان بەیاننامەی ناڕەزایی لـەلایـەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و نووسەرو رۆشنبیرو گەنجان‌و چین‌و توێژەکانی کوردستانەوە دژی ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو بڵاوکراوەتەوەو تائێستاش هەوڵەکان بەردەوامن.

لەگەڵ ئەو شەپۆلە ناڕەزاییەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم، بەڵام بەرپرسانی هەرێم بە شانازییەوە باس لە پەسەندکردنی دەستوور دەکەن‌و دەنگە ناڕازییەکانیش بە «ناحەز» لە قەڵەم دەدەن.

رۆژی چـوارشـەمـمـەی رابـردوو لە ئاهەنگی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وتی: «بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ دەستووری کـوردسـتـان پـەسـەنـدکـراو لـە (٢٥ی تەمموز)یشدا دەنگی لەسەر دەدرێـت‌و دەبێتە چقڵی چاوی دوژمنان».

رۆژنامەنووسان ئەم جۆرە قسانەی بەرپرسانی هـەرێـم بـۆ لوتبەرزی‌و بێمنەتی بەرپرسان بەرامبەر گەلەکەیان دەگەڕێننەوەو پێیانوایە ئەو جۆرە گوتارە هەڵەی گەورەی بەرپرسانە.

کـەمـال رەئـوف، سـەرنـووسـەری رۆژنـامـەی هـاوڵاتـی، بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: «خۆشبەختانە یەکێتی‌و پارتی نە تورکیا دوژمنیانە، نە ئێران‌و سوریاو عێراق دوژمنیانە، تەنانەت بەعسییەکانیش دوژمنیان نین، ئیتر سەرۆکی هەرێم بۆچی دەڵێت، ئەوە دەستوورمان پەسەندکرد بە چقڵی چاوی دوژمنان، من لە سەرۆکی هەرێم دەپرسم دوژمنان کێن؟، ئەگەر مەبەستیان ئـۆپـۆزسـیـۆن‌و خەڵکو جـەمـاوەرە، ئـەوە بەڕاستی هەڵەیەکی گـەورەو کوشندەیە»، چونکە بەوتەی سەرنوسەری هاوڵاتی «لە کوردستاندا تەنیا ئۆپۆزسیۆن هەیەو دەنگێک هەیە کـە دژی پەسەندکردنی دەسـتـوورە بەو پەلەپەلییەی ئێستا، دیـارە ئەوان ئۆپۆزسیۆن بە دوژمن دەزانن، بۆیە ئەو قسانە دەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد «یەکێتی‌و پارتی تووشی لوتبەرزی‌و منەتکردن بوون‌و پێیانوابوو خەڵکی کوردستان هەمان خەڵکی ساڵەکانی نەوەدەکانن تا بە ئاسانی بیخەڵەتێنن‌و پەلکێشیان بکەن بۆ دەنگدان، «خەڵکی کوردستان بە ئاسانی تەسلیمی ئەو بەڵێنانەی دەسەڵات نابێت».

ســـــەرەڕای چــەنـدیـن دەنـگـی ناڕەزایی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم، بـەڵام دواجـار پەرلەمان کۆمسیۆنی بـاڵای ئـاگـادارکـردووەتـەوە بۆئەوەی ئامادەکارییەکانی بکات بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە.

ئاسۆس هەردی، نوسەرو بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنە، ئەو رستەیەی سـەرۆکـی هـەرێـم کـە دەڵـێـت: «ئـەوە دەستوورمان پەسەندکردو دەبێت بە چقڵی چاوی دوژمنان»ی، بەلاوە سەیرەو ئاماژە بـەوە دەکـات «ئاخۆ مەبەستی سەرۆکی هەرێم لە ناحەزان کێ بێت، ئایا ئەو کەسانەی کە دژی پەسەندکردنی دەستوورن، ئیتر ئەو کەسانە ناحەزن، ئەمەیە مانای ئازادی رادەربڕین، من پێموایە دەستوور نەشێوەی پەسەندکردنەکەی‌و نە ناوەڕۆکەکەی بە کەڵکی ئێمە نایەت».

وتیشی: «لە کوردستاندا تائێستا پۆستی حکومی‌و حیزبی لێکجیانەکراونەتەوە، سەرۆکی هەرێم سەرۆکی حیزبیشە، ئەوە یەکێکە لە کەموکورییەکانی دەستوور، پێویستە سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەموو هاوڵاتییەک بێت‌و جیاوازی لەنێوان کەسدا نەکات، بۆیە دەبێت لە دەستووردا ئەوە هاتبێت کە سەرۆکی هەرێم دەست لە پۆستی سەرۆکی حیزب بکێشێتەوە، ئەم جۆرە تێگەیشتنەی دەسەڵات لە دەستوورو لە دیموکراسی، هیچ پەیوەندییەکی بەو قسەیەوە نییە، کە دەڵێن باوەڕمان بە دیموکراسییەتە».

دەرفەتی زێڕین

# «ئەوانەی دەنگ نادەن، تەنیا یارمەتی باڵادەستیی دوو هێزەکە دەدەن»

فەلاح نەجم

نووسەرو شیکەرەوە سیاسییەکان پێیانوایە ئێستا لە هەمووکات زیاتر «دەرفەتی زێڕین بۆ هاوڵاتییان هاتووەتە پێش تا لە ڕێگای دەنگدانەوە، خۆیان لەو بارودۆخە «نالەبارە» ڕزگاربکەن کە دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان دروستیانکردووە، هاوکات ئەرکی سەرشانیشیانە بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

بڵاوبوونەوەی نارەزایی لە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەهۆی خراپی ئەدای حوکمڕانییانەوە لەماوەی (١٨) ساڵدا کە لەچەند هەڵبژاردنێکدا بەهۆی نەبوونی ڕکابەری بەهێزەوە لەبەردەم دەسەڵاتی ئەم دوو هێزەدا هەڵبژێردرانەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی و ناعەدالەتی لەناو ئەو حکومەتانەی دروستیانکردن لەم چەند ساڵەی دواییدا نارەزاییەکان گەیشتنە لوتکە، بەجۆرێک خەڵک لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردن ساردبوونەوە، بەڵام بەهۆی هاتنەمەیدانی ڕکابەری بەهێزەوە هاوڵاتییان چاوەڕوانی ڕۆژی هەڵبژاردن دەکەن.

ڕێبین هەردی نووسەرو شیکەرەوەی سیاسی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە دەڵێت «نەچوونی خەڵک بۆ هەڵبژاردن یەکێکە لەو هۆکارانەی دوو هێزەکە وا لێدەکات هەمیشە بەخۆشبینییەوە بەرەو هەڵبژاردن بچن، خەڵکی ئێمە لەبری ئەوەی چالاکانە لە هەڵبژاردندا بەشدارییبکات‌و دەنگ بۆ هێزێکی جیاواز لە لیستی دوو حیزبەکە بدات، بەمەش نارازیبوونی خۆی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ‌و چالاکانە بگەیەنێت، نەچوون بۆ هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێت کە بەمەش یارمەتی سەرکەوتنی لیستی دوو هێزەکە دەدەن».

لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا هاوڵاتییان بە حەماسەوە دروشم بۆ ئەو لیستانە دەڵێنەوە کە ڕکابەری پارتی‌و یەکێتین، بەتایبەت لیستی گۆڕان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هاوڵاتییان دەیانەوێت وەک ماف‌و ئەرکی خۆیان گۆڕانکاریی لە بارودۆخەکەدا بکەن کە دەسەڵات دروستیکردووە.

ڕێبین هەردی وتیشی: «خەڵکی ئێمە هەر هەموویان لەم دۆخە بەرپرسیارن، هەر هەموومان بەرپرسیارین لەوەی وڵات بەمشێوە نادیموکراتی‌و نادادپەروەرییە بەڕێوەدەچێت، چونکە ئێمە دەتوانین لەڕێی هەڵبژاردنەوە گۆڕان دروستبکەین‌و نایکەین، دەتوانین لەڕێی هەڵبژاردنەوە بە دوو هێزەکە بڵێین چیدی ئەم سیستمە سیاسییەمان قبوڵ نییە کە تیاییدا مافی هاوحیزبی، نەک مافی هاوڵاتی پایەی سەرەکی پێکدەهێنێت، خەڵکی ئێمە بە نەچوونیان بۆ هەڵبژاردن‌و تەرجەمەنەکردنی نارەزاییەکانیان بە دەنگدان، بەشدارو بەرپرسیارن لەم دۆخە نالەبارەی هەمووان دەمانەوێت بگۆڕێت‌و وەک خۆی نەمێنێتەوە».

جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گرنگە هاوڵاتییان بەشداریی چالاکانە لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن‌و دەڵێت: «ئەوانەی دەڵێن ناچین بۆ دەنگدان‌و دەنگ بۆ هیچ کەس نادەین، تەنها یارمەتی باڵادەستی دوو هێزە سیاسییەکە دەدەن‌و تەنها کارێکیش دەیکەن درێژەدانە بەم سیستمە حیزبۆکراتییەی پڕە لە نادادپەروەری، گەندەڵی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات‌و ناڕوونی، یەکێک لەو شتانەی دەبێت فێری بین ئەوەیە هەڵبژاردن بەجدی وەربگرین‌و هەوڵبدەین رای خۆمان، نارازیبوون‌و ڕەخنەمان لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە ڕاگەیەنین».

لە زۆربەی دەوڵەتە دیموکراسییەکانی دونیادا، هاوڵاتییان چوار ساڵ جارێک چانسی ئەوەیان دەدرێتێ کە دەسەڵات‌و فەرمانڕەواکانی وڵات بگۆڕن، کە ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان خەڵک بەرپرس دەکات لەوەی کە بەشێکی خراپی بارودۆخەکەی بکەوێتە ئەستۆ، چونکە دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسی دەدات کە ناتوانێت لە ئاست پێداویستییەکانی خەڵکدا بێت، یان ناچێت بۆ دەنگدان ئەمەش وادەکات قەوارەیەکی سیاسی خراپ حکومەت بگرێتە دەست.

شوان ئەحمەد نووسەرو ڕۆشنبیر پێیوایە «دەبێت هاوڵاتییان هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغە گرنگ‌و چارەنووسسازەدا بکەن، لایەنیکەم واز لەو پرتەوبۆڵانە بهێنن کە لە پەناو پەستێوەکاندا دەیکەن، یان بە ئاشکرا دەیکەن، بە هەند وەرنەگرتنی ئەم قۆناغە بەهەدەردانی دەرفەتێکی زێڕینە، بەخشینەوەی شەرعیەتە لەسەر سینییەکی زێڕین بەپارتی‌و یەکێتی‌و قوڵکردنەوەی زیاتری ئەو کێشانەیە کە ئێستا لە کوردستان هەن».

بە بڕوای شارەزایانی سیاسی، ئێستا لە کوردستان دەرفەتێکی تەواو لەبەردەم هاوڵاتییاندایە، هیچ مەترسییەک لەم هەرێمەدا نییە کە ڕێگر بێت لە نوێبوونەوەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هاوڵاتییان لە ڕێگای دەنگدانەوە دەتوانن گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستاندا بکەن، چونکە بەهیچ شێوەیەک کەس ناتوانێت ناچاریان بکات، بۆئەوەی دەنگ بە لیستێکی دیاریکراوبدەن.

شوان ئەحمەد پێیوایە «کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی تازەدایەو خۆشبەختانە ڕەنگە ئێمە چانسمان لە هاوڵاتییانی ئێران‌و سوریاو فەلەستین‌و تورکیا باشتربێت، لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا، ئێمە هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەینە سەبەتەی هێزە مەزهەبی‌و ئاینییەکان، دەکرێت لە ڕێگەی دەنگدانەوە ئەم غروریەتەی پارتی‌و یەکێتی بشکێنین».

# بانگەوازێک لە لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانییەوە

دوای ئەوەی لەسەر ئاستی وەزارەتی ناوخۆو هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی ئەمنیی باڵا پێکهێنرا، لەلایەن پارێزگای سلێمانیشەوە لیژنەیەکی ئەمنیی بۆ پارێزگاکە پێکهێنراوە بە بەشداری هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش‌و نوێنەری لیستەکان‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

دوێنێ دوای کۆبوونەوەی لیژنەکەی پارێزگای سلێمانی ئەم ڕێنماییانە بۆ هاوڵاتیان سنووری پارێزگای سلێمانی ڕاگەیەنرا:

١. لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا گیانی یەکتری قبوڵکردن پەیڕەوبکەن‌و بانگەشەکان لە سنووری یاسایی شارستانی تێپەڕنەکات.

٢. با بانگەشەت بۆ لیستەکەت نەبێتە مایەی بێزارکردنی هاوڵاتیانی ناوچەکەت‌و دانیشتووانی ئەو سنوورەی کە بانگەشەی تێدا دەکەیت.

٣.ڕێزگرتن لەهێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیسی ناوخۆو پابەندبوون بە ڕێنماییەکانیانەوە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکەیە، بۆیە بەئەرکی سەرشانی هەموو لایەکی دەزانین ئەو ڕێنماییانە جێبەجێبکەن.

٤. پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتووچۆو کارئاسانیکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان‌و ڕێزگرتن لە کارمەندانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە.

٥. هەڵگرتنی هەموو جۆرە کەلوپەلێک کە ببێتە مایەی بریندارکردن یان کوشتن بە هەموجۆرێک قەدەغەیە.

٦. ڕێزگرتن لە کەسایەتی‌و مافی گشتی هاوڵاتیان ئەرکی سەرشانی هەمووولایەکەو بێزارکردن‌و ڕێزنەگرتن بەهەموو جۆرێک قەدەغەیەو لێپرسینەوەو لێپێچینەوەی بەدواوەیە.

٧. داوا لەسەرجەم لیست‌و قەوارە سیاسییەکان دەکەین هاوکاربن بۆ پاراستنی ئاسایشی شار.

# لە دەربەندیخان هۆڵ نادرێتە کاندیدێکی سەرۆکی هەرێم بۆ کۆڕگێڕان

مەریوان دەربەندیخانی

بە بیانووی ئەوەی هۆڵەکە بۆ ماوەی یەک مانگ گیراوە بۆ لیستی کوردستانی، ڕێگا بە د. کەمال میراودەلی نادرێت لە هۆڵی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان کۆڕبگێڕێت‌و بانگەشە بۆ خۆی بکات وەک کاندیدێکی پۆستی سەرۆکی هەرێم.

د. کەمال میراودەلی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پاش ئەوەی کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخش لە دەربەندیخان هەستان بە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆڕێک، هەوڵی وەرگرتنی هۆڵی ڕۆشنبیرییان دابوو، بەڵام دواجار پێیانوترابوو کە هۆڵەکە بۆ ماوەی یەک مانگ دراوە بە لیستی کوردستانی».

وتیشی: «سەردانی قایمقاممکرد، ئەویش هەوڵی وەرگرتنی هۆڵی ڕۆشنبیری بۆ دام، هەوڵی ئامادەکردنی ئۆتۆمبێلی بۆ هاوڵاتییان بۆدابن، بەڵام دوای ئەوە مەڵبەند بەمەیانزانی ڕێگایان پێنەدابن بەبەستنی ئەم کۆڕە»و پێیوایە «لەو شارە دەسەڵاتی مەڵبەند لە قایمقام زیاترە».

هاوکات ڕێبین عومەر ئامادەکاری کۆڕەکەی د. کەمال وتی: «لە ڕۆژی پێنجشەممەوە هەوڵی وەرگرتنی هۆڵی ڕۆشنبیرییان داوە، سەرەتا بە بیانووی ئەوەی کە هیچ کەس‌و لیست‌و لایەنێک نابێت شوێنی حکومی بەکاربهێنێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، هۆڵەکەمان پێنەدراوە. دواتر مەلابەختیار سەردانی دەربەندیخانی کردو، هۆڵی ڕۆشنبیرییان بۆ تەرخانکرد بۆ بانگەشەی لیستی کوردستانی، کە بۆ ماوەی یەک مانگ هۆڵەکەیان پێداون، ئەمەش دژی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەو دژی دیموکراسییە کە خۆیان بانگەشەی بۆدەکەن».

ڕێکخەری کۆڕەکە ئاماژەی بەوەشکرد سەردانی شارەوانیی دەربەندیخانیان کردووە بۆ وەرگرتنی پارکی شار کە لە ناوەڕاستی شاری دەربەندیخاندایە، سەرۆکی شارەوانی ئامادە نەبووە ئەو پارکەیان بداتێ.

سەبارەت بە ڕێگەنەدان بە ڕێکخستنی کۆڕەکەی د. کەمال میراودەلی لە هۆڵی ڕۆشنبیری، فاروق سابیر بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی دەربەندیخان وتی: «هۆڵی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان بۆ ماوەی مانگێک لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بە کرێ گیراوە، دوای ئەوە د. کەمال میراودەلی نوێنەری ناردووەو داوایانکردووە هۆڵەکەیان پێبدرێت، بۆ ئەمەش لە ڕووی یاساییەوە لیستی کوردستانی هەقی خۆیانە، چونکە ئەوان پێشتر هۆڵەکەیان گرتووە».

# دەستوور، سیستمی حوکمڕانی هەرێم بەرەو دیکتاتۆرییەت دەبات

نیان مەجید

پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمان‌و لەکاتی بەسەرچوونیدا کاردانەوەی زۆری دروستکرد، بەتایبەت لەلایەن چاودێرانی یاسایی‌و سیاسییەوە، هەندێک لە پسپۆڕانیش لەوبڕوایەدان پەسەندکردنی دەستوور لەم کاتەدا مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیەو هەندێک دەسەڵاتی گرنگ‌و زۆر دەدات بە سەرۆکی هەرێم‌و بە «دیکتاتۆرکردنیەتی».

هەرچەندە کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەوبڕوایەدایە کە مادەی (٥٩)ی دەستوور کێشە لە دەقی نووسینەکەیدا نییەو «ئەوەی کە نوسراوە تەواوەو بە یاسا ڕێکدەخرێت، جگە لەوەش دەستوور پرەنسیپە، بەڵام یاسا ڕێسایە، کە دەستوور دادەنرێت وەک پرەنسیپێکەو یاساش بەوردی لەسەری دەنووسرێت‌و باس لە هەموو مەسەلەکان دەکات»، پێیوایە ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆکی هەرێم هەیەتی زۆربەی مەسەلەی پرۆتۆکۆڵییە، وەک هەڵوەشانەوەی پەرلەمان کاتێک نیوەی زیاتری پەرلەمان لەچەند دانیشتنێکدا ئامادەنەبن.

بەڵام ئاریان محەمەد، پسپۆڕی یاسای فیدراڵی، پێیوایە «زۆربەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا زیادە»، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتێک دەبەخشێت بە سەرۆکی هەرێم کە سروشتی سیستمی فەرمانڕەوایەتی لە سیستمی پەرلەمانییەوە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی، یاخود سیستمێک کە تێکەڵەیە لە دەسەڵاتی پەرلەمانی‌و دەسەڵاتی سەرۆکایەتی.

بەپێی مادەی (٥٩) لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا «دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان‌و ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت‌و دەسەڵاتەکەشیان بەپێی دەستوورو یاسا پیادە دەکەن»، چاودێرانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەک ناوەڕۆک بەپێچەوانەی وتەکانی ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوەیە، دەقی نووسینەوەکەش هەڵەی تێدایە.

لە مادەی ٥٩ی دەستووردا ئەوە خراوەتەڕوو کە سەرۆکی هەرێم بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەبڕوای ئاریان ئەوەش جەختکردنە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراوەیەکی تەشریفاتی نییەو بەپێچەوانەوە دەسەڵاتێکی فیعلی بەدەستەوەیە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، «ئەو کاتەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆکایەتی هەرێمەوە پیادە دەکرێت‌و ئەم هاوبەشیبوونەش پێگەیەکی زیاتر دەدات بە سەرۆکی هەرێم لەدەسەڵاتدا».

جگە لە زۆریی دەسەڵاتدان بە سەرۆکی هەرێم هەندێک خاڵی دیکە لە دەستووری هەرێمدا هەیە کە لەگەڵ دەستووری عێراقی ناکۆکن‌و دەشێت ڕای جیاوازی لێبکەوێتەوە.

کەریم بەحری، نکۆڵی لەوە نەکرد کە دەستووری هەرێم کەموکورتی تێدایەو وتی: «زۆر خاڵی تێدایە کە زۆرباشن‌و دەستکەوتی باشی هەیە بۆ کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر من بمنووسیایە زۆر لەوە پێشکەوتووتر دەبوو، بەڵام ئەم دەستوورە لەسەر خواست‌و ویست‌و ئیرادەی پێکهاتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی‌و مەزهەبییەکانی کوردستان نووسراوەتەوە، بێگومان ڕەخنەی زۆریشی لەسەرەو ئەگەر ڕەخنەی لەسەر نەبێت ئەوا دەبێت بکەوینە گومان لە خۆمان».

هەروەک بەحری ئەوە بە گرنگ دەزانێت کە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت «دەستوورێکی کرچوکاڵ زۆرباشترە وەک لەوەی کە هیچمان نەبێت»، تێپەڕاندنی دەستووریشی لەم خولەی پەرلەماندا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لیژنەی یاسایی کاری زۆریان بۆ دەستوور ئەنجامداوەو «ئەگەر بهێڵرایەتەوە بۆ پەرلەمانی داهاتوو ئەوا زۆر راو سەرنج لەدەست دەچوون‌و دەبوایە جارێکی دیکە لە سفرەوە دەستپێبکرایەتەوە».

سەرباری ڕەخنەی پسپۆڕان بەشێک لە هاوڵاتییان‌و ڕۆشنبیرو ڕووناکبیران ڕەخنەیان لەو دەستوورە هەیەو لەوبڕوایەدان دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆکی هەرێمدا کورتدەکاتەوەو سیستمەکە بە دیکتاتۆری دەکات.

هەرچەندە بە بۆچوونی کەریم بەحری دەسەڵات بەخشین بەسەرۆکی هەرێم لە دەستووری هەرێمدا نابێتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بەوپێیەی دەسەڵاتەکان دیاریکراون، چونکە مادەیەکی تر هەیە دەڵێت: «ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە دەستوور لایدا ئەوا لەلایەن دادگای دەستوورییەوە تۆمەتبار دەکرێت‌و دەبێت پەرلەمان لایبەرێت».

بەڵام ئاریان محەمەد، پێیوایە پەسەندکردنی دەستوور کێشەیەکی گەورەی لە کوردستاندا هێناوەتە ئاراوە، بەوپێیەی دەستوور خۆی بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات‌و یاسایەکە کە ئاراستەی دەسەڵاتدار دەکرێت‌و پابەندی دەکات بە یاساوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا سیستمی سەرۆکایەتی سیستمێکی نەگونجاوە بەحوکمی ئەوەی «ئەم سیستمانە سیستمێکی زۆر دیکتاتۆرەو ئەگەر بەدامەزراوەیی بکرێن‌و لە چوارچێوەی دەستووردا فۆرمەلە بکرێن‌و ببنە دامەزراوەیەکی یاسایی، ئەوکاتە دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەکی دەستووریی پیادەدەکات، ئەمەش قەیرانێکی سیاسی گەورە لەکوردستاندا دەخولقێنێ».

# ...ـەرلەمان بەبێ بنەمای یاسایی تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە

کەواتە بەهیچ شێوەیەک وجوودی نەماوەو لە دەرەوەی تایبەتمەندی خۆیدا کار دەکات، کەواتە ناتوانێت هیچ کارو کردەوەیەک بکات، دەرکردنی هەر یاسایەک بەیاسای بودجەشەوە بەڕای من بنەمای یاسایی نییە، چونکە ئیتر ئەم شتە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام کە تەمەنی پەرلەمانەکە درێـژ دەکرێتەوە بۆ ئـەوەی بڕیار لەسەر پرۆژەیەکی گرنگی وەک دەستوور بـدات، بەڕاستی ئەمەش جێگەی پرسیارە، بۆچی پەرلەمانی عێراق کە یەکەم ئەزموونیشیان بوو لە دوای رووخـــان، توانییان لەماوەی ساڵی یەکەمدا دەستووری خۆیان دابنێن‌و بیخەنە راپرسییەوە، بۆچی پەرلەمانی کوردستان چوار ساڵە ئەمەی خـەوانـدووەو ئێستا دەیەوێت تێیپەڕێنێت، تۆ کە هەژدە ساڵە دەستوورت نییە، بەم مانگە چی دەبێت؟ ئەو میکانیزمەشی کە دایان نـاوەو دەڵێن دەبێت بخرێتە راپرسییەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ رۆحی دەستووری عێراقی، تەنانەت ئەو دە هەزار پێشنیازەش کە خۆیان دەڵێن وەرمان گرتووەو سوودمان لێ بینیوە، بەپێچەوانەوە ئەو شتە بنەڕەتییانەی کە گرفتی بنەڕەتی بوون لە پرۆژەکەدا، لە پرۆژەکەدا هەرماوە.

مـن وەک کەسێک کـە لەسەر پـــرۆژەکـــە قـــســـەم کــــــردووەو پـرۆژەیـەکـیـشـم لـەسـەر دانـــاوە، ئەوەم باس کردووە، وەک شێوازی هـەڵـبـژاردنـی سـەرۆکـی هـەرێـم‌و دەسەڵاتە زۆرەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم‌و تێکچوونی باڵانس لەنێوان دەسەڵاتەکان‌و هتد، لەوانەیە هەندێ شتی لاوەکییان چارەسەر کردبێت، بەڵام زۆرشت چارەسەر نەکراوەو ئەم دەستوورە ناتوانێت دیموکراتی لـە کـوردسـتـانـدا بـەدی بهێنێت. نموونەشمان بۆ ئەم جۆرە دەستوورە فەرەنسایە، کاتێک (جەنراڵ دیگۆل) بۆ تموحی شەخسی خۆی لەمجۆرە دەستوورەی داتاشی‌و تێکەڵەیەکی سەیری لەنێوان بنەماکانی سیستمی پەرلەمانی‌و بنەماکانی سیستمی سەرۆکایەتی، بەڵام فەرەنسا پێویستی بە جۆرە کەسایەتییەکی بەهێز بوو، بۆیە جەنراڵ دیگۆلیان هێناو ئەویش وتی: بە مەرجێک دێم کە دەستوورێک دابنێم بە ئارەزووی خۆم بێت‌و بەقەد ئاستی تموحی خۆم بێت، ئەوەبوو ئەو دەستوورەی دانا کە لەناو هۆڵەکەدا نووسرابوو دەسـتـووری (جەنراڵ دیگۆل)، کە دواجـار مەبەستی بوو تموحە شەخسییەکانی خـۆی لەو دەسـتـوورەدا جـێ بکاتەوە، بەڵام ئەوەبوو ئەم دەستوورە نەیتوانی دیموکراسی بەدی بهێنێت.

**رۆژنامە: بەڵام لە فەرەنسا ئەگەر دەستوور بۆ بەرژەوەندی جەنراڵ دیگۆل وابووە، ئەی لە کوردستان لەبەرژەوەندی کێ دایە؟**

* مەبەستم لـەوەیـە کـە ئەم نموونەیەی کە باسمان کرد رێک نموونەیەکە لە دەستووری فەرەنسی، من نامەوێت ناوی کەس بهێنم، بەڵام دەڵێم دەیانەوێت ئەم دەستوورە دابتاشن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، هیواداریشین سـەرۆکـی هەرێم لەئاستی مێژوویدا بێت‌و نەهێڵێت بەناوی ئەوەوە شتێکی وا دابتاشرێت، خۆیان بکەن بە جـۆرج واشنتن‌و هـەتـا هەتایە لـە دڵ‌و دەروونـــی ئێمەدا بمێننەوە، ئەو کەسانەی کە ئەم پرۆژەیەیان دانـاوە لیژنەیەکن لەلایەن پەرلەمانەوە پێکهێنراون، ئەم لیژنەیەش ئەگەر خۆی کردبێتی‌و تەوجیهی بۆ نەهاتبێت، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەو لیژنانە عەقڵییەتی دیموکراتییان نییە، بەڵام دیاریشە لەلایەن ئەو شوێنانەوەیە کە زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنن.

**رۆژنامە: واتە تۆ بایکۆتی ئەم پرۆژەیە دەکەیت؟**

* من دەڵـێـم جـارێ پەرلەمان دەسـەڵاتـی بـڕیـاردانـی لـەسـەر دەستوورو هیچ پرۆژەیەکی یاسایی نییە، دەرچوونیش لەمە پێچەوانەی یاسایە، دەرچوون لە یاساش لادانە لە سیستمی دیموکراتی، ئەو برادەرانە دەڵێن ئێمە عورفێکمان هەیە، جارێک عورف نابێت پێچەوانەی یاسا بێت، ئـەو سـەردەمـەش کـە پەرلەمانی تێدا تازە کرایەوە، ئەمرێکی واقیع رێگربوو لە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان. پێوانەکردنی شتێک کـە لەسەر خیلافی قیاس بـوو، حوکمی باتڵ وەردەگرێت، بۆیە هیچ پاساوێک نییە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.

ئەوەی کە با دەستوورمان هەبێت‌و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڕاستی ئەمە شتێکە کە مانای نییە، چونکە ئێمە لە قوفڵەوە کوژاندوومانەتەوە، نوێنەرایەتی کۆتوبەندە بەمەرجی کـاتـەوە، لە هیچ شوێنێکی دنیادا پەرلەمانی تەصریفی ئەعمال نییە، حکومەتی تەصریفی ئەعمال هەیە، بەڵام پەرلەمان نییە.

**رۆژنامە: پەرلەمان بڕیاریداوە هەر لە هەمان رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمیدا، دەنگدان لەسەر ئەویش بکرێت، ئەی ئەمە تا چەندە یاساییەو زەمینە لەبارە بۆی؟**

* هـەر مەنتقییەن‌و بەیاسایش ئەوە نابێت کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم‌و پەرلەمان‌و دەستوور بکرێنە یـەک رۆژەوە، چونکە دەستوور بریتییە لـە یـاسـای بـنـەڕەتـی‌و دەسـەڵاتـێـک دایـدەمـەزرێـنـێـت کە بریتیە لە دەسەڵاتی دامەزرێنەر. لەبەرئەوە دەسەڵاتی دامەزرێنەر کە بریتیە لە گەل، باڵاترە لە هەرسێ دەسەڵاتە دامەزراوەکە (دادوەری‌و یاسادانان‌و جێبەجێ کردن). ئەم سێ دەسەڵاتەش کە حوکمڕانیمان دەکەن، دەسەڵاتی دامـەزراون بە گوێرەی دەستوورو دەسەڵاتی دامەزرێنەر دایمەزراندوون. بۆیە هەر بەمەنتقیش نـابـێـت هـەڵـبـژاردنـی دەسـەڵاتـی دامەزرێنەرو دەسەڵاتی دامـەزراو بکەونە یـەک رۆژەوە، بەڕاستی ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم‌و پەرلەمان کارێکەو دەستووریش کارێکی دیکەیە، بۆیە دەبێت ئەم دوو هەڵبژاردنە لە دوو کاتی جیاوازدا بکرێت.

**رۆژنامە: ئایا پێکهاتەی ئەو دەسـتـوورە بەمشێوەی ئێستای تا چەندە کاریگەریی دەبێت لەسەر رەوتـی هـەڵـبـژاردن، بۆ نموونە موزایەدەی سیاسی بەو کەموکورتییانەوە بکرێت کە هەر لایەنێک پێیوایە تێیدایە، بۆ نموونە ئیسلامییەکان بۆ مەسەلەی ئیسلام‌و ئاشوورییەکان لە مەسەلەی ناوەکایاندا لەگەڵ کلدانییەکان؟**

* ئـەوەش هـۆکـارێـکـە، بـەڵام دەستوور بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان‌و دەسەڵاتە، بەڵام ئەو قسانەی کە تۆ دەیکەیت، قسەی سیاسیین‌و دەشێت هەر لایەنێکی سیاسی بـۆ خـۆی پاساوێکی بۆ بهێنێتەوە، سیاسی بۆ مەبەستێکی پێشوەختی دیـاریـکـراوی خۆی دەیکات‌و بـەرژەوەنـدی سیاسیش هەمیشە بەرژەوەندی کورت بینە، بـەڵام دەستوور بۆ داهـاتـووەو بۆ چەندین نـەوەیـە، بۆیە پێویست دەکـات سیاسییەکانمان لە ئاستی بەرژەوەندییە تەکتیکیە کاتییەکانیان بـاڵاتـربـن‌و هـەمـوویـان هـەوڵـی دروستکردنی دەستوورێک بدەن، کە ئـەم وڵاتـە بخاتە سـەر سکەی دیـمـوکـراتـی، بـەڵام بـێ گومان ئـەو قسانەی ئێوەش جۆرێکن لە کاریگەریی.

**رۆژنـــامـــە: تا چەند خەڵک هـۆشـیـارە لـە بـەرامـبـەر ئەم کەموکورتییانەدا؟**

* بـەڕای مـن خـەڵـک هۆشیار نییە، نەک هەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەڵکو راپرسی لەسەر دەستوور لە زۆر کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا نەبێت سەرکەوتوو نابێت، ئەو میللەتەی کە زۆر نموونەی پێ دەهێنرێتەوە کـە راپـرسـی تێدا سەرکەوتووە سویسرایە، بەڵام سویسرا دوو سەد، سێ سەد ساڵە دیموکراسییە، بەڵام بەڕاستی گەلانی رۆژهەڵات بەگشتی خەڵک تیایدا وشیار نییە.

**رۆژنـــامـــە: پـێـتـوایـە ئـەم پەرلەمانەی کە بەڕێوەیە لە ئاستی داواکاری خەڵکدا دەبێت؟**

* بـەلای مـنـەوە گـرنـگ نییە هەڵبژاردنەکە ساختەکاریی تێدا دەکرێت یان نا، راستە ئەمەش گرنگەو مەبەستم ئەوە نییە کە ساختەکاریی بکرێت، بـەڵام ئـەوەی بـەلامـەوە گرنگترە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا، چونکە بە چەند ساڵێک دەگەینە سەر سکەی دیموکراسی.

**لەهیچ شوێنێکی دنیادا پەرلەمانی تەصریفی ئەعمال نییە، حکومەتی تەصریفی ئەعمال هەیە، بەڵام پەرلەمان نییە**

**دەیانەوێت ئەم دەستوورە داتاشن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، هیواداریشین سەرۆکی هەرێم لە ئاستی مێژوویدا بێت‌و نەهێڵێت بەناوی ئەوەوە شتێکی وا دابتاشرێت**

**ئێمە کە دەڵێین درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بنەمای یاسایی نییە، کەواتە بەهیچ شێوەیەک وجوودی نەماوەو لە دەرەوەی تایبەتمەندیی خۆیدا کاردەکات، کەواتە ناتوانێت هیچ کارو کردەوەیەک بکات، دەرکردنی هەر یاسایەک بەیاسای بودجەشەوە بەڕای من بنەمای یاسایی نییە، چونکە ئیتر ئەم شتە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی**

# د.لەتیف شێخ مستەفا:

# بێ پەرلەمان بووینایە زۆر باشتربوو لەوەی پ



**د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسایی‌و دەستووریی، جەخت لەنایاسایی بوونی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان دەکات‌و ئاماژە بەوەدەکات کە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراسیدا شتی وا نەکراوە، سەبارەت بەو وڵاتانەشی کە هەندێ پەرلەمانتار بە نموونەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەیهێننەوە، دەڵێت: «ئەوانە هەمووی نموونەی نایاسایی‌و نادەستوورین، من پێمخۆشە یەک نموونەم بۆ بهێننەوە کە لە دەوڵەتی دیموکراسی‌و یاساییدا تەمەنی پەرلەمان درێژ کرابێتەوە».**

سازدانی، بەرزان عەلی حەمە

**ڕۆژنامە: چۆن پێشبینی ئەم هەڵبژاردنە دەکەیت، پێشبینی دەکەیت بێ کێشە بەڕێوەبچێت؟**

* لەڕووی مەبدەئەوە، من ئەم هەڵبژاردنە بە سەرەتای دەستپێکردنی راستەقینەی دیموکراسی دەزانم لەکوردستاندا، بەلاشمەوە گرنگ نییە کێ دەیباتەوەو کێ دەیدۆڕێنێت، ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەمجارە بڕیارماندا بەشێوەیەکی عاقڵانە بیربکەینەوەو لەو بیرکردنەوە عاتفییەی کە لە (١٩٩٢)دا تێی کەوتبووین یان بەسەرماندا فەرزکراو ناچاربووین هەموومان بچینە یەک بەرەوە.

دیارە لە هەڵبژاردنی (١٩٩٢) وێنەیەکی جیاوازمان پیشاندا، لەچاوئەوەی کە یەکەمجاربوو هەڵبژاردنمان دەکرد، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥)دا کە بەحاڵ لیستی جیاوازی تێدابوو کە یەک لیست بوو، ڕووداوی نەخوازراومان بینی، بۆیە بەبۆچوونی من ئەمجارە ئەگەر بمانەوێت ئەو گومانە بڕەوێنینەوە کە لەسەر هەرێمی کوردستانە، هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی دەبێت پرۆسەیەکی جوان بەڕێوەببەین، بۆئەوەی ئەو هاوسۆزیی‌و پشتیوانییەی کە تائێستا لە هەندێ وڵاتی دەرەکییەوە بۆ ئێمە هەیە بەردەوام بێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئەگەر وانەکرێت ئەو پشتیوانییە دەرەکییە دەبڕدرێت؟**

* بێگومان دەشێت ئەو بەرەو خواربوونەوەی هێڵی پشتیوانی نێودەوڵەتییە رابگرین‌و چیتر نەهێڵین لەوە زیاتر بەرەو خوار بڕوات. بەپێچەوانەشەوە دەتوانین ئاراستەکەی بگۆڕین، بەدڵنیاییەوە ئەگەر پرۆسەکە بەشێوەیەکی ناشیرین بڕوات، ئەوا کاریگەری دەبێت بۆ سەر ئەو پشتیوانیە. خۆ مەرج نییە هەر یەکسەرو دوای هەڵبژاردنەکە ئەو دەوڵەتانە بڕیار بدەن وازمان لێبێنن، بەڵکو ئەوان چاودێرییەکی وردی ئەو پرۆسەیە دەکەن‌و خاڵە نیگەتیڤەکان هەڵدەگرن‌و بۆنەیەک دەکەن بەبیانوو بۆ ڕاگرتنی پشتیوانییەکەیان.

**ڕۆژنامە: چاودێرێکی زۆر هەیە بەسەر سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە، ئایا سەرباری ئەمانەش پێشبینی خرووقات‌و لادان دەکەیت لە پرۆسەکەدا؟**

* بەڕاستی چاودێر گرنگە، بەتایبەت چاودێری نێودەوڵەتی، چونکە لە دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حساباتی زیاتر بۆ چاودێرە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، بەڵام دواجار بڕیاری ئەوەی کە هەڵبژاردنەکە بەخاوێنی بەڕێوەبچێت یان نا، بەدەست چاودێرەکان نییە، چاودێرەکان تەداخول لەپرۆسەکەدا ناکەن، بەڵکو ئەوان تەنیا چاودێرن‌و ڕاپۆرتی خۆیان بڵاودەکەنەوە، سەرباری ئەمانەش بوونی چاودێرەکان فشارێکی مەعنەوییە، بەڵام دواجار بڕیاری باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنەکانی کێبڕکێ‌و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان.

**ڕۆژنامە: تۆ پسپۆڕیت لەبواری دەستووری‌و یاساییدا، وەک بینیمان پەرلەمان وادەی یاساییەکەی بەسەرچوو خۆی تەمەنی خۆی درێژکردەوە، کەچی بەم حاڵەشەوە دەیەوێت دەستووری هەرێمی کوردستان تێپەڕێنێت، ئایا ئەمە یاساییە؟**

* لەڕووی یاساییەوە لەهیچ شوێنێکدا نییە پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، ئەو نموونانەشی کە دەیهێننەوە ئەوانە هەمووی نموونەی نایاسایی‌و نادەستوورین، من پێمخۆشە یەک نموونەم بۆ بهێننەوە کە لە دەوڵەتی دیموکراسی‌و یاساییدا تەمەنی پەرلەمان درێژ کرابێتەوە، بەپێچەوانەوە یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی، هەڵبژاردنی نوێنەرەکانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کاتێک دەنگدەران دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان دەزانن بۆ ماوەی چەند هەڵیاندەبژێرن، لەڕاستیدا گەل خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی پراکتیزەی دەسەڵاتی پێ ناکرێت، دێت نوێنەر هەڵدەبژێرێت، ئەم نوێنەرانە نوێنەری گەلن، واتە گەل موەکیلە، موەکیل دەتوانێت ماوەی نوێنەرەکانی درێژبکاتەوە، بەڵام نوێنەر ناتوانێت ماوەی خۆی درێژبکاتەوە، وەکو ئەوە وایە تۆ پەیماننامەیەک بۆ من بکەیتەوە بۆ ماوەی ساڵێک‌و بمکەیت بە نوێنەری خۆت، کە ساڵەکە تەواوبوو خۆم بچم نوێنەرایەتییەکە بۆ خۆم تازە بکەمەوە، تۆ دەتوانیت بۆم تازەبکەیتەوە، بەڵام خۆم چۆن دەتوانم تازەی بکەمەوە، بەهەمان شێوەش تازەکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، پێیدەوترێت عەقدی وەکالە، لەبەر ئەوە بە کۆتایی هاتنی وادەکە هیچ پاساوێکی یاسایی نییە.

> **ئەم هەڵبژاردنە بەسەرەتای دەستپێکردنی راستەقینەی دیموکراسی دەزانم لەکوردستاندا**

ئەگەر لەدوای (٥/١٩)وە کە نەمانتوانی هەڵبژاردن بکەینەوە، پەرلەمانمان هەڵبوەشاندایەتەوەو بێ پەرلەمان بووینایە زۆر باشتربوو لەوەی پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە بەبێ بنەمای یاسایی، زۆر ئاساییە کە پەرلەمانمان نەبێت، زۆر وڵات هەیە هەر پەرلەمانی نییە، ئەو هەرکاتێک پێی خۆشبوو هەڵبژاردن بکات‌و هەرکاتێکیش پێی خۆش بوو نەیکات، ئەو ڕۆشنبیرییە دیموکراتییە دروست نابێت، ئەگەر لە ساڵی (١٩٩٢)وە هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنمان بکردایە، دەیکردە چوار تا پێنج خولی هەڵبژاردن، ئەگەر ئەوکاتە ئەوەمان بکردایە، ئێستا نەوەیەکی هەڵبژاردنمان بۆ دروستدەبوو کە لە سایەی هەڵبژاردندا گەورە دەبوو، لەم کاتەشدا ئەو نەوەیە هیچ دەسەڵاتدارێکی قبوڵ نەدەبوو، جگە لە دەسەڵاتداری هەڵبژێردراو، بەڵام کاتێک تۆ تەجاوزی کاتی هەڵبژاردن دەکەیت، ئەوە دیموکراتی لە راستەقینەوە دەبێتە دیموکراتییەتێکی (بەخشراو) واتە پیاوەتی‌و بەخشینە لەلایەن دەسەڵاتەوە. بۆیە ئەگەر سەد ساڵ بەمشێوەیە بەردەوام بێت نەوەی دیموکراتی‌و ڕۆشنبیری دیموکراتیت بۆ دروست نابێت، واتە بەمشێوەیەی کە دەسەڵات لە کوردستاندا کەی پێی خۆش بوو هەڵبژاردن بکاتەوە، ئەوا بە سەد ساڵی دیکەیش نەوەی دیموکراتی دروست نابێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانەوە ئەوکاتە حاکمەکان کە وادەیان تەواو بوو بەبێ ئەوەی کەس پێیان بڵێ خۆیان دەست لە کورسییەکان بەر دەدەن، چونکە لەوجۆرە وڵاتانە هەر لە باخچەی ساوایان‌و قوتابخانەوە تاکو دەرچوونی لە زانکۆ، ئەوان فێری ئەمجۆرە کلتوورە دەکرێن‌و لەگەڵی گەورە دەبن، بۆیە دەبینیت لە وڵاتانی ئەوروپادا، پێیان سەیرە کە حاکمێک بە هەڵبژاردن نەهاتبێت، چونکە پێشبینی شتێکی دیکە ناکەن جگە لەهەڵبژاردن.

**ڕۆژنامە: زیانی ئەمجۆرە درێژکردنەوە وەک تۆ دەیڵێیت (نایاساییە) چییە؟**

* زیانەکانی لە هەموو بوارەکاندایە، هەڵبژاردن کە دەکرێت دەبێت هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێ ساختەکاریی بێت، بەڵام لەمە مەترسیدارتر تەجاوزی ڕۆژی هەڵبژاردنە، بەلای منەوە ئەگەر هەموو هەڵبژاردنەکە ساختەکاریی بکرایە هێشتا من هەر ئەوەم بەلاوە مەترسیدارترە، کە وادەی پەرلەمان لە (٥/١٩)دا تەواو بوو تەمەنەکەی تازەکرایەوە، هەموو هەڵبژاردنەکەش ساختەکاریی بێت کێشە نییە بەمەرجێک هەڵبژاردنەکە لەوادەی خۆیداو چوار ساڵ جارێک دووبارە بکرێتەوە.

**ڕۆژنامە: تۆ باسی وەکیل و موەکیلت کرد، ئەگەر وەکیلەکە ئەمەی کرد، موەکیل دەبێت چی بکات‌و ڕۆڵی چی دەبێت لێرەدا؟**

* گەل کۆمەڵێک ڕێگای لەبەردەستدایە، گەل دەبێت نارەزایی پیشان بدات‌و نارەزاییەکانیش جۆراوجۆرن، گرنگترین شتیش ئەوەیە، کە تۆ لە هەڵبژاردنەکاندا سزای ئەمجۆرە لایەنانە بدەیت، بەڕاستی ئەمەش پەیوەندی بە هۆشیاری خەڵکەوە هەیە، وەکو وتم لەمجۆرە دەسەڵاتانەدا کە هەرکاتێک پێیان خۆش بوو هەڵبژاردن بکەن، ڕۆشنبیری‌و کلتووری هەڵبژاردن دروست نابێت‌و هۆشیاری تاکیش دروست نابێت، ئەو پێیوایە ئەم دەسەڵاتە هی ئەوەو هەتا دنیا دنیاشە تاپۆیە لەسەر ئەو، تەنانەت خەڵکی لێرەدا خودی پرۆسەی دیموکراتی بە گەمەیەک دێتە بەرچاوو دەڵێت: بچمو نەچم دەنگی من دراوەو دەبێت کێ سەرکەوێت لەپێشەوە دەست نیشانکراوە.

**ڕۆژنامە: تۆ پێتوانیە کار بۆ ئەم ئاراستەیە کراوە بۆ ئەوەی بۆچونی خەڵک لەمجۆرە گەمەکردنەدا بەمشێوەیە بێت؟**

* بێگومان، هەر خودی ئەنجامنەدانەوەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا خۆی لەخۆیدا کارکردنێکە بۆ ئەوە جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، چونکە تۆ لە ماوەی بیست ساڵدا نەتهێشت ئەو کەلتوورو ئەو نەوەیە دروست بێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەو جۆرە دەسەڵاتانەیە، بۆیە پێویستە کار لەسەر وشیارکردنەوەی دەنگدەران بکرێت، من پێموایە ئەگەر بەم شکڵ‌و شێوەیەش نەبێت کە ئێمە باسمان کرد، بەڵام لەوانەیە جیاواز بێت‌و بتوانن گوزارشت لە ئیرادەی خۆیان بکەن‌و ڕاست‌و هەڵە لە یەکتر جیابکەنەوە.

**ڕۆژنامە: ئەم پەرلەمانە، سەرباری بەسەرچوونی شەرعیەت‌و ماوەی کارکردنی، دەستووری لای خۆی تێپەڕاند، ئایا ئەو دەستوورە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات بەدیدەهێنێت؟**

* ئێمە کە دەڵێین درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بنەمای یاسایی نییە،

# چەند روونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی شێوازی ئامادەکردنی «پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان»



د. نوری تاڵەبانی

لیژنەی ئامادەکردنی «پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان» یەکەمین کۆبوونەوەی لە (١٤)ی ئەیلولی (٢٠٠٥)دا بەست، تێیدا سەرۆکی لیژنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەستنیشانکرا، بڕیاریش درا پرۆژەکە بەزمانی عەرەبی بنووسرێتەوە، بەڵام بەهۆی سەفەرکردنم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کەرکوک، پێمنەکرا بەشداری لە چەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەکە بکەم کە تێیدا بەشێکی گرنگی پرۆژەکە داڕێژرابوو، بەتایبەتی ئەو مادانەی پەیوەندییان بە پرەنسیپو بنەما سەرەکییەکانی پرۆژەکەوە هەبوو. هەر لەو کۆبوونەوەدا ئەو نامیلکەیەی بە ناونیشانی «دەستووری هەرێمی کوردستان» لەساڵی (٢٠٠٥)دا ئامادەم کردبوو بەسەر ئەندامانی لیژنەکەدا دابەشمکردو ئاگادارم کردنەوە کە راوبۆچوونی من لەوێدا روونکراونەتەوە، پاش گەڕانەوەم بۆ وڵات بە پێکەنینەوە بەچەند ئەندامێکی لیژنەکەم وت: «بە ئارەزووی خۆتان ئەو بەشە گرنگەی پرۆژەکەتان داڕشتووە!» یەکێکیان راشکاوانە وتی: «ئامادەنەبوونت لەو دوو هەفتەدا هۆکاری زوو تەواوکردنی ئەو مادانەیە!» کۆبوونەوەکانی لیژنەکە پاشتر بەڕێکوپێکی نەدەبەستران، بەتایبەتی لەوماوەیەی سەرۆکی لیژنەکە دووجـار سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد، هەرچەندە لیژنەکە جێگری سەرۆکی هەبوو، بەڵام کۆبوونەوە ئەنجام نەدەدرا. دوا کۆبوونەوەی لیژنەکە لە (٢٠)ی حوزەیرانی (٢٠٠٦) بەسترا، تێیدا وەرگێڕانی مادەکانی پرۆژەکەیان پێسپاردم، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند سەرنجێکم بە نوسراویی، بەخەتی سوور لەسەر پرۆژەکە کە تازە چاپکرابوو، دایە دەستی سەرۆکی لیژنەکەو ئەو ئەندامانەی ئامادەبوون، داوام لێکردن لێبکۆڵنەوە پێش وەرگێڕانی پرۆژەکە بۆسەر زمانی کوردی، بەڵام سەرۆکی لیژنە وتی: «پرۆژەکە دوا شێوەی وەرگرتووەو ناتوانین تەماشای بکەینەوە، بۆیە ناچاربووم لەکاتی وەرگێڕانی پرۆژەکەدا ئەو سەرنجانەم وەک پێشنیاز بەنووسینی (رەش) لەنێو کەوانەدا بخەمە بەرچاویان، بەئومێدی تەماشاکردنیان پێش بڕیاردان لەسەر پرۆژەکە»، ئەوەش بە بۆچوونی من لە بەهای پرۆژەکەی کەم نەدەکردەوە، بەڵکو دەوڵەمەندتری دەکرد، جگە لەو پرۆژەیەی لەساڵی (١٩٩٢)دا ئامادەم کردبوو، لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)دا بەهاوکاری لیژنەی قانوونی خولی یەکەمی پەرلەمان ئامادەمان کردبوو، کە لەڕاستیدا پرۆژەکەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی (٢٠٠٢) بوو بە دەستکارییەوە، هیچ پرۆژەیەکی دیکەم نەخستووەتە بەردەم لیژنەی ساڵی (٢٠٠٦)، وەک یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە پەیامنێری هەفتەنامەی (جەماوەر)ی وتبوو، ژمارەی (٢١٦)ی (١٩) مارتی (٢٠٠٧). لێرەدا دەبێت ئـەوەش راستبکەمەوە کە بەزمانی منەوە لەو هەفتەنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە گوایا وتوومە: «لیژنەکە ماندووبوونی منیان قۆستووەتەوەو لەو مـاوەدا دوو کاتژمێر ئامادەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکە نەبووم، کە (١٥) مادەی گرنگی پرۆژەکەیان داناوە»! ئـەوەی پێشتر چەندجارێک وتوومەو بە نووسینیش بڵاومکردووەتەوە ئەوەیە، ئەو لیژنەیە لە رۆژی (٢١)ی ئابی (٢٠٠٦)دا لەکاتی پشووی پەرلەمانداو بەبێ ئامادەبوونی نزیکەی سێ یەکی ئەندامانی، کۆبوونەوەی بەناو نائاسایی ئەنجامداوە، تێیدا زیاتر لە (١٥) مادەی زیادەیان خستووەتە سەر پرۆژەکە، لەگەڵ دەستکاریکردنی چەند مادەیەکی دیکە.

دەسـتـووری هـەرێـمی کـوردسـتـان دۆکیمەنتێکی گرنگی قانوونیە، بۆیە پێویستە بەزمانێکی کوردی قانوونی رەوان دابڕێژرێت، چەند جـارێـک لـەنـاو هـۆڵـی پەرلەمانو لەکۆبوونەوەکانی لیژنەی قانوونیو لیژنەی دەسـتـووریـیـدا ئـەم بۆچونەم دووبـارە کردووەتەوە، بەڵام وەڵامی ئەو کەسانەی نایانەوێ پرۆژەی قانوونەکانو دەستوور بە کوردی ئامادەبکرێت ئەوەیە، تائێستا زمانێکی کوردی قانوونیمان نییە! لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی دەسـتـووری بـۆ جـاری دووەم پێشنیازمکردەوە پرۆژەکە بە زمانی کوردی ئامادەبکرێت، وەڵامی سەرۆکی لیژنەکە جگە لەو پاساوەی پێشتر بەوەی زمانێکی قانوونی کوردی نییە، بوونی دوو شێواز (لەهجە)یە لە کوردیدا، ناچاربووم بەبیری بێنمەوە ئەوەی ئەو باسی لێدەکات لە ساڵی (١٩٧١)دا لە کۆنفرانسی شەقلاوە، بە پشتگیری تەواوی سەرکردەی کـورد مەلا موستەفا یەکلایی کراوەتەوە، مامۆستا حەمەی محەمەدی باقی، بۆی گێڕامەوە وتی: «لەساڵی (١٩٧٣)دا سەرپەرشتی خولێکی کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەکرد لە (ناوپردان)، ئەو مەسەلەیە چەند کەسێک ورووژاندیان، رۆژێک کتوپڕ خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا سەردانی خولەکە دەکاتو ئەویش ئەو مەسەلەیە دەخاتە بەرچاوی، وتی: زۆر بەتوندی خۆی لێ توورەکردنو وتی: نامەوێت جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە باسی لێبکرێتەوە. لەم رۆژانـــەدا، لە (٧) ئاداری (٢٠٠٧) لە دانیشتنێکی تایبەتی لیژنەی قانوونی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانو جێگرەکەیو چەند وەزیرێکو بەرپرسیاری ئەنجومەنی وەزیــران، داوام لە وەزیـری داد کرد پـرۆژەی قانوونەکان بە کوردی ئامادەبکرێن پێش ناردنیان بۆ پەرلەمان، یەکێک لە ئامادەبووان وتی: «زمانی قانوونی کوردیمان نییە»، وەڵامی سەرۆک وەزیران بۆ ئەو رەخنەیە ئەوەبوو، ئەگەر ئەو شارەزایی لەزمانی قانوونی کوردیدا نییە کەسانی دیکەی شـارەزا هەن، زمانی یەکگرتووی کوردی، قانوونی یـان لە بوارەکانی دیکەدا بەبێ هەوڵو کارکردن ئامادە ناکرێت، لە ئاسمانەوە بەپوختیو حازری بۆمان نایەتە خوارەوە! لەو باوەڕەدام ئەگەر لەساڵی (١٩٩٢)ەوە هەوڵی جدی بۆ زمانێکی یەکگرتووی کوردی بدرابا، ئێستا خاوەنی ئەو زمانە یەکگرتووە دەبووین، هەموو دەزانین وەرگێڕانی تێکستی عەرەبی بۆ کوردی بە دەقاودەقی بەتایبەتی تێکستی قانوونی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە بەهاوکاری چەند دۆستێکی زمـانـزان ئـەو پـرۆژە دەستوورەی لەکۆتایی حوزەیرانی (٢٠٠٦)دا تەواوکرابوو لە عەرەبییەوە کردمە کوردی، کێشەیەکی دیکەی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە نەک هەر بە عەرەبی ئامادەکراوە، بەڵکو چەند مادەیەکی بە بیرکردنەوەیەکی عەرەبی تێدا داڕێژراوە، چونکە لە دەستووری عێراقیەوە وەرگیراون. بۆ نموونە، لە مادەی هەشتی پرۆژەکەدا ئەم رستەیە بەرچاو دەکەوێت: «قد اختار الاتحاد الحر بالعراق شعبا وارضا وسيادة».

ئەم رستە لە دەستووری عێراق بەسەرماندا سەپێندراوە، بەڵام بۆ لە دەستووری هەرێم دووبـارەی بکەینەوە؟ دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرا لە سەرەتاوە بە زمانێکی کـوردی رەوان دابڕێژرێت بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تا بە ئاسانی لە ناوەرۆکو مادەکانی تێبگەن، بەڵام بە بۆچوونی بەشێک لە ئەندامانی لیژنەکە، زمانی قانوونی کوردی جارێ لەو ئاستە نییە دەستوور یان قانوونی پێدابڕێژرێت!

(دیباجە)ی پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکی لیژنەکەوە ئامادەکراوە، هەروەها (یاداشتی روونـکـردنـەوەکـەی) لەکاتی وەرگێڕانی پـرۆژەکـەدا پێم باشبوو (پێشەکی)یەکی کورتتر بە زمانی کوردی ئامادەبکەم، دوور لە داڕشتنی پەخشان ئامێز، پاشان بۆم ناردن پێش بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە.

لەساڵی (١٩٩٢)دا ئەندامانی لیژنەی قانوونی خولی یەکەمی پەرلەمان، کە کاک عەدنان نەقشبەندی سەرۆکی بوو، سەردانیان کـردمو داوای تەماشاکردنی ئەو پرۆژە قانوونەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئامادەیان کردبوو، لەو دانیشتنەدا کە سەرۆکی ئێستای لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور ئامادەی بوو، پرسیارم لێکردن ئەگەر یەکێکمان نیازی خانوو دروستکردنی هەبێت لە بناغەوە دەستپێدەکات یان لە سەرەوە؟ وتم هەموومان قانووناسینو دەزانین دەستوور بنەمای قانوونەکانە، بۆیە دەبێت لەوێوە دەستپێبکرێت پاشان پرۆژەی قانوونەکان، کەسێک رەخنەی لە بۆچوونەکەم نەگرت، بەڵام کاک عەدنان وتی: «مەسەلەی ئامادەکردنی دەستوور لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە». هەر لەساڵی (١٩٩٢)دا پرۆژەی دەستوورێکم بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، لە چاپخانەی (زانکۆ) چاپکراو دابەشکرا بەسەر بەشێکی زۆر لەقانووناسانی کوردستان لەگەڵ نامەیەکدا تێیدا داوام لێکردبوون راوسەرنجی خۆیان دەربارەی دەربڕن، لەو دەمەوە بە بەردەوامیی لەگەڵ کۆمەڵێک لە قانووناسو کەسانی دیکە هەوڵمانداوە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێت پێش دانانی دەستووری عێراق، لە مانگی نیسانی (٢٠٠٢)دا سەردانی کوردستانم کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئەنفال، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پەیامنێری گۆڤاری (گوڵان) پرسیاری دانانی دەستووری لێکردم، وەڵامم ئەوەبوو دەبێت پەلەبکرێت لە ئامادەکردنی دەستوور بۆ هەرێم. پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسەکە سەردانی جەنابی کاک مەسعود بارزانیم کرد، لەوێدا داوای لێکرم تەماشای ئەو دوو پـرۆژە دەستوورە بکەم، کە یەکێکیان بۆ هەرێمی کوردستان بوو ئەوی دیکەیان بۆ عێراقی پاش رووخانی رژێم، هەردووکیان تا ئەو دەمە بڵاونەکرابوونەوە، پاش چەند رۆژێک، راشکاوانە راوسەرنجی خۆم لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەربڕیو نامەیەکیشم بۆنارد تێیدا ئامادەیی خۆم دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی ئەو لیژنەیەی پـرۆژەکـەی ئامادە کـردووە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی، لەپاش بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە لە مانگی نۆڤەمبەری (٢٠٠٢)دا راوسەرنجی خۆم دەربـارەی ئەو پرۆژەیە لە هەفتەنامەی (الاتحاد) هەر لەو مانگەدا بـڵاوکـردەوە، لەمانگی ئەیلولی (٢٠٠٣)دا یاداشتنامەیەکم ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کـوردی کـرد، تێیدا پێشنیازی پێداچوونەوە بەو پرۆژەیەی ئامادەکرابوو. بە رەزامەندی سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا لەگەڵ لیژنەی قانوونیو سکرتێری پەرلەمان، کە سەرۆکی ئێستای لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورە، چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامدران پێکەوە بە پرۆژەکەدا چووینەوەو پرۆژەیەکی نوێمان ئامادەکرد کە بە چاپکراوی دامانە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام کاری لەسەر نەکرا.

لەسەرەتای مانگی تەمموزی (٢٠٠٥)دا (٥٩) ئـەنـدام لە هەموو گروپەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، داوایەکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد (نوسخەیەکم لەبەردەستایە)، تێیدا داواکرابوو لیژنەیەک بۆ داڕشتنی دەستووری هەرێم دیاریبکرێت، بەڵام ئەو داواکاریە نەخرایە بەردەستی پەرلەمان تا دەستووری عێراق پەسەندکرا. لەوماوەیەدا دووجـار سـەردانـی سەرۆکی پەرلەمانم کردو دوام لێکرد ئەو داواکارییەی کە زیاتر لەنیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئیمزایان کردبوو بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گوفتوگۆکردن لەسەری، بەئومێدی ئـەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێش دەستووری عێراق پەسەندبکرێت، هەر ئەوەش هۆکاری بەشداری نەکردنم بوو لە ئەندامێتی ئەو لیژنەیەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم چوونە بەغدا بۆ بەشداریکردن لە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراق، چونکە زۆرم مەبەستبوو دەسـتـووری هەرێم پێش دەستووری عێراق بکەوێت، ئـەوەش لـەڕووی قانوونیەوە دەکـرا، وەک لەمانگی پێنجی (٢٠٠٦)دا لەکۆبوونەوەیەکی مامۆستای قانوونی دەستووری لە زانکۆی (کێبەک)ی فەرەنسی لە کەنەدا لەگەڵ لیژنەی دەستووری پێی راگەیاندن. کاتێک ئەو قسەیەی کرد، ئەندامانی لیژنەکە تەماشایان دەکردم، چونکە پێشتر چەندجارێک ئەو پێشنیازەم بۆ کـردبـوون. بـەداخـەوە لەسەرەتاوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکارم نەبووە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئەو قانوونانەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە پەسەندی کـردوون، دەستووری عێراق لە مادەی (١٤١)دا دانی پێداناون، حوکمی ئەو مادە دەستووریە دەستووری کوردستانی دەگرتەوە ئەگەر پێش دەستووری عێراق دەستووری هەرێم پەسەندبکرابا، چونکە دەستووریش قانوونە، بەڵام قانوونێکی باڵاترە.

ئـەو پـرۆژە دەسـتـووریـەی لە ساڵی (١٩٩٢)دا ئامادەمکردبوو لەلایەن کۆمەڵێک لە قانووناسانی کوردستانەوە دەوڵەمەندکرا، پاشتر لەلایەن «دەستەی قانوونی باڵا»وە کە دەستەیەکی فەرمی بوو بە فەرمانی پەرلەمان لە تەموزی (١٩٩٢)دا دامەزرابوو خۆشم یەکێک بووم لە (٣) ئەندامەکەی، پەسەندیکردو بە نوسراوێکی فەرمی ناردی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار. هەر لەو ماوەیەدا (٣٣) ئەندام پەرلەمان لە هــەردوو فراکسیۆنە سەرەکییەکەی داوایــان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد گفتوگۆی لەسەربکرێت، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی داواکاریەکەیان پشتگوێ خراو پرۆژەکە نەخرایە بەردەم پەرلەمان. چەند تێرمێک وەک (پەرلەمانی کوردستان)و (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، لەگەڵ داننان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستانو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای (رێکەوتنی ئارەزوومەندانە) لـەو پـرۆژەیـەدا بـەرچـاو دەکـەوتـن، ئەو پرۆژەیە لە چاپخانەی (زانکۆ) لە هەولێر لەساڵی (١٩٩٢)چاپکرا، لەساڵی (١٩٩٨)دا لەلایەن چەند قانووناسێکەوە کرایە کوردیو بڵاوکرایەوە، لەساڵی (١٩٩٩)دا لە لەندەن کرایە ئینگلیزیو بڵاوکرایەوە. زانکۆی (پرنستنی) ئەمریکیو ئەنستیتوی عێراقی لە واشنتۆن لەئەیلولی (١٩٩٤)دا کۆنفرانسێکیان سەبارەت بە پـاشـەڕۆژی دەسـتـووری لە عێراقی پاش رووخانی رژێمی بەعس رێکخست، لەو کۆنفرانسەدا بابەتێکم دەربـارەی ئەو پرۆژەیە پێشکەشکردو لێکۆڵینەوەیەکی باشی لـەسـەرکـرا، چەند مامۆستایەکی ئەمریکی پۆزەتیڤانە پرۆژەکەیان هەڵسەنگاند، بەپێچەوانەی عێراقیەکانەوە کە نارەحەتبوون لە پێشکەشکردنی بابەتەکە. دەقـی ئەو پرۆژەیەی ساڵی (١٩٩٢) بە کوردی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی بە هاوکاری ئەندامانی لیژنەی قانوونی خولی یەکەمی پەرلەمان کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٤)دا ئامادەمانکردبوو، کە پێداچوونەوەیەک بوو بە پرۆژەی دەستووری ساڵی (٢٠٠٢)، لەو نامیلکەی پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە لەلایەن چاپخانەی (رەنج) لەساڵی (٢٠٠٥) بڵاوکرایەوە.

سەبارەت بە پرۆژەی ساڵی (١٩٩٢) لە مادەی (١١)دا هاتووە «هیچ قانوونێکی فیدراڵی رەواییو کاریگەریی لە هەرێمی کوردستاندا نییە بەبێ رەزامەندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان». لە مادەی (١٧)دا هاتووە بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزێکی چـەکداری هەرێمی کوردستان رەوانەی دەرەوەی هەرێم ناکرێت، رێگاش بەهاتنی هێزی چەکداری فیدراڵی نادرێت بێتە ناو هەرێمی کوردستان بەبێ رەزامەندی پەرلەمان.

چەندجارێک پێشنیازی داڕشتنی پرۆژەی دەستووری هەرێمم بە زمانی کوردی بۆ لیژنەی دەستووری کرد، پاشان کە پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی ئامادەکرا، پێشنیازمکردەوە تێکستە کوردییەکە بکرێتە تێکستی بنەماو سەرەکی نەک عەرەبییەکە، چونکە زمانی (کــوردی) زمانی فەرمییە لە کوردستان، هەروەها پێشنیازمکرد لەو دەستوورەدا داواکارییەکانی گەلی کوردستانو مافە رەواکانی بەڕوونی دابڕێژرێن.

چەند دەستکارییەکی بنەڕەتی لە پـرۆژەکـەدا کـرابـوون لەکاتی پشووی پەرلەماندا لە (٢١)ی ئابی (٢٠٠٦) کە نزیکەی سێ یەکی ئەندامانی لیژنەکە ئامادەنەبوون (من یەکێکیان بووم)، لەو کۆبوونەوە بەناو «نائاساییەدا» (١٥) مادەی تازە خرابوونە سەر پرۆژە ئەسڵیەکەی مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٦)، لەگەڵ دەستکاریکردنی چەند بڕگەیەکی گرنگ، لەبەرئەوەی ئاگاداری ئەو دەستکاریانە نەبووم، ئەو مادە زیادانە لەگەڵ ئەو دەستکاریانەی لە دەقی ئەو پرۆژەیەدا نەبوون کە لە (٢٧)ی ئابی (٢٠٠٦) بەزمانی کوردیو بە چاپکراویی دامەوە بە سەرۆکی لیژنەکە. ئەوەی پێم درابوو ئەو دەقە بوو کە لە (٢٠)ی حوزەیرانی (٢٠٠٦) لەلایەن لیژنەکەوە پەسەندکرابوو، لە (٣٠) ئابی (٢٠٠٦)دا نوسخەیەکی تازەیان پێدام جیاواز لـەوەی حوزەیرانی هەمان ساڵ، داوایـان لێکردمەوە وەریگێڕمەوە سەر زمانی کوردی، لە (١١)ی ئەیلولی (٢٠٠٦)دا پرۆژە تازەکەم بە چاپکراوی دایەوە بە لیژنەکە، جارێکی دیکە بەبێ ئاگاداریکردنم داوا لە چەند ئەندامێکی لیژنەکە کرابوو بەدەقی کوردییەکەدا بچنەوە، کە ئەوە بە کارێکی دروستی دەزانم، بەڵام دەبوو ئاگاداری منیش بکەن تا هاوکارییان بکەمو پێکەوە پێداچوونەوەکە بکرێت، ئەگەر ئەو پێداچوونەوەیە پێکەوە ئەنجامبدرابا، ئاکامەکەی باشتر دەبوو، چونکە ئەو هەڵانەی لە دەقی پرۆژەکەدا بەرچاو دەکەون، زۆر کەمتر دەبوون. پاش دابەشکردنی پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانەوە منیش دانەیەکیان پێدام،ماڵیان ئاوابێت!

لە پرۆژەکەدا چەند پرەنسیپێکی گرنگ چەسپێندراون، بەڵام بەشێکیان پێویستیان بە داڕشتنێکی باشتر بوو لەگەڵ کورتکردنەوەیان، بەشێک لە مادەکان زۆر درێژبوون، دەکرا دابەشبکرێن بەسەر چەند بڕگەیەکدا، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت ئەم پرۆژەیە لە پاش پەسەندکردنی دەستووری عێراق ئامادەکراوە، بۆیە ئەو ئازادییەی پێشتر هەمان بوو، کەمتربوو. چەند مادەیەک لە دەستووری عێراقدا بەتایبەتی لە مادەی (١١٠)دا چەند دەسەڵاتێکی حەسری داوە بە حکومەتی ناوەندی، بۆیە ناکرێت لە دەستووری هەرێمدا دژایەتی ئەو مادەیە بکرێت،

چەندەها پرەنسیپی گرنگ لە پرۆژەکەدا چەسپێنراون، وەک دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە پێی بنەما مێژووییو جوگرافییەکان، هەرچەندە لە بڕگەی دووەمی هەمان مـادەی دووەمـــدا پشت بەستراوە بە مـادەی (١٤٠)ی دەسـتـووری عێراقی بۆ دەستنیشانکردنی سنووری هەرێم، کاتی خۆیشی لەگەڵ ئەو پسپۆرە بیانییەی بەشداری کردبوو لەداڕشتنی ئەو پرۆژەیە ئـاگـادارمـکـردەوە ئـەو بڕگەیە زیادەیەو نابێت لەو دەستوورەدا پشتببەستین بەو مادەیە بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێم، چونکە ئەو مادەیە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن نوسراوە نەک بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت ناحەزانی کورد دەمێکە هەوڵی دروستکردنی کۆسپو تەگەرە لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەدەن، ماوەیەکیشە کار بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی دەکـەن، دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرنەکردنی دواڕۆژی کەرکوک بەواتای لەدەستدانی کەرکوکو بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەخوێندرێتەوە.

لـێـرەدا وشەیەکی رەخنە ئاراستەی سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی پـرۆژەی دەسـتـووری هەرێمی کوردستان دەکەم بـەوەی وتوویەتی: «مافی رەخنەگرتنم لە پـرۆژەی دەستووری هەرێم نییە، چونکە ئامادەی بەشی زۆری کۆبوونەوەکانی لیژنەکە نەبووم»! وادەزانم وەک پەرلەمانتارێک یان شارەزایەکی قانوونی کە لە ناوەڕاسی ساڵی (١٩٩٢)ەوە خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورم بۆ هەرێمی کوردستان کافیە بۆئەوەی بتوانم راوسەرنجی خۆم دەربڕمو رەخنەش بگرم لەشێوازی ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە یان لە ناوەرۆکەکەیو پەنجە بخەمە سەر کەموکورتییەکانی.

پرۆژەکە چەند مانگێکە بڵاوکراوەتەوە تا هاوڵاتییان راوسەرنجی خۆیان سەبارەت بە ناوەرۆکو شێوازی ئامادەکردنی دەربڕن، لەوە دەچێت کلتووری تاکرەوییو راسەپاندن کە لە پاشماوەکانی بەعسە لەلای زۆرێک ماونو بەئاسانی ناسڕێتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی بوونەتە کۆسپو نەیانهێشتووە گەلەکەمان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت هەتا لە بواری ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان.

**«ئـەم نووسینە لە (٢٤)ی ئـاداری (٢٠٠٧) بڵاوکراوەتەوە بەمەبەستی رووناکی خستنە سەرشێوازی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم کە لە (٢٤)ی حوزەیرانی (٢٠٠٩)دا پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، تەنیا دکتۆر نوری تاڵەبانی دەنگی بۆ نەدا، ئەم روونکردنەوە رووناکیش دەخاتە سەر ناوەرۆکی ئەو راپۆرتەی سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوە بەو پرۆژەیەی لەو رۆژەدا خوێندرایەوە».**

### «بۆ چاوترساندنی دەزگا ئەهلییەکانە»

# د.سامان فەوزی: کاری سەندیکا نییە ڕۆژنامەنووس بە ناوزڕاندن تۆمەتبار بکات، دادگا ئەوە یەکلاییدەکاتەوە

سۆران پاڵانی، سەرکەوت لەتیف

هەڕەشەکانی سەرۆکی هەرێمو هەوڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەساتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، گوماندەخاتە سەر بێلایەنی سەندیکا، پسپۆڕێکی یاسای ڕاگەیاندنیش پێیوایە «ئەوە کاری دادگایە نەک سەندیکا». ڕۆژنامەنووسانیش پێیانوایە «ئەو بڕیارەی سەندیکا تەنیا ڕۆژنامەنووسانی ئەهلی دەگرێتەوە، سەندیکا دەسەڵاتی بەسەر دەزگا حیزبییەکاندا نییە»، وتەکانی سەرۆکی هەرێمیشیان بە «مەترسییەکی گەورە» زانی بۆ سەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان.

زیرەک کەمال، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو سەرۆکی کۆمیتەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕیاری سەندیکا سەبارەت بەچاودێرییان لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری دەزگا ڕاگەیاندنەکان بووە».

ڕوونیشیکردەوە کە کۆمیتەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان، تەنیا ڕاپۆرتێک ئامادە دەکەن، «ئێمە ڕاپۆرتێک ئامادەدەکەینو دەیدەینە ئەنجومەن، ئەنجومەنی سەندیکا خۆی بڕیاری لەسەر دەدات».

لەبەرامبەردا میدیا ئەهلییەکان، ئەم بڕیارە بە «فشاری دەسەڵات لەسەر سەندیکا» ئەژمار دەکەنو پێیوایە ئەو بڕیارە تایبەتە بە دەزگا ئەهلییەکانو سەندیکا تا ئێستا نەیتوانیوە یەک دەزگای حکومی، یان نزیک لە دەسەڵات کە زۆرترین ناوزاڕندن دەکەن سزا بدات.


زیرەک کەمال


ئەحمەد میرە


د. سامان فەوزی

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە ڕۆژنامەی ڕایگەیاند «تائێستا پێکهاتەی سەندیکا دیار نییە، بەڵام ئەوە شتێکی ڕوونە کە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بە ڕێکەوتنی حیزبەکان دانراون، بۆیە دەبێت وردتر لە کارەکان بڕوانن، ئەگەریش کاری ئەم لیژنەیە ئەوەبێت کە بەرامبەر ئەو میدیایانەی دژ بەدەسەڵات دەنووسن هەڵوێستیان هەبێتو ئەوانەی دەسەڵاتیش هەر شتێکیان کرد بەرامبەریان بێدەنگ بێت، ئەمە کارێکی مەترسیدارە».

زیرەک کەمال ئاماژەی بەوەکرد، یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەم لیژنەیە، پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسانە: «هەر ڕۆژنامەنووسێک ڕێگری لێبکرێت، یان سوکایەتی پێبکرێت بەرلەوەی هەڵبژاردن تەواو بێت ئێمە ئیدانەی ئەو کارە دەکەین، چونکە یەکێک لە ڕووە جوانەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە ڕێگا بە ڕۆژنامەنووسان بدرێت زانیاریی تەواو لە سەر هەڵبژاردنەکان بڵاوبکەنەوە».

بەڵام سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە پێچەوانەی ڕای ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەندیکا وتی: «ئێمە هەفتەیەکە هێرش کراوەتە سەر گۆڤارەکەمانو بەڵێننامە لە خاوەن کتێبخانەکە وەرگیراوە کە گۆڤارەکە نەفرۆشێت، بەڵام سەندیکا تا ئێستا ئەم کارەی ئیدانە نەکردووەو هەڵوێستی نەبووە».

ئەحمەد میرە وتیشی: ئەگەر ئەو لیژنەیەی بۆ ئەم کارە دروستکراوە لەلایەن سەندیکاوە، بەرامبەر بە دەزگا حیزبییەکان بێدەنگ بێت مەترسیدارەو گومان دەخاتە سەر بێلایەنیی سەندیکا، هەروەک پێیوایە «سەندیکا ناتوانێت دەسەڵاتی بە سەر هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندندا هەبێت»، چونکە بەوتەی ئەو «هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن ئەندامی سەندیکا نینو هیچ ئیلتیزامێکیان بەرامبەر بەسەندیکا نییە، هەربۆیە سەندیکا ناتوانێت بڕیاریان بەسەردا بسەپێنێت».

لە کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارەیەک ڕۆژنامەو دەزگای ئەهلی ئەو کۆبوونەوەیەیان بایکۆت کرد، هاوکات سەرۆکی هەرێم لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا سەبارەت بەو بابەتو ڕاپۆرتانەی لە هەندێک دەزگای ئەهلیدا بڵاودەکرێنەوە کە گوایە هێرش دەکەنە سەر بارزانیو تاڵەبانی، ڕایگەیاند کە «دوای هەڵبژاردن مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا دەکرێت».

ئەحمەد میرە ئەم وتانەی سەرۆکی هەرێم بە «مەترسی» دەزانێت بەتایبەت کە لە خولی داهاتوودا سەرۆک دەسەڵاتێکی فراوانتری هەیەو وتی «ئەو مۆدێلە تازە نییەو پێی ڕاهاتووین، سەرۆک دەتوانێت تۆمەت دروستبکاتو خەڵک بخاتە زیندان، ئەمەش نەریتی پێشینەیەو دڵنیام سەرۆک ئەم قسانەی دەباتە سەرو تۆمەتی زیاتر دەخاتە پاڵ میدیای ئەهلی، ئەمەش دوور نییە لە ئەدەبیاتی سەرۆکو دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، بەڵام ئێمە وەڵامیان نادەینەوەو تەنیا پێی دەڵێین سەرۆک بێ منەت بەو بەڵگەکانت بخەرەڕوو کە کێمان لە پشتە».

بەپێی یاسا تەنیا لەدەسەڵاتی دادگادایە کە بڕیار لەسەر بوونی ناوزڕاندنو لە یاسا دەرچوون بدات لەسەر هەر ڕۆژنامەنووسێک یان هەر کەسێکی دیکە.

لەوبارەیەوە د.سامان فەوزی، پسپۆڕی بواری یاسای ڕاگەیاندن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوە دەسەڵاتی سەندیکا نییە بڕیار لەسەر بوونی تەشهیر بدات، سەندیکا بۆی نییە ڕۆژنامەنووسێک یان دەزگایەک بە تەشهیر تۆمەتبار بکاتو ناوی بڵاوبکاتەوە، بەڵکو ئەوە کاری دادگاکانە، هەتا بڕیاری دادگا یەکلایی نەبێتەوە، سەندیکا مافی ئەوەی نییە ئەوکارە بکات. پێشتریش ئەو دەسەڵاتەی نەبووەو هیچ بڕگەو یاسایەک نییە کە دەسەڵات بە سەندیکا بدات لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو کارە بکات، ئەمە بڕیاری خۆیانە».

د. سامان فەوزی ڕوونیشیکردەوە کە ئەگەر سەندیکا ئەوکارە بکات گومان دەکەوێتە سەر بێلایەنیی ئەو دەزگایە.

### داوا دەکەن بەر لە ڕاپرسی ببرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق لە دژی دەستووری هەرێم دەوەستنەوە

هەستیار قادر

پەرلەمانتارە عەرەبەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دژ بەچەند مادەیەکی دەستووری هەرێمی کوردستان دەوەستنەوەو داوادەکەن بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری، ببرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەندامێکی لیژنەی هەموارکردنی دەستووریش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو لایەنانە دەتوانن لەدوای ئەنجامدانی ڕاپرسیش لە دادگای فیدراڵی شکات لەو دەستوورەی هەرێم بکەن.

لەدوای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی (ماوەبەسەرچووە)وەو بڵاوکردنەوەی ئەو دەستوورە لە ڕێگای ماڵپەڕەکانی حکومەتو پەرلەمانەوە نارەزایی لە نێو لیستو لایەنە عەرەبییەکاندا لێکەوتەوە بەتایبەت لایەنە سونییەکانو هەندێک لە مادە دەستوورییەکانی بەپێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە قەڵەمدەدەن.

لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆژی هەینی ڕابردوو، ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی شاری موسڵ لە لیستە جیاوازەکان لەبەیاننامەیەکدا ڕەخنە لە دیاریکردنی قەزاکانی سنجارو شێخانو تلکێفو مەخمورو زوممار دەگرن وەک سنوری هەرێمی کوردستانو دەڵێن: «دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقەو تیایدا تەحەدای ئیرادەو ویستی گەلانی عێراقو هێزە سیاسییەکانی کراوە، چونکە لە بڕگەی یەکەمی مادەی (١١٧) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتوە کە بەپێی ئەو دەستوورەو لە کاتی جێبەجێکردنیەوە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی ئێستای، هەرێمێکی فیدراڵیەو «ئەو هەرێمەش کە لەو دەستوورەدا باسکراوە تەنیا سنووری هەرسێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆک دەگرێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە سەلیم جبوری وتەبێژی بەرەی تەوافوقی عێراقی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد، نابێت پشت بەو دەستوورەی هەرێمی کوردستان ببەسترێت تا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پیشان نەدرێت وەک لایەنی بڕیاردەر سەبارەت بەگونجاوی ئەو دەستوورەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقداو «نمایش نەکردنیشی لەو ئەنجومەنە قەیرانێکی یاساییو دەستووری دێنێتە کایەوە».

هاوکات، ئیبراهیم زەنون ئەندامی حیزبی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوونی ئەو نارەزاییەی لایەنە سونییەکانی لە دەستووری هەرێم پشتڕاستکردەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «دەستووری هەرێمی کوردستان لادانو کەموکورتیی زۆرەو نەدەبوو پەرلەمانی هەرێم چاو لەو هەڵانە بپۆشێت».

ئەو ئەندامەی حیزبی ئیسلامی جەختی لەسەرئەوەش کردەوە کە «دیاریکردنی سنوور لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە نەک هەرێمو پەرلەمانەکەی»، وتیشی: یەکێک لە کێشەکانی دیکەی ئەو دەستوورە مادەی (١١٥)یە کە ڕێگا لە کارکردن دەگرێت بەهەموو هەموارکردنێک لە دەستووری عێراقدا کە لەو بوارانەدا ئەنجامبدرێتو دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی ناوەندیو کارکردن بەو هەموارکردنانە تەنیا بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی هەرێم دەبێت.




داواکاریی ئەو لایەنانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ئەوەیە کە بە پێی دەستووری عێراق نابێت دەستووری هەرێمەکان پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ئەو دەستوورە بن.

سامی ئەتروشی ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «داوای ئەو لایەنانە بۆ هێنانی دەستووری هەرێم بۆ بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەوا نییەو ناتوانن بیکەن، بەڵام دەکرێت لە دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی جەماوەری لەسەر ئەو دەستوورە، لە دادگای فیدراڵی شکات بکرێتو ئەگەر ئەو دادگایە بڕیاریدا دەتوانرێت دەستوورەکەی هەرێم هەڵبوەشێنرێتەوە».

ئەتروشی ئاماژەی بەوەشدا کەدوو خاڵ لەو دەستوورە بوونەتە جێگای نارەزایی لیستو لایەنە سیاسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکەمیان سنووری هەرێمی کوردستانەو دووەمیان سیستمی حوکمڕانیی سەرۆکایەتییە لە هەرێمدا، کە دەبێت دادگای فیدراڵی ئەوە یەکلاییبکاتەوە کە ئایا دەکرێت دوو سیستمی حوکمڕانی جیا لە یەک دەوڵەتدا هەبێت؟

# ـــانی ئیلتیزامو بێباکی لای ڕۆشنبیران»

**هیچ کۆمەڵگایەک نەیتوانیوە، لەسەر شێوازی کۆمارەکەی ئەفلاتون یان یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر، یان مۆدێلە یونیفرسالو ڕۆشنگەرەکەی کانت، یاخود کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکەی مارکس دروست ببێت، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە ڕۆشنبیران دەبێت بە مۆدێلەکانی خۆیان تەحەدای کۆمەڵگاکان بکەن، ڕۆحییەتی گۆڕان تا سنووری دوور بجولێننو نەهێڵن لە خەیاڵی گۆڕانو فەنتازیای گۆڕان خاڵی ببێتەوە**

ئابووریو سەربازییەکانی لەدەستدایە، کە دەزگاکان دەباتبەڕێوە، کە پرۆسەی گۆڕان لە جێگایەکی بەرتەسکدا گیردەکاتو ناهێڵێت لەوە تێبپەڕێت. لێرەوە ڕۆحییەتی گۆڕان لە ناو سیاسەتیشدا ئەوانە رادەکێشێتە ناو پرۆسەی گـۆڕانـەوە کە نایانەوێت هاوکێشەکان لە کایەی سیاسیدا وەک خۆیان بمێننەوە. ڕۆشنبیر بە حوکمی توانای بینینو دۆزینەوەو رەخنەکردنی هەمیشە ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی باڵاترە لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، هوشیاریی گۆڕان ئەو زەمینەیە دەرەخسێنێت کە ئەم رەهەندە نارازییەی ڕۆشنبیر لە هەموو رەهەندە نارازییەکانی تر نزیکببێتەوەو بە رۆحە رادیکالو دینامیکییەکەی خۆی موتوربەیانبکات.

ڕۆشنبیر لە ڕێگای ئیشکردنەوە لەسەر ڕۆحییەتی گۆڕان هەموو فشارێک دەکات بۆئەوەی «یاساکانی گەمەکە، تەکنیکی یارییە کۆمەڵایەتییەکان، مۆراڵی بکەرەکان، پەیوەندیی بکەرەکان» بخاتە ژێر فشارێکەوە خزمەتی پرۆسەی گەشەو نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی بکەن. واتــە هــەوڵــدەدات ڕۆحییەتی گۆڕان لە فەزایەکدا ئیشبکات بارکرابێت بە بەهاو ئەخلاقیاتێکی روون.

وەزیفەی ڕۆشنبیر هەم ئەخلاقییەو هەم ستاتیکی، لەسەر مۆراڵو بیرکردنەوەو هەستی بکەرەکان ئیشدەکات، وێنەی جیهانێکی ئامادەکراو ناکێشێتو بیسەپێنێت بەسەر هەموو کایەکەدا، بەڵکو بەرگری لە فەزای بیرکردنەوەی ئازادو دیالۆگی ئازادو هەڵبژاردنی ئازاد بۆ هەموو ئەگەرەکان دەکــات. نەخشەی جیهانێکی ئامادەی پێ نییە پێشکەشمان بکات، بەڵام ئەو لە هەموو جیهانەکاندا بەرگری لە کۆمەڵێک بەهای چوونیەک دەکاتو دەچێتە شەڕەوە لەپێناوی ئەو بەهایانەدا، دەشێت خۆی بچێتە پشت مۆدێلێکی تایبەتییەوە بەڵام وەزیفە بنەڕەتییەکەی دواجار ئەوەیە کە مافی هەموو مۆدێلەکان بپارێزێتو هوشیاریی گشتی لە هەر مەیلێکی سەرکوتکەرانە بۆ ئەگەرێک لە ئەگەرەکان پاکبکاتەوە. لەو ساتەشدا تەواو بێلایەنی خۆی دەدۆڕێنێت کە یەکێک لە گەمەکەرەکانی سیاسەت ئەو ئازادییانەی خستەژێر مەترسییەوە، یان مەترسی لەسەر کۆی ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتیانە دروستکرد کە بۆ یەکێتی نـاوەوەی کۆمەڵگا گرنگە. واتە دەبەنگییەکی گەورەیە واقسەبکەین کە ڕۆشنبیر دەتوانێت هەموو کاتێک بێلایەن بێت، ڕۆشنبیر ناتوانێت لەبەرابەر دیکتاتۆرییەتو کۆکردنەوەی دەسەڵاتو بچوککردنەوەی ئازادییە گشتیەکاندا بێلایەن بێت، ناتوانێت دەرهەق بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو بێڕێزکردنی فەرد بێلایەن بێت. بۆ نمونە ڕۆشنبیری ئێرانی ئێستا چۆن دەتوانێت بەرابەر دیکتاتۆرێکی جاهیلی وەک ئەحمەدی نەژاد بێلایەن بێت، چۆن دەتوانێت پشتی هەموو ئـەو هێزانە نەگرێت کە دەیانەوێت واقیعی سیاسیی ئێران بگۆڕن، ئەمجۆرە داوایـانـەش کە لە کوردستان دەرهەق بەبێلایەنی ڕۆشنبیران دەیبیستین، بەهەمان پلە ناواقیعیو نادروستە، بەشێکیان لە خۆدزینەوە و دێت لە ئەرکی ڕۆشنبیرو

بەشێکیشیان لە سەنگەری دەسەڵاتدارانەوە دێت. ڕۆشنبیر هەمیشە چاوێکی لەسەر سیاسەتەو هــەرواش دەمێنێتەوە، بەڵام مەبەستی لەم چاودێرییە ئەوە نییە سیاسەت بکات، بەڵکو بۆئەوەیە لە هەموو ساتێکدا بتوانێت پەلاماری سیاسەت بداتو گەر هاتوو ئەو بنەما گرنگانەی ژیانو ئازادیو کۆمەڵگای تێکشکاند. لـێـرەوە گرنگی ڕۆشنبیرو ناوازەییو تایبەتییەکەی ئەوەیە کە یاریکەرێکی گەورەی سیاسەتە بێئەوەی سیاسی بێت، هەر هێندەی لە سیاسیەتدا توایەوە ئەو هێزەی خۆی دەدۆڕێنێت، هــەر هێندەش بــەتــەواوی لە سیاسەت دوورکەوتەوە ئیرادەی ئیشکردنی خۆیو مانای ئەخلاقی خۆی لەدەستدەدات. لێرەوە ڕۆشنبیر ناتوانێت تاسەر وەک دۆست یان هاوکار یان راوێژکار لەگەڵ دەسەڵاتدا ئیشبکات، بەڵام دەتوانێت وەک نەیار زۆر بەکەڵک بێت، چونکە دەتوانێت دەسەڵات لە خۆیو کۆمەڵگاش لە دەسەڵات بپارێزێت.

خاڵێکی زۆر گرنگی دیکە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە «فیکری گۆڕان» لە داواکارییەکانی خۆیدا گوێ بەوە نادات ئایا ئەم داواکارییانە دەشێت لە ئێستادا جێبەجێبێت یاخود نا. گەر تەماشای مێژووی فیکریش بکەین روونـتـر ئەمەمان بۆ روونـدەبـێـتـەوە، کۆمەڵگاکان هەرگیز نەیانتوانیوە هەموو خواستی فەیلەسوفان جێبەجێبکەن، واتە هیچ ڕۆحییەتێکی گۆڕانو هیچ دیالۆگێک لەسەر مێزە گەورەو مێژووییەکانی گۆڕان بەو دەرەنجامە دوایی نایەت کە بەرنامەی کـاری فیکرێک یـان ڕۆشنبیرێک بکەن بە مانیفێستی خۆیان. هیچ کۆمەڵگایەک نەیتوانیوە، لەسەر شێوازی کۆمارەکەی ئەفلاتون یان یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر، یان مۆدێلە یونیفرسالو ڕۆشنگەرەکەی کانت، یاخود کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکەی مارکس دروست ببێت، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە ڕۆشنبیران دەبێت بە مۆدێلەکانی خۆیان تەحەدای کۆمەڵگاکان بکەن، ڕۆحییەتی گۆڕان تا سنووری دوور بجولێننو نەهێڵن لە خەیاڵی گـۆڕانو فەنتازیای گـۆڕان خاڵی ببێتەوە. واتە فیکری گۆڕان هەمیشە لەسەر دوو ئاست ئیشدەکات، ئاستێکیان ئاستێکە کە جێبەجێکردنی لە توانای ئەو ساتە وەختەدا نییەو مەبەستی بەخشینی مۆدێلو ئامانجێکی ئیدیالە بە کۆی پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵگا، ئاستەکەی دیشیان ئاستێکی پراکتیکییە کە دەیەوێت لە نێوان ئەو مۆدێلە یۆتۆپییەی خۆیو ئەو دونیا واقیعییەی ئێستادا پرد دروستبکات، پێگەی ورد وردو پتی بونیادنەر لە هەموو جێگاکاندا بچێنێت، ژێرخانی زانستیو ستاتیکیو ئەخلاقی کۆمەڵگا بەرزبکاتەوە بۆ ئاستێک بتوانێت هەمان ئەو خەونە ببینێت، لێرەدا مەسەلەکە تەنیا ئەوە نییە کە چەند لەو خەونە دێتە دی، بەڵکو ئەوەیە چەند کەس ئەو خەونە دەبینێت. بۆیە ئەو پرسیارەی زۆرجــار لە فیکرو خەونی ڕۆشنبیران دەکرێت، ئایا ئەم خەونە یاخود ئەم ئومێدە واقیعیە، پرسیارێکی بێمانایە کە لە عەقڵێکی پراگماتیکی زۆر بەرتەسکەوە دێتەدەرێ کە هیچ شتێک لەگەڵ فیکری گۆڕاندا کۆی

ناکاتەوە. چونکە ئیشی فیکر ئەوەیە تەحەدای گەورە بخاتە بەردەمی کۆمەڵگا، نەوەک گەمەی تەکتیکی کورتخایەنو بچوک، هەر ئەوەشە لە سیاسەت جیایدەکاتەوە. هەربۆیە جارێکی تر لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە پرسیارکردن لە ڕۆشنبیر ئایا لەگەڵ گۆڕاندایە یاخود نا، پرسیارێکی بێمانایە، چونکە ڕۆشنبیر نەوەک دەبێت لەگەڵ گۆڕاندا بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ مۆدێلە رادیکالەکانی گۆڕاندا بێتو تادەکرێت سەقفی گۆڕان بەرزتربکاتەوە، چونکە ئەم سەقفە چەندە بەرزتر بێت، هێشتا لە توانای کۆمەڵگاو واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا نییە هەمووی جێبەجێبکات، بۆیە شەڕی ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە ئایا لەگەڵ گۆڕاندا بێت یاخود نا، بەڵکو ئەوەیە تا چەند دەتوانێت پرۆسەی گۆڕان بۆ دوور رابکێشێتو لە کۆی جەستەی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بڵاویبکاتەوەو وردیبکاتەوە بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی بچوک بچوکی پنت ئاسا کە لە هەموو خانەکانی کۆمەڵگادا کاردەکات.

فیکر بــە سروشتە تایبەتییەکەی خۆی ناگاتە هەموو خەڵک، لێرەوە توانای ئەوەی نییەو نیازی ئەوەشی نییە تەواوی هوشیاریی گشتی بە یەکجۆر دروستبکات، بەڵکو تەنیا بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ، پێچاوپێچ، بە کارکردنی لەسەر سیستمی خوێندن، بە کارکردنی لەسەر میدیاکان، بە کارکردنی لەسەر ئێلیتە چالاکەکانی کۆمەڵگا، لە ڕێگای تێکستو فلیمو ئەدەبەوە دەتوانێت کار لەو هێزە گەورەیە بکات کە ناوی جەماوەرە، لەدواجاریشدا دەتوانێت دەزگـا کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغێکەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێک، بێئەوەی هەرگیز بتوانێت ئەو مەودایەی لە نێوان خۆیو ڕۆحییەتی گشتیدا هەیە پڕبکاتەوە، واتە ساتی یەکگرتنەوەی تەواو لە نێوان فیکری ڕۆشنبیرو ڕۆحییەتی گشتیدا نەکردەو نامومکینە، ساتی جووتبوونی تەواوەتی لە نێوان فیکری گۆڕانو ڕۆحییەتی گۆڕاندا نامومکینە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە فیکری گۆڕان رەهەندێکی پراکتیکی نییەو

**ڕۆشنبیر هەمیشە چاوێکی لەسەر سیاسەتەو هەرواش دەمێنێتەوە، بەڵام مەبەستی لەم چاودێرییە ئەوە نییە سیاسەت بکات، بەڵکو بۆئەوەیە لە هەموو ساتێکدا بتوانێت پەلاماری سیاسەت بداتو گەر هاتوو ئەو بنەما گرنگانەی ژیانو ئازادیو کۆمەڵگای تێکشکاند. لێرەوە گرنگی ڕۆشنبیرو ناوازەییو تایبەتییەکەی ئەوەیە کە یاریکەرێکی گەورەی سیاسەتە بێئەوەی سیاسی بێت، هەر هێندەی لە سیاسیەتدا توایەوە ئەو هێزەی خۆی دەدۆڕێنێت، هەر هێندەش بەتەواوی لە سیاسەت دوورکەوتەوە ئیرادەی ئیشکردنی خۆیو مانای ئەخلاقی خۆی لەدەستدەدات**

نایەوێت هەمیشە بگاتە ئەو هوشیارییەو ئاماژەی بۆ فرێبداتو مۆراڵی تیا بگۆڕێت. بە کورتی هەمیشە ئەو دابەشبوونە دەمێنێتەوە کە برێک لە خەڵک داوای گۆڕان دەکەن، بێئەوەی بزانن گـۆڕان چییە، هەروەها برێکیش هەمیشە گۆڕان بە کۆمەڵێک ئەگەرو ئاسۆ باردەکەن کە جێبەجێکردنی هەمووی لە توانای ئەو چرکەساتە مێژووییەدا نییە کە تیادەژین. ئەوە جیاوازییەکی ئەبەدییە کە دابەشبوونی کارو هوشیارییو سروشتی جیاوازی مرۆڤەکان دروستیدەکات.

دواخــاڵ کە دەمــەوێـت لەم سیاقەدا روونیبکەمەوەئەوەیەکەچۆنکۆنزەرڤاتیڤو نوێگەر لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا جیابکەینەوە. کۆنزەرڤاتیزم خۆبەستنەوەیەکی توندە بەوەوە کە هەیە، جوانکردنی دراوەکانو شتە ئامادەکانە، دووبارەکردنەوەی ئەو ریتمەی ژیانە کە پێشتر هەبووە یان ئەمڕۆکە هەیە، واتە ترسێکی ناوەکی قووڵو بێبنە لە گـۆڕان. کۆنزەرڤاتیڤ کەسێکە بەشدارە لە هێشتنەوەی ئێستادا وەک خۆی... واتە دۆخی شتەکانو وێنەی جیهانو کۆمەڵگاو مۆراڵو پەیوەندییەکانو دابەشبوونەکانی پێقەبووڵە. کەسی کۆنزەرڤاتیڤ بەدیوێکدا ناهێڵێت خەیاڵ بێتە ناو سیاسەتەوە «واتە ناهێڵێت فەنتازیاکردنی ئەگەرەکانی گۆڕان ئیشبکات»، بەدیوێکی دیشدا گەر خەیاڵی گۆڕانیش هەبێت، واتە هێزی فەنتازیاکردنی واقیعی دیکە هەبێت، ئەوا ئەو وێنانە بە دیوارێکی ئەستوور لە واقیع جیادەکاتەوەو وەک مەحاڵ وێنایاندەکات. واتەکۆنزەرڤاتیڤ کەسێکە گۆڕان دەکاتە دەرەوەی ژیان، بۆیە هەمیشە پێوەرمان بۆ ڕۆحییەتی کۆنزەرڤاتیڤیزمی دەبێت ئەوە بێت کە چۆن وەک ئەزموونێکی پراکتیکی سەیری گۆڕان دەکات. بەس نییە مرۆڤ لە زەیندا وێنەیەکی دونیای هەبێت کە جیاوازە لە وێنەی واقیعی باڵادەست، بەڵکو دەبێت بەدەروازەیەک لە دەروازەکـانو بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان دەرگا بۆ ئەو وێنەیە بکاتەوە لە وێنەیەکی رەمزیو زەینییەوە ببێتە وێنەیەکی واقیعی، واتە نوێگەری لە جەوهەریدا هەوڵێکی گەورەیە بۆئەوەی ڕۆحبکەین بە بەر خەیاڵە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانیشدا، ژیان بکەین بەبەر ئەو خەونانەدا کە بەجۆرێک لە جۆرەکان مەحاڵو نەکردە دەنوێنن. واتە « فیکری گـۆڕان» هەمیشە کرانەوەیەکی پراکتیکییە بەسەر واقیعدا، ئەم واقیعە دەشێت واقیعی سیاسی بێت، بەڵام دەشێت واقیعێکی زانستی تایبەت بە کایەیەکیش بێت، واتە دەشێت کردارێک بێت بۆ گۆڕینی واقیعی سیاسیو دەشێت پەلامارێکی تیوریو زاراوەیــیو میتۆدیی بێت بۆ ناو کایەیەکی کولتووریو زانستی. دەکرێت کەسانی کۆنزەرڤاتیڤ قسە لە گۆڕان بکەن، بیانەوێت وا دەرنەکەون کە دژی هەر جوڵەیەکو هەر گۆڕانو هەر گەشەیەکن، بــەڵام گـۆڕان وەک ئەگەرێکی فیکریو کۆمەڵایەتی تەنیا کاتێک دروستدەبێت کە لە کایەی پراکتیکی جیانەکرێتەوە، کە بە راستی هێزی فشاری هەبێت، واتە نەخرێتە جیاوازییەوە لەگەڵ کرداردا، نەخرێتە ئەودیو کردارەوەو وەک خولقێنەرێکی رووداو ئیفلیج نەکرێت. لێرەوە هەڵوێست لە گۆڕان تەنیا لەساتی دەرکەوتنی گۆڕاندا وەک کردارو ئەگەرێکی مێژوویی دەردەکــەوێــت... تا گۆڕان دیار نییە، تا ئەو کاتەی هوشیاریی گۆڕان هێزی خۆیو پێویستی ئامادەگی خۆی نەدۆزیوەتەوە، ئەستەمە قسە لە هەڵوێستی راستەقینە لە گۆڕان بکەین. واتە بە پێچەوانەی کەسی کۆنزەرڤاتیڤەوە کە لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەبەدی هەمان سیستمدایە، نوێگەریی هەوڵێکی گەورەیە بۆ راکێشانی فیکری گۆڕان بەرەو ئاقارە هەرە رادیکالەکانی.

# تیورە، سیاسەت، گۆڕان

# «دەربارەی سنوورەکــ



بەختیار عەلی

**بەشی سێیەم‌و کۆتایی**

## هوشیاریی گۆڕان چییە؟

«هوشیاریی گـۆڕان» ئەو خاڵەیە کە «ڕۆحییەتی گۆڕان» لە ناو کۆمەڵگاوەو «فیکری گـۆڕان» لە نـاو کایە فیکری‌و مەعریفییەکاندا وەردەگرێت‌و فەزایەکی کارکردنی هاوبەشیان بۆ دروستدەکات. هوشیاری گـۆڕان نوێنەری ئـەو فەزا مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەیە کە دەرفەتی پێکەوە کارکردن بۆ هوشیاری سیاسی‌و هوشیاری مەعریفی‌و هوشیاریی گشتی کۆمەڵگا فەراهەمدەکات کە پێکڕا لەسەر یەک پرۆژە ئیشبکەن، بەڵام هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی خـۆی. واتــە «هوشیاریی گـۆڕان» ئامادەگی هەموو ئەو هێزانەیە کە دەزانن بەبێ یەکدی ناتوانن پرۆسەی گۆڕان دروستبکەن. هوشیاریی گۆڕان جۆرە ئامادەگییەکە کە دەبێت لە سێ ئاستدا بە کۆنکرێتی ئامادەبێت تا قسە لە بوونی بکەین، **یەکەم:** لە ناو ڕۆحییەتی گۆڕاندا، **دووەم:** لە ئاستی سیاسیدا، **سێهەم:** لە فیکری گۆڕاندا. هوشیاریی گۆڕان، ئەو بەشەی ناو ڕۆحییەتی گۆڕانە کە دەزانێت بە تەنها ناتوانێت جیهان باشتر بکات‌و پرسیارە گرنگەکانی خۆی دەباتە ئاستێکی باڵاتر لە خۆی تا وەڵامبدرێتەوە، واتە ئەو بەشەیەتی کەدەتوانێت عەقلانی بیربکاتەوەو گۆڕان لە توڕەبوونەوە گرێبداتەوە بە پرسیارو دیالۆگو کۆمۆنیکاسیۆن‌و ئیقناعەوە، بە کورتی بریتییە لە ڕۆحی تێفکرین لە ناو ئیشکردندا، چونکە گەر یادتان بێت من هوشیاریی گۆڕانم وەک خواستێکی گەورە بۆ کارکردن پێناسەکرد. «هوشیاریی گـۆڕان» ئـەو بەشەی سیاسەتیشە کە پرۆسەی گـۆڕان لە کایەی سیاسیدا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. ئەو بەشەیەتی کە هێشتا لە ناو خەیاڵی نوخبەی دەسەڵاتداردا نەتواوەتەوەو پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە کۆمەڵگاو هێزەکانی نـاوی‌و جوڵە ناوەکییەکانییەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی ئەو هێزانەی دەتوانن گوێ لەدەرەوەی کایەی سیاسی بگرن بۆئەوەی وەڵامی سیاسی نوێ بۆ قەیرانەکانی ناو کایەکە بدۆزنەوە. لە فیکری گۆڕانیشدا، هوشیاری گۆڕان ئەو بەشەیەتی کە فیکر لە قاوغە تیورییە داخراوەکان دەردەهێنێت‌و پاڵی پێوەدەنێت ڕەهەندی پراکتیکی خۆی بەهێزبکات‌و بۆ بکەری کۆمەڵایەتی‌و هێزی کۆمەڵایەتی بگەڕێت لەگەڵیاندا ئیشبکات، واتە بریتییە لە ڕۆحی ئیشکردن لە ناو تێفکریندا.

بە کورتی هوشیاریی گۆڕان بریتییە لە ڕۆحییەتی پراکتیک لەناو تیورەو ڕۆحییەتی تیورە لە ناو پراکتیکدا، بریتیشە لە ڕۆحییەتی کرانەوە لە سیاسەتدا بەسەر ئـەو هێزو تێزانەدا کە سیاسی نین‌و ڕۆحییەتی کرانەوە لە ناو کایەو بکەرە ناسیاسییەکاندا بەسەر چارەنوسی فەردو کۆمەڵگاو پرسیارو ئەگەرەکانی داهاتوودا، واتە هوشیاریی گۆڕان ئەو ڕووبەرەیە کە سیاسی‌و ڕۆشنبیران‌و خەڵک پێکەوە لە ناو یەک پرۆسەی پەیوەندیدا کۆدەکاتەوە. هوشیاریی گـۆڕان شوناسی تایبەتی ئەم فاکتەرانە ناسڕێتەوە، نایانتوێنێتەوە بەڵکو ڕووبەرێکی ئیشکردنی هاوبەش‌و ئامانجێکی ساتەوەختی‌و کاتی هاوبەشیان پێدەبەخشێت. لەم کایەیەدا هیچ کەس سەرکردە نییە، هیچ هێزێک لەم هێزانە پرۆسەی گۆڕان بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ ناکات، بەڵکو هەریەکەیان ڕەگەزێکی گرنگ‌و پێویست بۆ گـۆڕان دەهێنن کە ئەوانی دی نیانە. خەڵک توڕەیی‌و نارازیبوون‌و پرسیار دەهێنن، فیکر تەفسیرو دۆزینەوەو مۆراڵ‌و بنەما بنچینەییەکان پێشکەشدەکات، سیاسەتیش هێزی ڕێکخستن‌و گۆڕینی ئـەو وزەیـەیـە کە کۆبۆتەوە بۆ کاری ئاڕاستەکراوە. واتە هوشیاریی گۆڕان جیاوازییەکان لە چۆنایەتیدا لە نێوان «ڕۆحییەتی گۆڕان»و «فیکری گۆڕان» دا هەڵناگرێت، بەڵکو یەک فەزای مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی دەخاتە بەردەمیان کە دەبێت پێکەوە بیگۆڕن.

بەڵام بـەوەدا باسەکەی من لەسەر ڕۆشنبیرانە دەبێت لـێرەدا قسەیەکی زیاتر لەسەر فیکری گـۆڕان‌و پەیوەندی بە هوشیاری گـۆڕانـەوە بکەم. چونکە هوشیاریی گۆڕان سروشتی پەیوەندی فیکر بە سیاسەتەوە ڕێکدەخات، سیاسەت بەتایبەت تەنیا لەو ساتەدا بۆ فیکر جێگای سەرەنجە کە باس لە گۆڕان دەکات.


دیـارە فیکری گـۆڕان لە جەوهەریدا بەرهەمی کاری تیوری کۆمەڵێک کایەیە کە دەشێت کەم تا زۆر دوورو سەربەخۆ لە سیاسەت کاربکەن، بەڵام وەک پێشتر وتم لە ناو فیکری گۆڕان‌و تێزە تیورییەکانیدا هەمیشە ڕەهەندی پراکتیکی هەیە، کە ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە واقیع‌و دەخوازێت کاری لەسەر بکات، لێرەوە کۆنتاکتی فیکر لەگەڵ سیاسەتدا، کۆنتاکتێکی حەتمییە، بۆیە هوشیاریی گۆڕان لە ناو سیاسەتدا کار ئاسانییەکی گەورە بۆ فیکری گۆڕان دەکات.

بۆ نمونە لە کوردستاندا لەم هەژدە ساڵـەی ڕابـــوردوودا پـارتـی‌و یەکێتی بەتەواوەتی هوشیاریی گۆڕانیان لە فەزای سیاسیی کوردی کردە دەرەوە، ئەوەش کوشندەترین هەڵەی مێژووی سیاسییان بوو، دەرکردنی ئەم هوشیاری‌و ئیفلیجکردنی لە کایەی سیاسیدا بـەوە تەواودەبێت کە دیالۆگ لە نێوان فیکرو سیاسەتدا بەتەواوەتی دەپچڕێت، خاڵی هاوبەش نامێنێت، ڕۆشنبیر دەبێتە دیکۆرێکی بێکەڵک نەوەک هێزێکی دروستکەر بۆ ئاڕاستەی نوێ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت تاسەر هوشیاریی گـۆڕان‌و ڕۆحییەتی گۆڕان بکوژێت. ئەم هوشیاری‌و ڕۆحییەتە لە ناو هەناوی مێژووو گەشەی دونیاو ناکۆکییە گەورەکانی کۆمەڵگاوە دێت‌و بەسەرۆکێک یان مەکتەبێکی سیاسی ناوەستێنرێت. بەڵام دیارە دووبارە دەبێت لێرەشدا پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە فیکری گۆڕان لەو فەزا گشتییەشدا کە هوشیاریی گۆڕان بۆ کـاری کۆمەڵایەتی فەراهەمدەکات، نابێت ببێتە گوتارێکی سیاسیی ڕووت‌و لە ناو پێکهاتێکی ئایدۆلۆژیدا بتوێتەوە وەک لە مارکسییەتدا بینیمان، لە ڕاستیدا پەیوەندی فیکر بە سیاسەتەوە هەمیشە پەیوەندییەکی پڕ دوودڵی‌و گومانەو دەبێت واش بمێنێتەوە. ئـەوەی لە سیاسەتدا باس لە گۆڕان دەکات، دەبێت فشارێکی گەورەتری فیکرو ڕۆشنبیرانی بکەوێتە سەر، چونکە تەنیا لە ژێر فشاری فیکرداو بە ئەندازەی وەڵامـدانـەوەی ئەو هێزانە بۆ فیکر چارەنوسی ڕاستەقینەی گۆڕان دەستنیشاندەکرێت. لێرەدا نامەوێت لەسەر پەیوەندی فیکرو سیاسەت قسەبکەم، چونکە ئەمە دەمانبات بەرەو ئەوەی لە ئەفلاتوونەوە ئەو پەیوەندییە بخوێنینەوە تا دەگەینە سەر فۆکۆو هانا ئارێنێت‌و بۆردیۆ، لێرەدا تەنیا مەبەستم لەوەیە بڵێم پەیوەندی «فیکری گـۆڕان» بە سیاسەتەوە، پەیوەندییەکە لەسەر دۆستایەتی دروست نابێت، بەڵکو لەسەر فشار دروستدەبێت. «هوشیاریی گـۆڕان» فشاری فیکر لەسەر سیاسەت ڕێکدەخات، بـواری بۆ دەڕەخسێنێت‌و وادەکات سیاسەت بۆ کەمێکیش بووە گوێ لە فیکر بگرێت. دیارە سات هەیە لە مێژوودا ڕووبەری هوشیاریی گۆڕان‌و چالاکییەکانی گەورەتر دەبێت، واتە ئەو هوشیارییە زۆر لە نزیکەوە خەڵک‌و سیاسییە گۆڕانخوازەکان‌و ڕۆشنفکران بەیەکەوە گرێدەدات، وەک لەم ساتە وەختە مێژوویی‌و گرنگەی ئێراندا دەیبینین، یاخود لە ساتی هەڵبژاردنی ئۆبامادا لە ئەمریکا بینیمان.

لێرەداهەڵەی‌هەرەگەورەئەوەیەکەفیکر خۆی بیەوێت شوێنی سیاسی بگرێتەوەو هەوڵبدات لە نێوان فیکرو سیاسەتدا ئەو دیوارە نەمێنێت کە جیایاندەکاتەوە، ئەمە ئەو هەڵە ئەفلاتوونییە کوشندەیەیە کە دواتـر مارکسییەکان بەشێوەیەکی تر دووبارەیدەکەنەوە. هوشیاریی گۆڕان فەزای پەیوەندی‌و دیالۆگە، نەوەک فەزای لە ناو یەکدا تواندنەوەو یەکگرتن، فەزای گوێگرتنی جیاوازییەکانە لە یەکتر، نەوەک فەزای هەڵگرتن‌و سڕینەوەی جیاوازی. سیاسەت‌و فیکر لەسەر جیاوازییەکی جەوهەری دروستبوون، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەت ئامانجێکی سەرەکی هەیەو کەرەستەیەکی سەرەکی هەیە کە فیکر نییەتی، ئەویش دەستبەسەراگرتنی کەرەستە مادییەکانی ڕکێفکردنی کۆمەڵگایە، واتە پراکتیککردنی دەسەڵات بە مانا مادیی‌و ئابوورییەکەی واتە کۆنترۆڵکردنی ئیدارەو مۆنۆپۆڵکرنی مافی توندوتیژییە. ئەوەی فیکر یان ڕۆشنبیر هەوڵبدات کە سنوور لە نێوان خۆی‌و سیاسەتدا نەهێڵێت یان وەک مۆدێلە کلاسیکییەکە بانگەشەی بۆدەکات سنوور لە نێوان حەکیم‌و حاکمدا نەمێنێت، فیکر لەوە دەردەکات فیکر بێت‌و دەیگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیایەک کە لە شوێنگەی دەسەڵاتەوە قسە لەگەڵ گوتارە فیکرییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا دەکات، واتە لە تێزێکی مەعریفییەوە دەگوازێتەوە بۆ تێزێکی ئایدۆلۆژی‌و سیاسی‌و جەوهەری خۆی وەک فیکرێک کە لە ناو سیاقێکی مەعریفیدا ئیشدەکات دەگۆڕێت بۆ چەکێک کە لەسەر دەرکردن‌و دوورخستنەوەو ئیفلیجکردنی گوتارە فیکرییەکانی دی ئیشدەکات. واتە لەو ساتەدا کە فیکر لە سیاسەتدا دەتوێتەوە، هەتا ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە ئاسۆی ڕوناکیشی تێدابێت، لە ئاستی فیکردا لەسەر کۆنترۆڵکردن‌و دەرکردن‌و بچووککردنەوەی گوتارە فیکرییەکانی دی پایەگیردەبێت. دروست ئەمەیە خیانەتی فیکر لە فیکر یاخود خیانەتی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیر، واتە ئەو ساتەی کە فیکر دەبێتە سیاسەت سروشتی دیالۆگ بە ئەرگومێنێت لە ناودەچێت‌و دەبێتە دیالۆگ لە نێوان دوو هێزی ناهاویەکدا کـە یەکێکیان کەرەستە مادییەکانی دەسـەڵاتـی بەدەستەو یەکێکیان تەنیا گوتارێکی مەعریفییە بۆ دونیا. هەر فیکرێک دەبێت بە سیاسەتی پەتی سەرەتا تێزە فیکرییەکانی تر بێدەنگدەکات، مارکسیزم لەدەسەڵاتدا یەکەمین شت کردی سەرکوتی سەرمایەدارەکان نەبوو، بەڵکو سەرکوتی ڕۆشنبیرە نامارکسیستییەکان بوو. هەتا لە سیستمی لیبرالیشدا، ڕۆشنبیران‌و ئەوانەی لـەدەرەوەی سیستمی سیاسی‌و ئەخلاقی باون، هەر ئەوانەن زامنکەری سەرەکی جیاوازین لەسەر ئاستی ناوخۆو گلۆباڵدا، نەوەک ئەو لیبراڵانەی حوکمدەکەن. فیکر لە یەک کاتدا دەتوانێت نەگۆڕێتە سەر دۆگماو ئایدۆلۆژیا، نەگۆڕێتە سەر گوتارێک کە فەزای دیموکراسی نێوان گوتارەکان وێراندەکات، کاتێک کە نەبێتە سیاسەت‌و تەنیا هێزێکی فشاری گەورەبێت لەسەر سیاسەت، واتە سیاسەتی فیکر بریتیی نییە لە بەشداریکردن‌و پراکتیکردنی سیاسەتی سیاسەت، بەڵکو بریتییە لە فشارێکی هەمیشەو بـــەردەوام بۆ جڵەوکردن‌و مۆراڵیزەکردن‌و عەقلانیکردنی سیاسەت. واتــە ئامادەگی فیکر لە ناو سیاسەتدا بۆئەوە نییە کە ئەویش «وەک سیاسەت سیاسەت بکات» بەڵکو بۆئەوەیە نەهێڵێت سیاسەت هەمیشە هەر سیاسەت بکات‌و ناچاریبکات لە گەمەکانی خۆی بێتەدەری‌و تێکەڵ بەو تێزو بۆچوون‌و ئایدیانەش بێت کە ئاسۆی دی لە بەردەمدا دەکەنەوە. سیاسەتیش لەیەککاتدا دەتوانێت نەگۆڕێتە سەر سیاسەتێکی داخـراوو دیکتاتۆر کە خۆی بۆ ئەو فشارە بکاتەوەو لێگەڕێت گوژمی ئەو هێزە بە ڕاستی بە ناو ژیانی سیاسیدا تێپەڕێت. ئەوەی کە ئەم فەزایە لە سیاسەتدا دابیندەکات «هوشیاریی گۆڕانە». هوشیاریی گۆڕان لە ناوەوە کایەی سیاسی کەرتدەکات «وەک ئێستا بەزەقی لە ئێران‌و کوردستاندا دەیبینین»، ئەم کەرتکردنەش لە ســوودی فیکرە، چونکە لە نـاو ئەو کەرتبوونەدا گۆڕان دەتوانێت ستراکتورە جێگیرو نەگۆڕەکان بخاتە ژێر فشارێکی گەورەوەو بەرەو چاندنی دینامیکییەتی نوێ بیانجوڵێت.

دیارە سیاسـەت هەمیشە بوونەوەرێکی دووســەرە، سەرێکیان لە دەسەڵاتدایەو سەرێکیان لەئۆپۆزسیۆندایە، واتەسەرێکیان پراکتیکی دەسەڵات دەکات‌و سەرەکەی دیان دژی دەوەستێتەوەو سنووری بۆ دادەنێت، سەرێکیان حوکمدەکات‌و سەرێکیان حوکمدەکرێت، سەرێکیان دەیەوێت شتەکان لە کایەی سیاسیدا وەک خۆیان بمێننەوە، سەرەکی دییان دەیەوێت ئیلیتی سیاسی‌و ئیلیتی حوکمران دوو ئیلیتی کراوەبن‌و بەردەوام ئاڵوگۆڕیان تێدابکرێت، سەرێکیان دەیـەوێـت پـرۆسـەی گـۆڕانـی فیکری‌و کۆمەڵایەتی نەبێتە گۆڕانی سیاسی‌و تا ئەو جێگایە گۆڕانی دەوێت کە دەستکاری دەموچاوەکانی ناو نوخبەی دەسەڵاتدار نەکات، سەرەکەی تریشیان بە پێچەوانەوە دەیەوێت، گۆڕان ڕاستەوخۆ دەموچاوە بەرزەکانی ناو کایەی سیاسیش بگرێتەوە. لێرەوە ئاشکرایە کە ڕۆشنبیر بە حوکمی وەزیفە فیکرییەکەی هەمیشە لە ئۆپۆزسیۆن نزیکترە، واتە ڕاستە فیکر فشار لە تەواوی کایەکە دەکات، بەڵام ئەم فشارە بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەوە دەکرێت کە هێزە

> **هوشیاریی گۆڕان بریتییە لە ڕۆحییەتی پراکتیک لەناو تیورەو ڕۆحییەتی تیورە لە ناو پراکتیکدا، بریتیشە لە ڕۆحییەتی کرانەوە لە سیاسەتدا بەسەر ئەو هێزو تێزانەدا کە سیاسی نین‌و ڕۆحییەتی کرانەوە لە ناو کایەو بکەرە ناسیاسییەکاندا بەسەر چارەنوسی فەردو کۆمەڵگاو پرسیارو ئەگەرەکانی داهاتوودا، واتە هوشیاریی گۆڕان ئەو ڕووبەرەیە کە سیاسی‌و ڕۆشنبیران‌و خەڵک پێکەوە لە ناو یەک پرۆسەی پەیوەندیدا کۆدەکاتەوە**



# سەرۆکی شڵەژاو!

**د. هەژار مەعروف/ئەڵمانیا**

مرۆڤ شابێت یان سەپان لە جەستەو عەقڵ (ئاوەز)و سۆز (عاتیفە، feeling) پێکدێت. لە سیاسەتو بواری چالاکیی گشتیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا، لەم سیانەدا لە هەموویان ناسکترو راستگۆترو خەتەرتر سۆزە، چونکە سۆز ئەگەر ئاگاداری نەبیت و لغاوی نەکەیت و کۆنترۆلی تەواوت بەسەریدا نەبێت، ئەوا کاری واتپێدەکات کە دژی عەقڵو مەنتیقەو دواتر پەژیوان دەبیتەوە لەو کارانەی بە فەرمانی ئەوکردووتە. سۆز سەدان چەشنو جۆرو ئاستو لەرووی چەندایەتیشەوە چەندان پلەی بەرزیو نزمی هەیە. ترس، تووڕەیی، غەم، نائومێدی، رق، خۆشەویستی، تۆرانو خیشکردن... لە جۆرەکانی سۆزدا لە هەموویان ناسکترو بنەڕەتیتر سۆزی (نارسیزم ــ النرجسیة)یە، کە بەمانای (خۆشکۆییو خۆبەشتزانی) دێت. یەکێک لە سۆزە گەلێک گرنگەکانی دیکە، سۆزی (ترس)ە. سەرنجی وردمداوە، لەوەتەی (لیستی گۆڕان) هاتووەتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوەو ئەو پشتگیریە فراوانو قوڵەی لە کۆمەڵانی خەڵکەوە لێیدەکرێت، پارتیو یەکێتیی لەرووی سۆزەوە تەواو گرژو مۆن کردوەو شڵەژاندوونی. ئەم دوو حیزبە کە هێشتا خاوەنی هەموو دەستەواژەو ئامرازەکانی دەسەڵاتن، کەچی هێشتا ترس لە دۆڕاندنی بێتوندوتیژیی دەسەڵات لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە، سەرتاپای بوونو وجودیانی داگرتووەو هەژاندووەو (سۆزی خۆبەشتزانی) یانی روشاندووەو بریندارکردوە.

لــــە(٢٤-٦-٢٠٠٩) لــە یاریگەی نێودەوڵــەتــیی ـــ هەولێر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی(لیستی کوردستانی) بەڕەسمی ڕاگەیەنرا، سەرۆک تاڵەبانیو پاشان سەرۆک بارزانی هەر یەکە نزیکەی(٢٠) خولەک وتاری خۆیان پێشکەشکرد. سەرۆک بارزانی ڕوودەکاتە چەند سەد گەنجێکی یاریگاکەو سوپاسی بێپایانی ئامادەبوونیان دەکات، دەڵێت: (پەیامەکەتان ڕوونو ئاشکرایە کە لیستی کوردستانی، بەڵێ لیستی کوردستانە)، ئێ خۆ لیستی کوردستانی لیستی ئەفغانستانو تاجیکستان نییە! ئەمە هەڵچوونو شڵەژانی کەسێکە کە لە ناخی خۆیدا زۆر زۆر پێویستیی بە چەپڵەو پیاهەڵدان هەیە، وەک مەرهەم (هەتوان) بۆ سارێژی برینەکانی ئەو هەمووە ڕەخنەیەی لە چەند ساڵی داهاتوودا لە خۆیو سەرۆکایەتیەکەیو حکومەتی هەرێم گیراوەو بەردەوام دەگیرێت، بووەتە هۆی زامدارکردنی (سۆزی خۆبەشتزانی) تێیدا ئینجا دەڵێت (وەڵامێکی بەهێزی ناحەزانو دوژمنانی گەلەکەمانتان دایەوە کە دەڵێن گەنجان نارازینو کوردستان بەجێدێڵنو ئەرکی سەرشانیان بەجێناهێنن). بارزانی وای دەبینێت کە بە ئامادەبوونی چەند سەد گەنجێک بۆ گوێگرتن بۆ وتارەکەیو چەپڵەلێدان بۆی، ئیتر گەنجان ئەرکی سەرشانیان بەدیهێناوەو کوردستان بەجێناهێڵن، بەڵام ڕێگاوبانەکانو رووبارەکانو دەریاکانی هەڵاتنو ڕاکردنی گەنجان، زیندانو کەمپەکانی پەنابەرانیوڵاتانی ئەورووپاو... شایەتی زیندوون کە بەداخەوە کۆچو ئاوارەبوونی گەنجانی کورد بەردەوامە، بەڕاستی ئەمە هەڵوێستی سەرۆکێکە کە پەیوەندی بە واقیعی زیندوو نەماوەو کێشەو ڕووداوو بەسەرهاتەکانی خەڵک لە دەستی دوو سێو چوارەوە دەبینێو دەبیستێت، کێن ئەو (ڕاسپۆتینو بەکر مەرگەوەڕو چابلوسانەی) دەوری سەرۆکیان داوە، ناهێڵن ڕاستیەکان ببینێت وەک خۆیان کە هەن، بارزانی دەڵێت: (داواتان لێدەکەم بە هیچ کەسێک ئیستیفزاز نەبن. دەبێت ئێوە زۆر بەرزتربن لەوەی بێنە ئەو مستەوایە کە ڕاتانکێشن بۆ هەڵویستێکی ناڕاست بۆ ئەوەی بیکەنە بەهانە). ئەڵبەتە ڕۆژێک پێش ئەم قسانە سەرنووسەرانی (لڤین)و (هاوڵاتی)و ( ئاوێنە) لە هەڵوێستێکی جوامێرانەی مێژوویی‌دا داوەتێکی سەرۆک بارزانیان بۆ دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕەتکردبووەوە، وەک نارەزایی بەرامبەر بڕیاری ئەو بۆ تێپەڕاندنی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان بەسەر پەرلەماندا. (لیستی گۆڕان) بەهێمنیو ئەدەبو دڵسۆزیو پەرۆشو هەست بە لێپرسینەوەیەکی گەورەوە بڕیارەکەی پەرلەمانی ڕەتکردەوە بە بەتاڵ دانا، چونکە پەرلەمان لە (٤- ٦ -٢٠٠٩)

**وتی (ئینشائەڵلا لە (٢٥-٧-٢٠٠٩) ئەم دەستوورەش دەنگی لەسەر دەدرێت، دەبێتە چقڵی چاوی هەموو ناحەزو دوژمنان). بەڕاستی ئەمە قسەی مرۆڤێک نییە کە بیەوێت ببێتە سەرۆکێکی میهرەبانو خۆشەویستی هەموو خەڵک، بە نەیارو ڕەخنەگرەکانیشیەوە، سەرۆکێکی هێژاو دەلال کە زۆرینەی خەڵک خۆشیان بوێت نەک لە گەڤو هەڕەشەکانی بترسنو لە ترسا دەستبگرن بە سینگیانەوە بۆی، لەو شوێنەی هەڕەشەو ترساندنو تۆقاندن هەبێت، موستەحیلە خۆشەویستیو ڕێزی ڕاستەقینە هەبێت!**

کاتی یاسایی بەسەرچووەو ڕەشنووسی دەستوورەکە بە تێروتەسەلی لەناو خەڵکدا باسو لێدوانی لەسەر نەکراوە. وادیارە (سۆزی خۆبەشتزانی) لای سەرۆک بارزانی بەم (٢)ڕەتکردنەوەیەو لەمەش قوڵترو کاریگەرتر بەوە برینداربووە کە لیستی ترو پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی دیکە هاتونەتە مەیدانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەوەوو پلانەکانی ئەو بۆ مانەوە لەسەر کورسیی دەسەڵات دەخەنە ژێر پرسیاری عەقڵو لۆجیک، دەنا بە کام پێوەری عەقڵیو بە کام بەڵگە مستەوای لایەنگرانی ئەو لە مستەوای لایەنگرانی لیستەکانی دیکە بەرزترە؟ چما لایەنگرانی ئەو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی ڕەوشتو زانستو هونەرو وەرزشو ئەدەبیاتن لە کوردستانو لە هەندەران؟ پاشان پێمان ناڵێت بەهانە بۆچی کردارو چی هەڵویستێک؟ ئەو حەقی بوو بە لایەنگرانی بڵێت: تکاتان لێدەکەم بەهیچ جۆرێک پەنا نەبەن بۆ هێرشکردنە سەر لیستەکانی دیکە، ئەگەر کاری نارەوای وا بکەن تووشی سزا دەبن لە خودی خۆمانەوە. دواتر دەڵێت: پەیمانمان داوە بۆ گەرەنتیکردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو شەفاف بۆ ئەوەی کەس مەجاڵی ئەوەی نەمێنێت تانەی لێبدات. سەرۆک دەبوایە بڵێت: ئێمە لە قەناعەتی تەواوی خۆمانەوە دەمانەوێت هەڵبژاردنێکی ئازادو پاکو بێ توندوتیژی بەڕێوەبەرین، نەک لەبەر ترسی ڕەخنەی دەرەوەی خۆمان. ئەو دەڵێت: داوامان کردووە لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆرترین ژمارەی چاودێری بێگانە بێن بۆ کوردستان. لێرەدا وادەردەکەوێت کە سەرۆک خۆیو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئەرکە گرنگە دەخەنە سەر شانی دەسگایەکی تەکنۆکراتی عێراقی کە نە ئەوەندە پارەی هەیەو نە ئەوەندە پەیوەندیو تێکەڵیی هەیە تا بتوانێت لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا چاودێرانی بیانی بۆ کوردستان بێنن.

سەرۆک بارزانی کە خۆی بە سەرۆکێکی نەتەوەیی دەزانێت ــ ئەوەتا دەڵێت با ڕۆژی (٢٥-٧) بکەینە جەژنێکی نەتەوەیی ــ دەبوایە لەسەر حسابی پارەی زۆری سەرۆکایەتی یان هی حکومەتی کوردستان بەلانی کەمەوە دەیان کەسایەتیی دڵسۆزو کارای کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەڕێزو حورمەتەوە وەک چاودێر داوەت بکردایە، بۆیە من گومان دەکەم پارتیو یەکیتی حەزبکەنو بە ڕاستی بیانەوێت چاودێرانی بێلایەن لەدەرەوەی کوردستانەوە بگەڕێنەوە، ترس لە شکست لە هەڵبژاردنەکاندا وا سەر لە سەرۆک بارزانی دەشێوێنێت کە بڵێت (جارێکی دیکە لەم کوردستانە لە پارتیو یەکێتی نزیکتر نابن بۆ یەکتری). بەڕاستی مرۆڤ وادەزانێت کە سەرۆک باسی ژنو مێردێکی کاسۆلیکی دەکات کە ئایینەکەیان ڕێیان نادات هەرگیز لە یەکتر جودابنەوە! (چەرچل)ی سەرۆک وەزیری پێشینی بەریتانیا دەڵێت: (لە سیاسەتدا دۆستو دوژمنی هەمیشیی نییە، سودو بەرژەوەندیی هەمیشیی هەیە). سەرۆک ترسو تۆقانو نیگەرانی لە دۆڕاندنی هەڵبژاردنەکان وای لێدەکات هەڕەشەئامێز بڵێت: ( جارێکی دیکە ڕێگا نادەم دوژمنان یاری بە چارەنووسی گەلەکەمان بکەن)، پێمان ناڵێت دوژمنان کێنو جاری پێشتر چۆن یاریان بە چارەنووسی گەلەکەمان کردوە، ئەم جارە چۆن ناهێڵێت یاریی پێبکەن! ئەگەر هێماکردنە بۆ شەڕی براکوژی، ئەوا خۆیو سەرۆک تاڵەبانی لەبەرامبەر خواو مێژوودا لەو شەڕە نەگریسەدا بەشی شێریان بەردەکەوێت، کامیان چەند کەمترو چەند فرەتر، ئەوە دەبێت مێژوونووسانی ڕاستەقینەو بێلایەن نەک هی دەربارو موزەوەر ئەنجامگیریی بکەن، من دەترسم، هەر زۆر دەترسم مەبەستی سەرۆک بارزانی لە (دوژمنان) مونافیسە سیاسیە کوردەکانی گەلەکەمان بێت لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥- ٧- ٢٠٠٩) نەک داگیرکەرانی کوردستان!

کاتێک بارزانی وتی (لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو لیستو قەوارەکان کە هەموویان لە کۆتایدا کوردنو کوردستانین، براوکەسی ئێمەن) دڵم ئاوی خواردەوەو هەموو ناخو هەناوم دەستخۆشی لێکرد. بەداخەوە خۆشیەکە دوو خولەکی خایاند، چونکە دوای ئەوە وتی(ئەوانەی نایانەوێت ڕووناکی ببینن، ڕاستیو حەقیقەت ببینن، با هەر بۆخۆیان بڵێن)، بەمە بارزانی قسە ڕاستو جوانەکەی پێشتری خۆی بەتاڵکردەوەو هەموو پردەکانی لەگەڵ ڕەخنەگرانی دڵسۆزو دروستکەری کوردستان پساندو ویرانکرد. پاشان سوپاسێکی زۆری پەرلەمانی کوردستانی کرد کە (٢٤- ٦- ٢٠٠٩) پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد. ئینجا بە تۆنێکی ڕەقو زبرو تووڕە بارزانی وتی (ئینشائەڵلا لە (٢٥-٧-٢٠٠٩) ئەم دەستوورەش دەنگی لەسەر دەدرێت، دەبێتە چقڵی چاوی هەموو ناحەزو دوژمنان). بەڕاستی ئەمە قسەی مرۆڤێک نییە کە بیەوێت ببێتە سەرۆکێکی میهرەبانو خۆشەویستی هەموو خەڵک، بە نەیارو ڕەخنەگرەکانیشیەوە، سەرۆکێکی هێژاو دەلال کە زۆرینەی خەڵک خۆشیان بوێت نەک لە گەڤو هەڕەشەکانی بترسن، لە ترسا دەستبگرن بە سینگیانەوە بۆی، لەو شوێنەی هەڕەشەو ترساندنو تۆقاندن هەبێت، موستەحیلە خۆشەویستیو ڕێزی ڕاستەقینە هەبێت!

بارزانی لە هەموو وتارەکەیدا یەک ڕەخنەی لە کارنامەی (١٨) ساڵەی دەسەڵاتی پارتیو یەکیتی نەگرت، هێمای ناڕاستەو خۆشی بۆ یەک کێشە لەو هەزاران کێشانەی کۆمەڵی کوردستانو سیاسەتی کوردی نەکرد، لەمەش خراپتر بە ڕوونیو ئاشکرا دەساو دەسکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات لە ڕێی پەرلەمانەوە ڕانەگەیاندو نەیسەلماندو دانی پێدا نەنا، بیری چوو؟ بڕوای پێ نییە؟ پێش وەخت بردنەوەی هەڵبژارنەکانی مسۆگەرکردووە؟ نازانم!

ئەم خوتبەیە خوتبە نەبوو کارەسات بوو! کە وا کەوتەوە هۆکەی زاڵبوونی (سۆزە هەڵچوو هەژارو وبریندارەکانی ترسو خۆبەشتزانینی) بارزانی بوو بەسەر ئاوەزو عەقڵو بیرو هۆشیدا. لە سەرەتادا نووسیم سۆزەکان ڕاستگۆن، لە سیاسەتو بواری چالاکیی گشتیوکۆمەڵایەتیو ئابووریدا، ئەگەر لەغاویان نەکەین دەشێت گەلێک گەلێک خەتەرناک بن!!

ڕۆژی (٢٤- ٦-٢٠٠٩ ) کە تێیدا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش بە فێڵو پاڵو گوشینو سازشی حیزبی تەسک تێپەڕێنرا حەقیەتی ناوبنرێت بە ڕۆژە ڕەشەکەی کوردستان!

**سەرۆک ترسو تۆقانو نیگەرانی لە دۆڕاندنی هەڵبژاردنەکان وای لێدەکات هەڕەشەئامێز بڵێت: (جارێکی دیکە ڕێگا نادەم دوژمنان یاری بە چارەنووسی گەلەکەمان بکەن)، پێمان ناڵێت دوژمنان کێنو جاری پێشتر چۆن یاریان بە چارەنووسی گەلەکەمان کردوە، ئەم جارە چۆن ناهێڵێت یاری پێبکەن! ئەگەر هێماکردنە بۆ شەڕی براکوژی، ئەوا خۆیو سەرۆک تاڵەبانی لەبەرامبەر خواو مێژوودا لەو شەڕە نەگریسەدا بەشی شێریان بەردەکەوێت، کامیان چەند کەمترو چەند فرەتر، ئەوە دەبێت مێژوونووسانی ڕاستەقینەو بێلایەن نەک هی دەربارو موزەوەر ئەنجامگیریی بکەن، من دەترسم، هەر زۆر دەترسم مەبەستی سەرۆک بارزانی لە (دوژمنان) مونافیسە سیاسیە کوردەکانی گەلەکەمان بێت لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥- ٧- ٢٠٠٩) نەک داگیرکەرانی کوردوستان!**

## کەوابێت دەیانزانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی چییە!!



**بناری مام خاڵۆ**

لەماوەی رابردوو هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان، زۆربەی ڕەخنەکانو کۆی ئەو باسانەی دەکران، هەمووی دەگەڕایەوە بۆئەوەی کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەبەشێکی زۆری دامودەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتدا بوونی نییە، ئەوەش هۆکاری زۆربەی کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو لەسەرووی هەموشیانەوە هۆکاری گەندەڵییەکان بوو، زۆر باسی گرفتەکانو چارەسەرەکانیان دەکران، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە زۆربەی باسەکان جێبەجێ نەکران، بۆئەوەی لە گەندەڵییەکان کەمبکرێتەوە.

ئەوەی کە زۆر سەیرە ئێستا لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن زۆربەی حیزبەکان دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان بەرزکردووەتەوە، ئەوەی لێرەدا پرسیارە ئەوەیە کە ئەوانە تاکو ئێستا لەکوێ بوون؟

لە پەرلەمانی کوردستان زۆر بڕیارو یاسا دەرچوون بۆ چاککردنی ئەو ڕەوشەی کە هەبوو، یەکێک لەو یاسایانە یاسای ڕۆژنامەنووسان بوو، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە جێبەجێکردنی کردەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە دەرچوونی یاسایەکە، هەمان پێشێلکاریی ڕوبەڕووی ڕۆژنامەنووسان کرایەوە، لەهەمانکاتدا ڕۆژنامەنووس هەیە زۆر ئازادەو لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکرێت؟!

هەر لەو هەرێمەی خۆمان دەرچووی زانکۆ هەیە، زۆر سەرکەوتووانە زانکۆی تەواوکردووەو پلەو نمرەی باشی بەدەستهێناوە، لەبەرئەوەی حیزبی نەبووەو کەس ناناسێت، دانەمەزراوە. هاوپۆلەکەی لە خولی دووەم دەرچووەو نمرەکانی هەمووی پەسەندە، لەبەرئەوەی واستەی هەیە، پێش ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی وەربگرێتەوە، دامەزراوە. لەو هەرێمەی خۆمان دوو قوتابخانە لەتەنیشت یەکترن، یەکێکیان ئەوەندە گرنگی پێدراوە منداڵەکان هەر حەزدەکەن بەیانیان زوو لێدابێتو بچن بۆ خوێندن، ئەوەی دیکە ئەوەندە ساردوسڕو ناخۆشە منداڵ ناتوانێت چرکەیەکیش تێیدا بخوێنێت. هەر لەو کۆمەڵگایە تاک هەیە یەک بست زەوی نییە، هەشە منداڵەکەی ناو بێشکەی چەندین زەوی بەناوەوەیە، تاک هەیە نان نییە بیخواتو تا سەرە مانگ دادێت کەس نامێنێت پارەی لێ قەرز بکات، تاکیش هەیە لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدایە. ئەوەیە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی؟ ئەی ئەوانە هەر هەمان حیزب نین؟

حیزبێک تاکو ئێستا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێبەجێ نەکردبێتو بەرپرسەکانیان بۆ منداڵە هەرە بچووکەکەیان ئۆتۆمبێلو ڤێلاو باڵەخانەیان کڕیبێت، خزمو دۆستو برادەرەکەنیان لەسەرەوەی سەرەوە بێتو ئەوەی پێیان بڵێت لەسەرووی چاوتانەوە دوو برۆ هەیە ئەوپەڕی کینەی بەرامبەر هەڵدەگرن، چۆن ئەمڕۆ دوای هەڵبژاردن دەتوانن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن؟

ئەوانەی لەبری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان گوندی ئەڵمانیو ئینگلیزیو ئیتاڵیو.......هتد ئاوەدان دەکەنەوە، باوەڕ ناکرێت دوای ئەو هەڵبژاردنە گوندەکانی کوردستان ئاوەدان بکەنەوە.

ئەوانەی تا دوێنێ لەناو گەندەڵی تلابوونەوە چۆن دەتوانن بەیانی هەموو مافەکانمان پێبدەنو دادپەروەر بن! باوەڕناکرێ کوڕە براو کوڕە خوشکەکەی لابداتو کوڕە هەژارێک یان کچە هەژارێک لەشوێنی ئەو دابنێت.

ئەوەی ئەمڕۆ دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرزکردووەتەوە دەبوایە لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونیەوە کاری بۆ ئەمڕۆ بکردایە، پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی داهاتوو لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە دەچیتە سەر کورسییەکەی کە هەمووت دەگۆڕێت، بەمڕۆ پێکنایەت.

SAMSUNG




00964 770 152 0089
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com


کۆمپانیای بەیاد
B
BAYADGROUP
Bayad Company

سلێمانی – شەقامی سالم – تەلاری جەمال حاجی عەلی – هەولێر – شەقامی پیرمام – تەنیشت بەزینخانەی شۆڕش – بەغداد – کەرادە – شەقامی سەددە

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ



بۆ وەبەرهێنانی
خانووبەرە
هەلێکی زێرین...



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆلینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاولاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک – شەقامی سەرەکی – بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
0750 152 1717-0770 152 9392- 0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.

## ڕادیۆی دەنگی گۆڕان
## لە هەولێر

**ئاگاداری بیسەرانی بەڕێز دەکاتەوە کە دەتوانن لەم ناوچانەی خوارەوە گوێبیستی بەرنامەکان بن**

لە دەڤەری گەرمیان، شارەزور، حەوزی بتوێن، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، تەقتەقو کۆیە، بە فریکوێنسی FM 94.4

لە هەولێریش بە فریکوێنسی FM 89.5

Dangi
Gorran

**لە سەرتاسەری جیهانیشدا لەسەر فریکوێنسییەکانی KNN دەتوانن گوێبیستی بەرنامەکان بن**

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

www.netewe.com

رۆژی دیکە دەیگۆڕین
٢٦

# گۆڕا بەرەو

٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 6 Date. 30-6-2009 | ٣٠-٦-٢٠٠٩ | ژمارە: (٦)

## نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکدا بۆ گەنجان:

# ئەنجامنەدانی هاوسەرگیریی ژمارەیەکی زۆری کوڕو کچ دەگەڕێتەوە بۆ بێدادیی لە دابەشکردنی سامانو دامەزراندندا

بۆ ل٣




# لیستی گۆڕان نەخشەی سیاسیی هەرێم دەگۆڕێت

گۆڕا

نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبەردەم گۆڕانێکی چارەنوسسازی چاوەڕوانکراودایە، بەوپێیە قەوارە سیاسییەکان هەولەکانیان خستووەتەگەڕ بۆئەوەی گۆڕانێکی ریشەیی لە ساحەی سیاسیدا بکەن. چاودێرە سیاسییەکان دەڵێن: بەهۆی هاتنە مەیدانی قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز، هەموولایەک لەو گریمانانە دڵنیابوونەتەوە.

رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەو رۆژەیە کە چاودێرە سیاسییەکان بە رۆژی گۆڕانی نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی ناودەبەن، کە بە بەشداریی چەندین قەوارەی سیاسیی بەهێز، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (٤) ساڵی دیکە هەڵدەبژێردرێت، دەبێتە دواساتەوەختی سەردەمی قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە.

لە ل٤ بەدواداچوونێک بڵاوکراوەتەوە

# کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لە بەرنامەی کارکردنیان دەدوێن

ل ٢

# بزوتنەوەی دوارۆژی کوردستان داوا لەلایەنگرانی دەکات دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن

رێبین فەتاح

بزوتنەوەی دوارۆژی کوردستان کە بنکە جەماوەرییەکەی لە پارێزگای هەولێرە، رایدەگەیەنێت، کە تەواوی دەنگەکانی خۆی دەخاتە پاڵ لیستی گۆڕانو سکرتێری بزوتنەوەکەش داوا لە سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی بزوتنەوەکەو هاوڵاتیانی کوردستان دەکات دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە تەنها لیستێکە توانای سەرخستنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی هەیە.

سەمەد وسو ئەحمەد، سکرتێری بزوتنەوەیەی دوارۆژی کوردستان بە (بەرەو گۆڕان)ی راگەیاند، کە وەک بزوتنەوەی دوارۆژی کوردستان بڕیاری ئەوەیانداوە دەنگەکانی خۆیان بخەنەپاڵ لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانو داواش لەسەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی بزوتنەوەکەو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

سەمەد وسو ئەحمەد، بڕیاری پاڵپشتیکردن لە لیستی گۆڕان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە بزوتنەوەکەیان لە سەرەتاوە باوەڕی بە گۆڕانکاری بووە لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانداو ئەمەش تەنها لە لیستی گۆڕاندا بەرجەستە دەبێت، لەو روانگەیەوە دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەو ئەندامانی خوارەوەی بزوتنەوەکەدا، بڕیاری ئەوەیان داوە بەبێ هیچ بەرامبەرێک دەنگەکانی خۆیان بخەنەپاڵ لیستی گۆڕان، چونکە ئامانجی ئەوان نوێخوازییو رووبەرووبوونەوەی گەندەڵیو دژایەتیکردنی پاوانکردنی دەسەڵاتو بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەو پێیانوایە لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو ئامانجانەی ئەوان هەڵیانگرتووە بەدی بهێنێت.

سەمەد وسو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەزاران ئەندامو لایەنگریان هەیەو پێگە جەماوەرییەکەشیان کەوتووەتە پارێزگای هەولێرەوەو کۆی ئەندامو لایەنگرانی بزوتنەوەکەشیان بەپێی شوێنی دانیشتنیان پەیوەندییان بە بنکەکانی لیستی گۆڕانەوە کردووەو لەلایەن سەرکردایەتی بزوتنەوەکەوە راسپێدراون وەک ئەندامێکی لیستی گۆڕان بۆ سەرخستنی لیستەکە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا کاربکەن.

### ئاگادارییەک بۆ هاوڵاتیان

بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو بڵاوکراوەکەمان، داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەر هەواڵێک یان رووداوێکیان بینی، لەجۆری خروقاتی هەر لیستێک بەرامبەر لیستێکی دیکە یان هەرمەسەلەیەک کە بچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیوەندی بەم ئەدرەسانەوە بکەن (٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ یان ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩) یان ئیمەیلی (p.goran@ymail.com)

## سامانی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستانە، نەک بۆ تاقمێکی بچوک

www.netewe.com

# نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکدا بۆ گەنجان:

# «لیستی گۆڕان کاردەکات بۆئەوەی دیاردەی مەحسوبیەتو واسیتەو حیزبایەتی بۆ پەیداکردنی هەلی کار، لەناوببات»

## خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش.

تەوەری قسەکردنی ئەمجارەمان یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانە، کە ئەویش (کێشەی گەنجانە).

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کاتێ باس لە گەنج دەکەین، مەبەستمان کچو کوڕە بەژن و پیاوەوە، واتە مەبەستمان تەنیا لە ڕەگەزی نێرینە نییە، بەڵکو مەبەستمان لە هەردوو ڕەگەزەکەیە.

گەنج سامانێکی گەورەی گەلەکەمانە، گەلان لە هەڵسەنگاندنی توانای خۆیانو دەوڵەمەندیی وڵاتەکەیاندا تەنیا ئەرزو ئاوو سامانی سروشتی هەژمار ناکەن، بەڵکو سامانی مرۆیی لە پێش هەموو سامانێکە وە دادەنێن.

گەنج بەنرخترە لە نەوتو زێڕو زیو، ئەگەر زەوی بەپیتو ئاوی زۆریشت هەبێت، بەڵام دەستی کاری گەنجی شارەزات نەبێت چی لێ دەکەیت؟

ئەگەر هەموو وڵاتەکەت بیرە نەوت بێت، بەڵام دەستی کاری شارەزات نەبێت چۆنی دەردەهێنیت؟ ئەگەر وڵاتەکەت هەمووی زێڕو زیو بێت، بەڵام دەستی کاری گەنجی شارەزات نەبێت چۆنی بەرهەم دەهێنیت؟.

بەڵام گەنجی کورد، تەنانەت ئەوانەش کە خوێندنی زانکۆو پەیمانگەکانیان تەواوکردووە، ناتوانێ ئێستاو پاشەڕۆژی خۆی دابین بکات، بە ئارەزووی خۆی کاری گونجاوی دەستناکەوێت، ناتوانێت مەسرەفی پێویستیەکانی ژیانی بکات، ئەگەر لە دائیرەکانیش دابمەزرێت مووچەکەی بەشی ئەوە ناکات، خانوویەک بەکرێ بگرێت، کەلوپەلی ناوماڵ بکڕێ، ژنبهێنێو خێزان دروستبکات، ئۆتۆمبێل بکڕێت، سەیرانو سەفەر بکات.

سەرباری ئەمانە هەمووی شوێنی کات بەسەربردنو وەرزشو گۆرانیو مۆسیقای نییە، لەبەر ئەوە دەبینین لە بۆشاییدا بەخەمەوە دەتلێتەوەو چارەسەر تەنیا لەوەدا دەبینێت کە سەری خۆی هەڵبگرێتو کۆچ بکات بۆ ئەوروپا.

هۆیەکی سەرەکی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کوڕو کچ، نەیانتوانیوە هاوسەرگیری بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ بێدادی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانیو بێدادی لە دۆزینەوەی هەلی کارو نەبوونی دادپەروەریی لە دامەزراندن لە دامودەزگاکانی حوکمەتداو لە نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری بەهێزدا کە دەرفەتی کار بۆ لاوان برەخسێنێت، ئەمە لە کاتێکدا لە هەلومەرجی ئێستادا، نە لە بواری کاری حوکومیداو نە لە بواری بازاڕی ئازادا هەلێکی ڕاستەقینە لە بەردەم گەنجاندا نییە.

لە هەلومەرجی ئێستادا کێشەی گەنجان گرنگترین کێشەی کۆمەڵایەتیە، چونکە زۆرترین ڕێژەی بێکار لەناو گەنجاندایە، زۆرترین ژمارەی بێبەش لە خۆشیەکانی ژیانو کەمترین دەرفەتی کار لەبەر دەم لاواندایە، بۆیە دەبێت ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێت، چونکە گەشەکردنی وڵاتەکەمانو پێشکەوتنیو ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەندە بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە، کە کێشەی گەنجانە.

> لیستی گۆڕان دەیەوێت گەنجانی ئێمە خاوەنی نیشتمانێک بن هەموو چانسو هەلی ژیانێکی شایستەو باشتریان تیایدا هەبێت. لێرەوە هیوادارم گەنجانی وڵات سەرکەوتنی لیستەکەی ئێمە وەک سەرکەوتنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان بزانن.

ئێمە لە لیستی گۆڕاندا بڕوامان وایە کوردستان هێندە دەوڵەمەندو خاوەن سامانی سروشتیو مادییە کە بتوانێت لایەنی کەمی ژیانێکی شایستە بۆ هەموو کەسێک دابین بکات لەوانە بۆ گەنجان.

لەبەر ئەوە لیستی گۆڕان کار دەکات بۆ ئەوەی:

١- دیاردەی مەحسوبیەتو واسیتەو حیزبایەتی بۆ پەیداکردنی هەلی کار لەناو بباتو هەلی یەکسان بۆ هەموو گەنجێکی وڵات بەبێ جیاوازی برەخسێنێت.

٢- کار دەکەین بۆ دامەزراندنی بانکێکی حکومەتی کە توانای ئەوەی هەبێت قەرزی دوور مەودا بەبێ جیاوازی بۆ هەموو ئەو کەسانە دابین بکات کە پرۆژەی ئابووری گەورەو بچوک پێشکەش دەکەن.

لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دنیادا جگە لە ژمارەیەک سەرمایەداری گەورە نەبێت هیچ هاوڵاتیەک ناتوانێت بەبێ قەرزی بانکو دەستگیرۆیی حکومەت هیچ پرۆژەیەکی گەورە یان بچوک دابمەزرێنێت.

٣- کار دەکەین بۆ ئەوەی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز دروست بکەین، کە بتوانێت هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات.

٤- کار بۆ دروستکردنی بازاڕێکی ئازاد دەکەین کە هەلی یەکسان بۆ هەمووان دابین بکاتو تەنیا ئەو چاودێرییەی حکومەت بەسەر بازاڕەوە دەهێڵینەوە، کە ڕێگە لە ستەمی ئابووریو زیادەڕەویو چاوچنۆکی دەگرێت.

٥- هەوڵ دەدەین سیستمێکی حوکمڕانی هەبێت کە بتوانێت لایەنی کەمی کۆمەکی دارایی بۆ هەموو ئەو کەسانە دابین بکات کە لەبەر هەر هۆیەک بووە بێکارن، یان کاریان دەستنەکەوتووە، لەم ڕووەشەوە کار بۆ دامەزراندنی دەزگایەک دەکەین کە ئەرکی سەرەکی ئەوەبێت فرسەتی کار بۆ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە بێکارن.

٦- لە سەردەمێکدا کە بە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریو جیهانی تەکنەلۆژیو تۆڕی ئینتەرنێت ناسراوە، خوێندنو تەواوکردنی خوێندن یەکێکە لە ئەو لەویاتە سەرەکیەکان، لەبەر ئەوە ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین هیچ کەس لەم وڵاتەدا لەو زانیاریو زانستانە بێبەش نەبێت، کە چانسی دۆزینەوەی کارو ژیانێکی شایستەی بۆ دەباتە سەرەوە.

> «ئێمە لە لیستی گۆڕاندا بڕوامان وایە کوردستان هێندە دەوڵەمەندو خاوەن سامانی سروشتیو مادییە کە بتوانێت لایەنی کەمی ژیانێکی شایستە بۆ هەموو کەسێک دابین بکات لەوانە بۆ گەنجان.»

لیستی گۆڕان دەیەوێت گەنجانی ئێمە خاوەنی نیشتمانێک بن کە هەموو چانسو هەلێکی ژیانێکی شایستەو باشتریان تیایدا هەبێت.

لێرەوە هیوادارم گەنجانی وڵات سەرکەوتنی لیستەکەی ئێمە وەک سەرکەوتنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان بزانن.

ئەگەر ئێوە دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەن هەول دەدەین ئەم بەرنامەیە بۆ باشترکردنی ژیانو ئازادییەکانی ئێوە، جێبەجێ بکەین.

> «هۆیەکی سەرەکی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کوڕو کچ، نەیانتوانیوە هاوسەرگیری بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ بێدادی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانیو بێدادی لە دۆزینەوەی هەلی کارو نەبوونی دادپەروەریی لە دامەزراندن لە دامودەزگاکانی حکومەتدا»

> « گەنجی کورد، تەنانەت ئەوانەش کە خوێندنی زانکۆو پەیمانگەکانیان تەواو کردووە، ناتوانێ ئێستاو پاشە ڕۆژی خۆی دابین بکات، بە ئارەزووی خۆی کاری گونجاوی دەست ناکەوێت، ناتوانێت مەسرەفی پێویستیەکانی ژیانی بکات، ئەگەر لە دائیرەکانیش دابمەزرێت مووچەکەی بەشی ئەوە ناکات، خانوویەک بەکرێ بگرێت، کەلوپەلی ناوماڵ بکڕێ، ژنبهێنێو خێزان دروست بکات، ئۆتۆمبێل بکڕێت، سەیرانو سەفەر بکات.»

---

# پەسەندکردنی دەستور سەروەرییە یا ریسوایی!؟

عەدنان عوسمان



ئەوەی پێیدەوترێت پەرلەمان جگە لە ئیمتیازە مادییەکەی هیچ ئەرکێکی پەرلەمانیی دیکەی بەجێنەگەیاندووە (تەنانەت ئێستا ماوەکەشی بەسەرچووە) بە پەلەپروزکێو دوور لە هەرشێوازێکی دیموکراسیانەی بڕیاردانو گوێدان بە بەرژەوەندییەکانی میللەت، ڕەشنووسی دەستووری قبولکردو ڕادەستی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کرد بۆ دانانی میکانیزمی دەنگ لەسەردانی. ئەم پەلەکردنەی پەرلەمانە ماوە بەسەرچووەکەو لەدوا ساتە ناشەرعییەکەی تەمەنی بێتواناییو نا کارامەیی خۆیدا، لە ئێستادا هەوڵێکی نەزۆکانە دەدرێت بۆ پیشاندانی وەک دەستکەوتێکی گەورەو میسکولخیتامی کارەکانی پەرلەمان، تەنانەت هەندێک دەیانەوێت بەجۆرێک لە سەروەری تۆماری بکەن بۆ خۆیان.

پەرلەمانێک لەماوەی چوارساڵی تەمەنیدا هیچ نوزەیەکی لێوەنەیەت لەسەر هەموو ئەو گەندەڵیو بێخزمەتیو ڕاووڕوتی سەروەتی میللەتو بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانیو مافەکانی مرۆڤو دەسەڵاتی ڕەهای حیزبو دەیان مەسەلەی دیکەی گرنگ، هەقی خۆیەتی لەدوا ساتە بە نایاسایی درێژکراوەکەی خۆیدا هەست بە ئارامیەک بکات لەبەرئەوەی گوێرایەڵێکی بێکێشەی خودانەکانی بووەو بەم سیناریۆ ڕەشەش کۆتایی بە کارنامەی خۆی دێنێتو لە سامانی ئەم گەلەش خەرمانێک پارە وەردەگرن وەک خانەنشینی لەپای هیچ ئەنجامنەدانو هیچ نەکردنو بێبەرهەمی.

پیشاندانی ئەم سیناریۆ ڕەشو ئەم پلانە وەک دەستکەوتێکی نیشتمانی خالێکی لاوازی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت وەک پیشەی ساڵانێکی زۆریان دروشمو هاتوهاوار لەبری کارو خزمەتگوزاری دەرخواردی خەڵکی بدەن، ئەوان دەیانەوێت وا پیشان بدەن کە دوو بەرە هەیە: بەرەیەک دەیەوێت کوردستان خاوەن دەستوور بێتو بەرەکەی دیکە دژی ئەوەن، ئەمەش بەمانایەک لە ماناکان دروستە!، چونکە بەرەی گۆڕانو هێزە ئازادیخوازو دیموکراتخوازەکان دەیانەوێت کوردستان خاوەنی دەستوورێکی دیموکراتو پێشکەوتوو مۆدێرن بێتو نیشتمان بەرەو دامەزراوەییو سەقامگیری بڕواتو جگە لە سولتانی دەستوورو یاسا، هیچ ئیمارەتو میرێک نەمێنێتو هەموومان لە ئاست بەندەکانی دەستووردا یەکسان بینو مافو ئەرکەکانمان بەڕوونی دیاریکرابێت، خەڵکانێکی دیکەش هەن بەو شتەش کە پێیدەوترێت پەرلەمان سەرقاڵی دانانی دەستورێکی کاڵوکرچی نا سەردەمیانەی شکڵین تەنها بۆ دڵ ڕازیکردنی خاوەن نیعمەتەکانیانو گیرۆدەرکردنی کوردستان بە دەستوورێکەوە کە جگە لە ئاڵۆزیو ناڕۆشنیو کێبڕکێی دەسەڵاتەکان هیچی دیکەی لێ شین نابێت، ئەمە ئەو دوو بەرە ڕاستەقینەیەن کە ئێستا لە مەیدانەکەدان: ڕۆژنامەنوسان، ڕۆشنبیران، ئابووری ناسان، پزیشکەکان، هونەرمەندان، ڕێکخراوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیخوازان، تێکۆشەران، دەیانی دیکە ئەمە هەمووی لەبەرەی بەڵا بۆ دەستوورێکی شارستانیو مەدەنی لە پاش هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی ئەمساڵی پەرلەماندان بۆئەوەی بوار بە هەموو توێژەکانی میللەتو بەتایبەت پسپۆڕەکان بدرێت بەوردی لەسەر بەند بە بەندی ئەو دەستوورە گفتوگۆ بکەنو ئەوەی ئێستاش بە شانۆگەرییەکی کاڵوکرچی دەسەڵاتی ئێستای دەزانن.

دیارە بەرەکەی دیکە تەنیا لە دەستوور ناوەکەی دەوێت نەک ناوەڕۆکەکەی مافو دەسەڵاتەکانی خۆی لا مەبەستە نەوەک ژیانی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی هەیمەنەو دەسەڵاتی ڕەهای خۆی لا گرنگە نەک بەهائینسانیەکانی دەستور، بۆیەش تەنیا دەیەوێت میللەت ڕەزامەندی لەسەربداتو شەرعییەتێک بەو ئۆتەریتەیە بدات، دیارە ئەو ئەندام پەرلەمانانەش بەهەمانشێوەی خۆیان سەیری کۆمەڵگە دەکەنو وا دەزانن پیشەی هەموو لایەک دەبێت وەک ئەوان تەنیا سەرلەقاندنو دەست بەرزکردنەوە بێت، لەوانەشە ئەم ناڕەزایەتیە بەرفراوانەی کە ئێستا هەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێتو بە دڵنیاییشەوە دەڕواتە قۆناغی گەورەتریشەوە بۆ ئەوان جۆرێک لە سەرسوڕمان بێت چۆن ئاوا خەڵکی ئەم وڵاتە بە پەرۆشەوە بەدوای مافەکانی خۆیاندانو خەم بۆ ئایندەیان دەخۆنو ڕازی نابن لە ژووری تاریکو پشتی پەردەوە بڕیار لەسەر چارەنوسیان بدرێت.

www.netewe.com

# کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لە بەرنامەی کارکردنیان دەدوێن

## پەیمان عیزەدین (سلێمانی):

## لەپەرلەمان کاری سەرەکیم بۆ مەسەلەی ژنان دەبێت

سازدانی: هەناو غالی



*** ئێوە وەک کاندیدێکی لیستی گۆڕان ئەگەر چوونە پەرلەمان بەنیازن چی بۆ ژنان بکەن، پێتانوایە هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مەسەلەی ژنان پێویستی بەوەیە خەباتی بۆ بکرێت؟**

– بەدڵنیاییەوە هێشتا مەسەلەی ژنان زۆری ماوەو پێویستی بەخەباتی فراوانو درێژخایەن هەیە، چونکە مەسەلەی ژنان مەسەلەیەکی ژیانییەو رۆچووەتە ناو هەموو بەشو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە بووەتە بەشێک لە کەلتوورمان، بۆیە کارکردن بۆی پشووی درێژو سوربوونی دەوێت لەسەر بنەماکانی یەکسانیو مافی مرۆڤ، بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر لەدوای دەنگدانی (٧/٢٥)ەوە بچمە پەرلەمان کاری سەرەکیم بۆ مەسەلەی ژنانو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەموو نایەکسانیو ناهەقیانە دەبێت کە بەرامبەر ژنان دەکرێت هەروەک چۆن لەساڵی ١٩٩١وە تائێستا بەشێکی گەورەو سەرەکی کارکردنی من بۆ مەسەلەی ژنان بووە، بەڵام ئەوەی دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە لەنێوان کارەکانم لە پێش ئێستاداو ئەوەی کە لە داهاتوودا دەبێت، ئەوەیە کە لە پەرلەماندا ئاسانترو خێراتر دەتوانیت کار لەسەر ئەو ناحەقیانە بکەیتو لەناو پەرلەماندا بڕیاری سیاسی دروست دەکرێتو گۆڕانکاریی لەیاساکاندا روودەدات بۆیە دەتوانرێت کاریگەرانەتر کار لەسەر ئەو مەسەلانە بکرێت.

*** گروپی ژنان لە لیستی گۆڕاندا کە یەک لەسەر سێی ژمارەی پاڵێوراوانە،هەوڵ دەدەن بەیەکەوە بەرنامەیەکو ئەجێندایەکی تایبەتتان هەبێت بۆ ژنانو کێشە کۆمەڵایەتییەکان؟**

– راستە ئێمە لە لیستی گۆڕاندا یەک لەسەر سێی پاڵێوراوانین، بەڵام ئێمە تەنیا مەسەلەی ژنان لەو لیستەدا کۆی نەکردووینەتەوە، هەروەک چۆن بە بڕوای من کارکردن بۆ مەسەلەی ژنان بەتەنیا کاری ژنەکانی ناو لیستی گۆڕان نییە، مەسەلەی ژنان مەسەلەی ناو هەموو چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردییە بۆیە بەبڕوای من لیستی گۆڕان دەبێت ئەجێندایەکی هاوبەشمان هەبێت بۆ کارکردن لەسەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری کە مەسەلەی ژنانیش لەناو ئەو گۆڕانکاریانەدا بەشی شێری بەردەکەوێت، چونکە مەسەلەی ژنان تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەبووە مەسەلەی ژنانو بەرەو پێشچوونی مافەکانی ژنان لەناو سیاسەتدایە لەناو ئابووری دایە لەناو فەرهەنگدایە لەناو ئایندایە لە یاساکاندایە کەواتە لیستی گۆڕان کە بۆخۆی بە ئامانجی گۆڕانکاری هاتووەتە ئارا لە بەرنامەیدایە، کە گۆڕانکاری لە هەموو ئەو بوارانەدا بکات، کاتێک لیستی گۆڕان دەیەوێت یەکسانی لە سیستمی پەروەردە بێنێتەدی لە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەدا بارودۆخی ژنان دەگۆڕێتو لەگەڵ خۆشیدا مافەکان بەرەو پێشەوە دەبات لەم راستییەشەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژنانو بەرەوپێشبردنی مافەکانیان هاوتەریبە لەگەڵ گۆڕانکاری لەهەموو بوارو لایەنەکانی دیکەدا کە سەرەنجام ژنانو تەواوی کۆمەڵگەش لێی سوودمەند دەبن.

*** تۆ وەک ژنێک کە لەبواری مافەکانی ژناندا کارت کردووە پێتوایە پێویستە چ گۆڕانکارییەک بکرێت؟**

– بواری کاری من زیاتر مەسەلەی ژنانو بواری یاساییە کە هەردووکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچنەوە سەر یەکتری بەبڕوای من گەلێک یاسا هەن کە پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، بەشێک لەو یاسایانە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە مەسەلەی ژنانەوە وەک یاساکانی (باری کەسییو سزادانو قەدەغەکردنی لەشفرۆشی)و بەشێکی دیکە پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمو بەرەو پێشچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەک ناگرنەوە کە پێویست دەکات هەموو ئەو یاسایانە سەر لەنوێ هەمواربکرێنەوە جگە لەوەی کە کۆمەڵێک مادەو یاسای دیکە هەن کە پێویستە زیاد بکرێتو دابڕێژرێت بە مەبەستی پاراستنی هەموو ئەو دیاردەو حاڵەتانەی تازەگەریو پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا هێناونیەتە ئارا لە چوارچێوەیەکی یاسایدا.

هەروەها پێویستە هاوشان لەگەڵ گۆڕانکاریی یاساییدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیکە ئەنجام بدرێت لەوانە گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردە بەجۆرێک کە لەو سیستمەدا جێگەی جیاکاری رەگەزیو فەرامۆشکردنی رۆڵی ژن نەمێنێتەوە کە ئەمجۆرە گۆڕانکاریە زەمانەتی ئەوە دەکات کە تاکی تەندروست لە رووی بیرکردنەوەو رەفتارەوە پەروەردەو فێر بکرێت.

*** لەئێستادا کە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە تێڕوانینتان چییە بۆ کاریگەری لیستی گۆڕان لەسەر هاوڵاتییان؟**

– هەرچەندە هێشتا هەڵمەتی هەڵبژاردن لە سەرەتادایە، بەڵام وەک بیروباوەڕ لەو بڕوایەدام کە زۆرینەی خەڵک پشتیوانی ئەم لیستەبن، چونکە خودی (گۆڕان) داخوازیو ئامانجی خەڵکە خەڵکی هۆشیاری کوردستان، خەڵکی هەژارو نەداری ئەم هەرێمە، خەڵکی خەفەکراوو بێدەنگکراو سەدانو هەزاران ژنو پیاو گەنجو پیری ئەم کوردستانە لەمێژە داوای گۆڕانکاری دەکەن زۆر دەمێکە هەراسان بوون لەو هەموو ناهەقیانەی بەرامبەریان دەکرێت، بێزاربوون لە خۆسەپاندنی بەرپرسانو کەسوکاریان لە جیاکاری مرۆڤەکان بۆیە لەو بڕوایەدا نیم ئەو هەموو نارەزاییە هەروا بەهەدەر بچێو نەتوانن بەفیعلی گۆڕانکاری دروست بکەن.

کێشەی تائێستای خەڵکی ئەوەبووە لەنێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداردا نەیاندەزانی روو لەکێ بکەن، بەڵام ئێستا کە ئومێدێک بۆ گۆڕان هاتووەتە ئارا لیستێک بانگی گۆڕانکاری دەدات بە گوێیاندا لەو بڕوایەدانیم بە دەنگیەوە نەیەنو بەلیستو پشتیوانی خۆیانی نەزانن، بۆیە لەو بڕوایەدام چۆن لیستی گۆڕان بۆ خەڵکو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دروست بووە، ئاوهاش هاوڵاتیان بەلیستی خۆیانی دەزانن.


**پرۆفایل:**

*** پەیمان عیزەدین عەبدولڕەحمان ساڵی (١٩٧٠) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.**
*** خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە. خوێندنی دبلۆمی هونەری لەبواری شیکاری خوێن لەموسڵ تەواو کردووە.**
*** بەکالۆریۆسی لە بواری یاسا لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.**
***ماوەی (١٧) ساڵ لە رێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستانو مافەکانی ژناندا کاری کردووە.**

## فەرمان عیزەدین (هەولێر):

## ئەولەویەتی کارکردنمان جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت

سازدانی: رێبین فەتاح



*** بەرنامەکەی لیستی گۆڕان کۆمەڵێک تەوەری هەمەلایەنی لە خۆگرتووە. بەڵام ئێوە پێتانوایە کامانەن ئەو تەوەرانەی کە دەبێت لیستی گۆڕان ئەولەویەتیان پێبدات؟**

_ ئێستا گەندەڵی بە رادەیەک لە کوردستاندا تەشەنەیکردووە، کە ئەگەر لە هەموو دنیادا گەندەڵی دیاردەیەک بێت، لە هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی پرۆژەیە، بەو مانایەی گەندەڵی بووەتە پرۆژەیەک بۆ پیادەکردنو جێبەجێکردن، لەبەرئەوەیە دەبینین دوای ١٧ ساڵ هێشتا شەفافییەت لە بودجەو داهاتی هەرێمی کوردستاندا نییە، پەرلەمان کە گرنگترین دەزگایە بووە بە دەزگایەکی زۆر شەرمنو توانای ئەوەی نەبووە وەزیرێک بانگهێشت بکاتو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، نەیتوانیوە سەرۆکی حکومەت بانگهێشت بکاتو لەسەر ئەو هەموو گەندەڵییەی هەیە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، لەبەرئەوەیە کە دەڵێم گەندەڵی بووە بە پرۆژە، چونکە ئەگەر هەر دیاردەیەکیش بووایە دەبوو لێپێچینەوە لەگەڵ گەندەڵکارەکان ئەنجام بدرێت. لەو روانگەیەوە پێموایە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی یەکێکە لەو خاڵانەی کە دەبێت لیستی گۆڕان کاری لەسەر بکات.

*** ئەوانەی ئێستا لیستی گۆڕانیان پێکهێناوە هەر لەسەرەتاوە یەکێک لەو تەوەرانەی کە جەختیان لەسەر کردووەتەوە جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت بووە، بەبۆچوونی ئێوە دەبێت بۆ ئەو مەبەستە چی بکرێت؟**

_ لیستی گۆڕان بە فەلسەفەو دیدو بۆچوونێکی نوێوە هاتووەتە گۆڕەپانەکەوە، ئەمیش وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پێشێلکارییانەیە کە لە رووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی... هتد دەکرێت لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان گرتیانەبەر، حیزب خۆی خزاندە ناو هەموو کونو کەلەبەرێکی کۆمەڵگای کوردییەوە.

ئێستا ئەگەر بڵێیت بۆچی گوندەکانمان ئاوەدانین نین، من دەڵێم لە ئەنجامی دەستێوەردانەکانی حیزب لە کاروباری حکومەت، بۆ نموونە حیزب وایکرد هەموو خەڵکی گوند ببێت بە فەرمانبەر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵک پشت لە گوند بکات، ئەندامانی پەرلەمان بە راشکاوانە باس لەوە دەکەن کە ئەوان نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری حیزبن، واتە ئەوانیش ناتوانن لە کۆتی حیزب دەربازببن. لێرەوە وەک لیستی گۆڕان هەولدەدەین لە رێگای دارشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەوە کار لەسەر جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بکەین، ئەمەش یەکێک لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی کاری ئێمەیە، ئێستا ئێمە ئاسایشمان هەیە، ئاسایشی پارتیو ئاسایشی یەکێتی، پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام پێشمەرگەی یەکێتیو پێشمەرگەی پارتی، زانیاریو پاراستن کە بەسەر پارتیو یەکێتیدا دابەشبوون، هەموو ئەمانە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیەو هەر لایەنێک لە خەمی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی کوردستان بێت، دەبێت بەرنامەو پرۆژەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە هەبێت کە جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت.

*** بەشێک لە بەرنامەی لیستی گۆڕان چاکسازیو گۆڕانکارییە لە سیستمی پەروەردەدا، خۆت کە ساڵانێکە مامۆستایت دەمەوێت ئەوە روون بکەیتەوە کە دەبێت لیستی گۆڕان چۆن کار لەسەر ئەم لایەنەدا بکات؟**

_ پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا پێویستی بە گۆڕانکارییەکی زۆر هەیە، راستە لە رووی شکڵو فۆرمەوە گۆڕانکارییەک کراوە، بەڵام بۆ ئەوەی ناوەڕۆکە پەروەردەییەکە بگەیەنرێت پێویستمان بە میکانیزم هەیە، کە ئەم میکانیزمە وەک پێویست بەردەست نییە. ئێمە وەک لیستی گۆڕان هەولدەدەین پلەو پایەی مامۆستا بگێڕینەوە، ئێستا مامۆستا بووە بە پاشکۆی دەسەڵاتێکی چەقبەستوو و دواکەوتوو، بۆ نموونە من خۆم وەک مامۆستایەک رەنگە زۆربەی خوێندنگاکانی هەولێریان پێکردبم، بۆچی، لەبەرئەوەی هەڵوێستم هەبووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کێشە لە پرۆسەکەدا هەیە. لێرەوە ئێمە وەک لیستی گۆڕان جگە لە کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی مامۆستایان وەک گێڕانەوەی دەرماڵەکەیان، هەولی ئەوە دەدەین گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پرۆگرامی پەروەردەو خوێندندا بکەین، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین مامۆستا کە رەگەزێکی سەرەکییە لە سیستمی پەروەردەدا، رووبەڕووی دەیان کێشەی کراوەتەوەو هەموو ئەو کێشانەش پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بۆ نموونە ئێستا مامۆستا بە زۆر دەکرێت بە ئەندام لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەمەش پێشێلکردنی ئازادیی مامۆستایانە. لەڕاستیدا ئەگەر یەکێتیی مامۆستایان خاوەن کۆمەڵێک دەستکەوت بێت، بۆ ئەو توێژەی کاری لەسەر دەکات، منی مامۆستا بە پەرۆشەوە دەبمە ئەندامی ئەو رێکخراوە، بەڵام ئەگەر ئەو یەکێتییە لەلایەن حیزبەوە ئەندامەکانی دیاری کرابێتو لەلایەن حیزبەوە ئاراستە بکرێت، ناتوانێت بەرنامەیەک جێبەجێبکات کە لەگەڵ خواستی مامۆستایاندا یەکدەگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە مامۆستا پەرۆش نەبێت بۆ بە ئەندامبوون تیایدا، لەبەرئەوەی من سەد لە سەد دڵنیام کە یەکێتیی مامۆستایان متمانەی مامۆستایانی وەرنەگرتووەو ئەوان بە دامەزراندن دانراون، چەندین ساڵیشە کۆنگرەو کۆنفرانسی نەبەستووە. لەو روانگەیەوە وەک لیستی گۆڕان بەڵێندەدەین بە مامۆستایان کە ئەگەر لیستەکەمان سەرکەوتووبێت لەهەڵبژاردندا، کاری جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکەین.

*** لە چەند ساڵی رابردوودا هەندێک گۆڕانکاریی لە پرۆگرامی خوێندندا کرا، بەڵام رەخنەی ئەوە دەگیرێت کە گۆڕانکاریی لە هەندێک وانەو مادەی خوێندن بە جۆرێک کراوە کە باکگراوندێکی حیزبی هەیە، هەر لە باسی سەرکردەکانەوە تا بەو وانانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ستایشی لایەنێک دەکەن، پێتوانییە دەبێت گۆڕانکاریی لەم بوارەدا بکرێت؟**

_ هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار تەواوی لایەنەکانی ژیانیان لە کۆمەڵگای کوردیدا قۆرغکردووە، وەزیری پەروەردە بەڕێز کاک دلشاد جارێک لە راگەیاندنەکان بەراشکاوی گوتی «فەلسەفەی ئێمە فەلسەفەی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدارە»، کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کاتێک کە حیزب هەق بەخۆی دەدات تەداخول لە دارشتنی پرۆگرامەکانی خوێندندا بکات، نەک هەر ئەوە پرۆسەی پەروەردە بە جۆرێک دەستێوەردانی تێدا دەکرێت کە زۆر ئاساییە ئەگەر بڕیارێکی وەزیری پەروەردە لای سەرپەرشتیارێک کاری پێنەکرێت کە سەر بە حیزبەکەی ئەو نییە، بۆیە زۆر راستە کە پرۆگرامەکانی پەروەردە بۆ مەبەستی سیاسی بەکارهاتوونو کاریگەریی حیزب بەسەریانەوە دیارە، هەتا لە وانەکانی شەشەمی ئامادەییدا ئەوە بەئاشکرا دەرکەوتووە، دیارە هەموو سەرکردەکانی کورد جێی شانازی ئێمەن، بەڵام بەکارهێنانیان بۆ پروپاگەندەکردنی حیزبی، غەدرێکە لە سەرکردەکانیش دەکرێتو ئێمە دژی ئەوەین، لەبەرئەوە چاکسازیی لە بواری پەروەردەدا بە گشتی یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی لیستی گۆڕان.

**پرۆفایل:**

**فەرمان عیزەدین مەحمود ناسراو بە مامۆستا ئازاد**
**دەرچووی بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدایە**
**ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە**
**ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە**
**لە میحوەرەکانی هەولێرو کۆیە بەشداری راپەڕینی کردووە**
**لێپرسراوی کۆمیتەی (١٠)ی دەشتی هەولێری هێزی پێشمەرگە بووە**
**لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا ئێستا وەک مامۆستا کاریکردووە**

## ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران:

# نەوەی گەنجان کە زۆرینەی کۆمەڵگان داوای گۆڕان دەکەن



**ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران باس لەوە دەکات کە کۆمەڵێک ئیجابیات لە لیستی گۆڕاندا هەیە، هەم لە پرۆژەکەیانو هەم لە کاندیدەکانیان، ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە دەڵێت: بە دەنگی بەرز بە گەنجەکان دەڵێم دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەگەر ئەو هێزەی داوای گۆڕان دەکات لەم هەڵبژاردنەدا شکست بهێنێت، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت تا دە ساڵی دیکەش هێزێکی دیکە لە بەرامبەر پارتیو یەکێتی دروست ببێت.**

سازدانی
ڕێبین فەتاح

(٢-٢)

**بەرەو گۆڕان: باست لەوە کرد (١٨) ساڵ دەبێت یەک ئەزموونمان لە سایەی پارتیو یەکێتیو ئیسلامییەکان تاقیکردووەتەوە، لەبەر ئەوە باشترە شانسێک بدەین بە لیستی گۆڕان ئەوانیش تاقی بکەینەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە خەڵک دەنگ بەو لیستە بدات بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە یان بەرنامەو پرۆژەیەکی هەیەو دەتوانێت جێبەجێی بکات؟**

نەبەز گۆران: تۆ ناتوانیت بڕیار لەسەر لیستێک بدەی هەتا شانسێکی پێنەدەی. کاتێک دەتوانی بڵێی لیستی گۆڕان لیستێکە هەموو پرۆژەکەی خۆی جێبەجێ کردووە، کە شانست پێدابێتو چووبێتە ناو پەرلەمانەوە، لە ماوەی ساڵێک بۆ دوو ساڵ بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئایا ئەم لیستە هاتبوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات یان نا. لەناو دەسەڵاتدا ڕوون دەبێتەوە ئەم لیستە دەیەوێت گۆڕان بکات یان نا، ئێستا ئەگەر ڕەتی بکەیتەوەو ڕێگەی پێنەدەی بچێتە ناو دەسەڵاتەوە، ڕەنگە گوتارەکانی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە زۆر گەورەتریش بن، بەڵام کە ڕێگەتدا مومارەسەی دەسەڵات بکات، بۆت ڕووندەبێتەوە ئەم لیستە ئیش لەسەر بەرنامەکەی دەکات یان نا، بەڵام ئەگەر ڕێگە نەدەی بچێتە دەسەڵاتەوە، ناتوانی بڕیاری ئەوە بدەی دەیەوێت ئیش بکات یان نا. هەر لیستێک لە دنیادا یان هەر تیمێکی سیاسی کە بیەوێت گۆڕان بکات، پێویستە شانسی چوونە دەسەڵاتی پێ بدەیت. ئەمریکییەکان کە گوتاری ئۆباما دەبیستن، شانسێک بە ئۆباما دەدەن بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، کاتێکیش ئۆباما دەسەڵاتی وەرگرت، دنیای هێمن کردەوە، ئێستا لە هیچ شوێنێک شەڕ نابینین. ئۆباما ئەگەر هیچیشی نەکردبێت، توانی لولەی تفەنگەکان شۆڕ بکاتەوەو مێزی گفتوگۆ بهێنێتە ئاراوە، ئەم هەموو ریفۆرمەی ئۆباما کردی، لە ڕێگەی ئەوەوە بوو کە کۆمەڵگەی ئەمریکی شانسی پێدا، دەکرێت ئێمەش وا بیربکەینەوە، با شانسێکیان پێبدەینو بزانین ئەو ریفۆرمەی داواکاری بەشێکی زۆری خەڵکەو ئەوان هەڵیانگرتووە کردەیی دەکەنەوە.

**بەرەو گۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان دەیەوێت گۆڕان لە چیداو لە کوێدا بکات، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دوو سنووری پارتیو یەکێتی لە هەرێمی کوردستاندا دروست بووە؟**

نەبەز گۆران: ئەوەندەی من ئاگاداربم، نەوشیروان مستەفا کە عەقلی یەکەمی ئەم لیستەیە، کێشەی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردن لەم وڵاتەدا هەیە. ئەگەر تەماشا بکەین، یەکەم کێشەی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ یەکێتی دەستپێدەکات، لەناو یەکێتیدا دەستپێدەکات لەبەرئەوەی خۆی یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو یەکێتی، ئەو جۆرە ئیشکردنەی لەناو یەکێتی هەیە، کە جۆرە ئیشکردنێکە سیستمی تێدا نییەو فرە جەمسەرییە، جۆرێکە لە فەوزا، ئەمە تەحەمول ناکات یان ناتوانێت بیگۆڕێتو دێتە دەرەوە، چونکە بە گۆڕینی کارەکتەرەکان سیستم دروست نابێت، تۆش پێش هەموو شتێک دەبێت سیستم دروست بکەی، کە سیستمت دروست کرد، بۆ نموونە تۆ کارەکتەرێکیت لە پۆستی وەزیریدا، کە سیستم هەبوو، دەسەڵاتت، شێوەی ئیشکردنت هەمووی دیاریکراوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەوە نییە، تۆ کە بوویتە وەزیر، واتە بوویتە ئیمپراتۆرێک، تۆ یەک دنیا دەسەڵاتت هەیە، یەک دنیا تەجاوزو فەزاحەت دەکەی، بەبێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەت لەگەڵدا بکات. واتە دەبێت کێشەت لەگەڵ سیستمەکە هەبێت، پێشموایە ئەو عەقڵەی کە لەناو کۆمپانیای وشە هەیەو نەوشیروان مستەفا لوتکەکەیەتی، کێشەی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنە، نەک کێشەی لەگەڵ کارەکتەرێکو دوو کارەکتەر هەبێت، چونکە ئەگەر کێشەی لەگەڵ کارەکتەر بووایە، بەس لەناو یەکێتی بمایەتەوە، دەیان کارەکتەریان دەکردە زەحیە بەس بۆ ئەوەی ئەو بمێنێتەوە. هەر خودی تاڵەبانی چەندین کارەکتەری ناو مەکتەبی سیاسی دەکردە زەحیەو فڕێی دەدانە دەرەوەی یەکێتی تەنیا بۆ ئەوەی نەوشیروان مستەفا یەکێتی جێنەهێڵێت. بەڵام چونکە ئەو کێشەی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی ناو حیزبەکەی خۆی بوو، هاتە دەرەوە، کە هاتە دەریشەوە، دێتە ناو فەزایەکی دیکەو خەونەکەی لەناو حیزبێکەوە بۆ هەموو کوردستان دەگۆڕێت، واتە خەونەکەی گەورەتر کردووەتەوەو لەناو یەکێتیدا تەوقی نەکردووە. لێرەوە دەیەوێت سیستمی بەڕێوەبردن دروست بێتو دەسەڵاتەکان جیا بکرێنەوە، هەر کەس ئەرکو مافی خۆی بزانێت. شێوازی ئیشکردنی نەوشیروان دەبێت ئاوا تەماشا بکەی وەک ئەوەی کە «ئەگەر بتەوێت جارێک گەنم بسووتێنیت، پێویستیت بە دەنکە شقارتەیەک هەیە»، واتە ئەگەر دەنکە شقارتەیەکت نەبێت ناتوانیت جارێک گەنم بسووتێنت، ئاگرەکە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکاتو وردە وردە دەڕوات، یان وەکو ڕشتنی ئاوێک وایە، بۆ ئەوەی گۆلێک توتن ئاو بدەیت، دەبێت لێرەوە ئاوەکە بڕێژیت تا دەچێتە خوارەوەو هەموو گۆلە توتنەکە دەگرێتەوە. شێوازی ئیشکردنی نەوشیروان مستەفا بەو شێوەیەیە، ئاوەکە لە شاری سلێمانی دەڕێژێت، وردە وردە دێتە خوارەوە تا دەگاتە هەولێرو دهۆک. ئەو کارکردنە کارکردنی کەسێکی سیاسییە کە بزانێت چۆن ئاراستەکان دەگۆڕێت. من قەناعەتی تەواوم هەیە کە خەونی ئەو پیاوە لەوە گەورەترە تەنیا کێشەی لەگەڵ یەکێتی هەبێت.

**بەرەو گۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان بتوانێت کێبڕکێی لیستە بەهێزەکان بۆ نموونە لیستی کوردستانی بکات؟**

نەبەز گۆران: هەندێک شت هەیە دەبێت لە ڕووی مەنتقییەوە تەماشای بکەین. کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەی پارتیو یەکێتییە، پارتیو یەکێتی دەیان ساڵە ئیش دەکەن لەناو ئەو کۆمەڵگەیەداو پایەکانی خۆیان دروست دەکەن، ناکرێت تۆ بە فرسەخێک هەموو ئەوە بسڕیتەوە، ئەگەر بشتوانی لەناو نەوەی نوێدا جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوە دروست بکەی، زۆر زەحمەتە لەناو نەوەی کۆندا ئەوە دروست بکەی. لەبەرئەوەی بیرکردنەوەیەک لەناو مێشکی نەوەی کۆندا چەسپیوە. جگە لەوەی دەسەڵاتی گەورەی ئەم وڵاتە ئابووریو هێزی پێشمەرگەو تەواوی دەسەڵاتەکانی دیکە بەدەست پارتیو یەکێتییەوەیە، ئەگەر بتەوێت بڵێیت بە یەک هەڵبژاردن دەتوانم ئەوان کاڵ بکەمەوە، ئەمە کارێکی زەحمەتەو پێشموایە لیستی گۆڕان بیر لەوە ناکاتەوە بە یەک هەڵبژاردن ئەوان کاڵ بکاتەوەو خۆی ببێت بە حاکمی وڵات. بەڵکو پێموایە دەیانەوێت بڵێن چۆن ئێوە هەن، ئێمەش هەین. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی دواتر ڕەنگە بگاتە ئەو ئاستەی پارتیو یەکێتی بە ڕادەی ئێستا تۆخ نەبنو کاڵ ببنەوە، بەڵام ڕکابەری هەر دەکرێت لە ئاستی خۆیدا. ئەوە کۆمەڵگەیە بڕیار دەدات کێ تۆخ بێتو کێ کاڵ ببێتەوە، ئەرکی لیستی گۆڕان زۆر زۆر لەوە قورسترە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەیت بە یەک هەڵبژاردن پارتیو یەکێتی لەناو پەرلەمان بکاتە کەمینە، ئەوە کارێکی زۆر زەحمەتە.

**بەرەو گۆڕان: چی وا دەکات تۆ توێژی گەنجان هەڵبژێریتو بڵێیت داوا دەکەم دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، مەبەستم لەوەیە بۆچی توێژی گەنجان هەڵدەبژێریت؟**

نەبەز گۆران: من ناتوانم وەک باوکم بیر بکەمەوە، ناشتوانم ئێستا باوکم ئاراستە بکەم، باوکم وەک پیاوێکی پیر دەیان ساڵە لەگەڵ ئەو هێزانە دەژی، قورسە بتوانین پیرەکان بگۆڕین، بەڵام قورس نییە براکەی خۆم بگۆڕم. چونکە نەوەی نوێیە. بۆیە زۆر تەرکیز لە نەوەی نوێ دەکەم، چونکە لە سەرژمێرییەکدا دەرکەوتووە کە گەنجان لە (٦٠٪)ی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن. کەواتە ئەگەر بتوانی ئەو ڕێژە بەرزە بخەیتە سەر ڕێگایەک کە داوای ژیانو عەدالەت بکات، توانیوتە زۆرینەی دەنگەکان ببەیتەوە، ئەگەر هەموویشیان بەدەست نەهێنیت، دەتوانی نیوەی دەنگەکان بەدەست بهێنیت بۆ ئەوەی ببیتە تیمێک لەناو پەرلەماندا. پێموایە ئەم نەوەیە داوای گۆڕان دەکات، پیرەکە دەیەوێت لەسەر کلتوورو دیوەخان بژیەت، لەبەر ئەوە ڕووم لە گەنجانە. پیرەکە دەیەوێت ئەو فەزایەی پارتیو یەکێتی بۆیان دروستکردووە، هەر وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە لەو فەزایەدا هەمیشە وەک گەورە تەماشا دەکرێت، بەڵام نەوەی نوێ ئەمەی ناوێت، لێرەوە دەبێت ئیشی ئێمە لەسەر نەوەی نوێ بێت، نەک نەوە کۆنەکە. واز لە نەوە کۆنەکە بهێنە با وەک خۆی بژی، بەڵام نابێت ڕێگەی ئەوەی پێبدەین داوا لە کوڕەکەی بکات وەک خۆی بژی. دەبێت کوڕەکەی جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوەو دنیابینی هەبێت.

**بەرەو گۆڕان: لیستی گۆڕان ڕایگەیاندووە کە لە دوای (٦/٤)ەوە ئیعتراف بە هیچ یاسایەک ناکات لە پەرلەمان دەربچێت، چۆن خوێندنەوەیەکت بۆ ئەم هەڵوێستە هەیە؟**

نەبەز گۆران: دەبووایە هەموو لیستەکانی دیکە ئەم داوایەیان هەبووایە. لەبەر ئەوەی پەرلەمان ئێکسپایەر بووە، لە فەترەی ئێکسپایەر بوونیدا دەیەوێت کۆمەڵێک کاری زۆر مەترسیدار بکات، یەکێک لە مەترسیدارترین کارەکانی تێپەڕاندنی دەستوورەکەیە. مانای نییە لە ماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانیدا ڕێگەت نەدابێت دەستوور هەنگاوێک بچێتە پێشەوەو هەوڵی ئەوە بدەیت لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بیکەیت. ئەمەی کە لیستی گۆڕان دەڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە یاسایانەدا نین کە لە پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو دەردەچێت، ئەمە دەبووایە بیرکردنەوەی لیستەکانی تریش بێت، چونکە مەترسی لەسەر ژیانی هەموومان هەیە، نەک تەنیا لەسەر ژیانی ئەو کەسانەی لەناو لیستی گۆڕاندان یان مەترسی تەنیا لەسەر ژیانی ئەو کەسانە هەبێت کە لە کۆمپانیای وشە کار دەکەن. کاری ڕاگەیاندن دەبێت لەم ماوەیەدا زۆر زۆر چڕتر بێت لەوەی پێشوو لەسەر پەرلەمانو بە پەرلەمان بڵێت ئیتر مافی ئەوەت نییە بەناوی خەڵکەوە قسە بکەی، چونکە ئەو مافەی کۆمەڵگەی کوردی بەتۆی دابوو، کۆتایی هاتووە. کە کۆتایی هاتووە بە بێدەنگی دانیشە، تا سووڕی ساڵانەی خۆت تەواو دەبێت، کە سووڕی ساڵانەت تەواو بووە، دەورروو تەسلیم بکەو لەوە زیاتر تەجاوز لەسەر ژیانی خەڵک مەکە. پەرلەمان بەم ئێکسپاربوونەی خۆشییەوە ئەوەی پێشووتر هیچی نەکردووەو موعانات بووە لەسەر ژیانی خەڵک، دەیەوێت ئەوەندەی دیکە موعانات بخاتە سەر ژیانی خەڵک، ئەمەش لە ڕێگەی تێپەڕاندنی دەستوورێک کە خوا دەزانێت لە ئایندەدا چەند گیروگرفت بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

> **گەنجان لە (٦٠٪)ی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن. کەواتە ئەگەر بتوانی ئەو ڕێژە بەرزە بخەیتە سەر ڕێگایەک کە داوای ژیانو عەدالەت بکات، توانیوتە زۆرینەی دەنگەکان ببەیتەوە.**

## ساتەوەختێکی چاوەڕوانکراو

# نەخشەی سیاسی کوردستان لەبەردەم گۆڕانێکی چارەنووسسازدایە

فەلاح نەجم

نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەبەردەم گۆڕانێکی چارەنووسسازی چاوەڕوانکراودایە، بەوپێیە قەوارە سیاسییەکان هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆئەوەی گۆڕانێکی ریشەیی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بکەن، شیکەرەوە سیاسییەکان دەڵێن بەهۆی هاتنە مەیدانی قەوارەیەکی سیاسی بەهێز، هەموولایەک لەو گریمانانە دڵنیابوونەتەوە.

رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەو رۆژەیە کە شیکەرەوە سیاسییەکان بە رۆژی گۆڕانی نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان ناودەبەن، کە بە بەشداریی چەندین قەوارەی سیاسیی بەهێز، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (٤) ساڵی دیکە هەڵدەبژێردرێت، دەبێتە کۆتا ساتەوەختی سەردەمی قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە.

بڵاوبوونەوەی گۆڕان لە شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمدا، بەرفراوانترین باسو خواسی ناو چینو توێژە جیاوازەکانی ئەم هەرێمەیە، کە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە گۆڕانێکی ریشەیی بکەن لە دەسەڵاتدا لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری، چونکە (١٨) ساڵە بارو دۆخی هەرێمەکە شێوازی حوکمێکی بەخۆوە گرتووەو گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدینەکراوە، کە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان گۆڕان پێویستییەکی سەرەکییە کە دەبێت رووبدات.

سیروان رەشید، رۆژنامەنووس، دەڵێت: «رەنگە رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمساڵ ببێتە رۆژێکی مێژوویی بۆ لەدایکبوونی هێزی سێیەم لە کوردستان، ئەم هێزەش لە ململانێیەکی شارستانی سەختدا وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێ نەک لە چوارچێوەی حیزبدا، سەریهەڵداوە، دوای (١٨) ساڵ لە مۆنۆپۆلکردنو پاوانخوازیی لەلایەن پارتیو یەکێتی، وەک بەدیلی سیاسی خۆی نمایشکردووەو هەوڵی گۆڕانکارییو گرتنە دەستی دەسەڵات دەدات».

بە بۆچونی شیکەرەوە سیاسییەکان سەرەڕای لیستی گۆڕان کە رکابەرێکی لیستی کوردستانی لیستە هاوبەشەکەی پارتیو یەکێتییە، کە چانسی یەکەم بەدیلی سیاسی هەیە بۆئەوەی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستمی حوکمڕانیی ئەم هەرێمەدا بکات، (٢٤) قەوارەی سیاسی دیکە هەوڵی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتووی پەرلەمان دەدەن، کە ئەمەش وادەکات ژمارەیەکی زۆری کورسییەکانی پەرلەمان لەدەست ئەو دوو حیزبە وەربگیرێتەوە، دەشبێتە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی دیموکراسیەت لە هەرێمەکە.

سیروان رەشید وتیشی: «دیمەنی سیاسیی پەرلەمانی داهاتوو چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکاریی ئیجابی بەسەردا بێتو رۆڵی چاودێری زیاتر ببینێت، کە کۆمەڵێک پەرلەمانتاری بوێرو چاونەترس بەگژ حکومەتدا بچنەوە، لێپێچینەوە لە سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانو کاربەدەستە باڵاکان بکەن وەک ئەوەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەبینرێت».

سەردار عەزیز، پسپۆڕ لە دەوڵەتو حوکمداریی، پێیوایە «ترسێک خۆی حەشارداوە لای پارتیو یەکێتی، ئەویش ترسە لە گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراوە، کەواتە هەردوو پارتی باڵادەست، بەئاگاهاتنەوەو بۆیان دەرکەوت کە ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە گۆڕانی تێکەوێت، ئەم گۆڕانەش رەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی سنووری دەسەڵاتی هەردوو حیزب، کەواتە لە پڕ ئەو ئاگاییە سەریهەڵدا کە رەنگە داهاتوو بەمشێوەیە بەردەوام نەبێت، بەڵام هەردوو حیزب نایانەوێت گۆڕان بێتە ئاراوە، بۆیە ئەمەی ئێستا روودەدات، هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتوو، بۆ رێگرتن یان سنووردارکردنی ئەو گۆڕانانەی کە رەنگە رووبدەن».

پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان وەک شتێکی چاوەڕواننەکراو، پارتیو یەکێتی بەشێکی زۆری قورسایی خۆیانیان لەدەستدا وەک هاتنە دەرەوەی چەندین حیزبی بچووک لە هاوپەیمانێتییەکەیان، خۆیان هاوپەیمانیان دروستکرد بەشێوەیەک ناکۆکی کەوتە نێوان ئەم دوو حیزبەو حیزبە بچووکەکانەوە، سەرەڕای راگەیاندنی لیستی گۆڕان کە چەندین تەوژمی سیاسیو جەماوەریی چوونە پاڵ ئەم لیستە، کە ئەمانە کاریگەریی تەواویان دەبێت لەسەر گۆڕانی نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

شوان ئەحمەد پێیوایە لە کوردستان دوای تێپەڕاندنی ئەو ماوە زۆرە، ئێستا لە هەموو کات زیاتر چانسی گۆڕان هاتووەتە پێش، هاوڵاتی دەتوانێت لە رێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە ئەو نارەزاییانەی خۆی بکات بە کردەوە، گرنگ ئەوەیە تۆپەکە لە ساحەی هاوڵاتییاندایە، لە رێگای ئەو مافەی هەیانە، دەنگبدەنو نەخشەی سیاسیی ئەم هەرێمە بگۆڕن، شەرعیەت لەدەست پارتیو یەکێتی بسەننەوەو بیدەنە دەست ئەو لایەنانەی کە شایەنی ئەو متمانەیەن.

چاوەڕواندەکرێتو پێویستیشە گۆڕان لە نەخشەی سیاسیدا بکرێت، چونکە شیکەرەوە سیاسیپەکان وتیان «دەرهاویشتنەکانی ئەم هەڵبژاردنە دوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانیی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی رێکخراو دروستدەبێت، سەرەتای ژیانی دیموکراسی لەم هەرێمەدا دەستپێدەکات، کە ماوەیەکی زۆرە کوردستان پێویستیەتی بەتایبەت پاش زۆربوونی سەرچاوە داراییەکانی ئەم هەرێمەو خراپ بەکارهێنانی ئەو حوکمەی کە پارتیو یەکێتی وەک دوو هێزی دەسەڵاتدار بەکاریانهێنا».



فۆتۆ: ناسێح عەلی خەیات

## (٥٧)

## گۆڕان بۆ؟

-٦-

نەژاد جەلال



کارە رامیارییەکانی سەرکردایەتی کورد، لە یارینەزانێک دەچێت لەناو گۆڕەپانەکەدا، سەرەڕای ئەوەی تائێستا بۆمان روننەبۆتەوە کە دەیانەوێت هەرێم بەرەو چ هەڵدێرێک بەرن، لە بەغداش مەگەر بەس خۆیان بزانن لەچی ئاوازێک دەخوێنن.

لەسەرەتای دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراقەوە، لەو کاتەدا کە کورد گەورەترین هێز بوو لە عێراقدا، لەجیاتی ئەوەی پەلەبکەن لە چەسپاندنی مافەکانی کوردو پێداگربن، بە بەردەوامی سازش لەدوای سازش دەکرا، هەموو ئەمانەش لەپێناو چەند کورسییەکی بێدەستدا بوو.

ئەوان کە خۆیان کرێکاری بنیادنەری عێراقێکی بەهێزبوون، ئێستاش نیوەیان لەوێ بە کورسییەکانەوە نوساون، لە بەغدا زوزو لە میدیاکانەوە سۆزی خۆیان بۆ ئیمام عەمامەو عێراق دەردەبڕن، کەچی لە هەرێمیشەوە بە بەردەوامی پرتەو بۆڵە دێت، دەڵێن وا سەردەمی بەعس دەگەڕێتەوەو مالیکی سەدامی دوەمە و ...هتد، ئەمە چ ئیستواجیەتێکە، لایەکی پۆستەکانی بەغدا بە ئێوەیە، کەواتە ترسمان لەچی هەبێت؟، یان دەتانەوێت گەوجاندنی گەل پیرۆ بکەن، پێمان ناڵێن ئێوە چ کارەن لە بەغدا؟ خۆ ئەگەر سوپای عێراق هەرێم داگیر بکات، دەبێت سەرک کۆمار بروسکەی دەستخۆشی بۆ سوپا بنێرێت، کە کوردە، رەنگە جێگری سەرۆک وەزیرانیش بێت سەردانی هەرێمی داگیرکراو بکات، کە ئەویش کوردە، ئالێرەوە خەڵک متمانەی بە چەواشەکاری نامێنێت.

ساڵانێکە نوێنەرانمان لە بەغدا تاکە شەڕیان شەڕی پارە و ١٧٪ بوە، لایەنی عەرەبی عێراقیش زۆر ژیرانە رایکێشاونەتە ئەو شەڕەوە، هەمو مەهامەکانو خواستەکانی کوردیان پێکردون بە ١٧٪ چش لە کەرکوک و خانەقینو شەنگارو ١٤٠، ئەمە گەورەترین شکست بو بۆ ئەو کەسانەی لەم قۆناغەدا سەرکردایەتی کوردیان کرد، لە دەستوردا زۆر ماف بۆ کورد سەلمێنراوە، بەڵام بۆ دەسکەوتە کەسییەکانو مانەوە لەسەر کورسییە بێدەستەکان، هەموی فەرامۆش کرا، ئالێرەوە خواستی گۆڕانتان گەشەی کرد.

لیستی گۆڕان کار دەکات بۆ ئەوەی کە جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پیاداچونەوەی بۆ بکرێت، چونکە لاوازی ئەدای سیاسی کورد لە بەغدا خەریکە سیستمی فیدرالی دەنێژێت، بۆیە هێزی گۆڕان هێزێک دەبێت بۆ زیندوکردنەوەی ماددەی ١٤٠ و فیدرالی و مافە دەستورییەکانی کورد.

ئێوە کە شەش ساڵە لە ناوەند نوێنەرایەتیمان دەکەن، هەژدە ساڵە ریش سپی ئێمەن، سەرئەنجام شکستتان هێناوە، نەتانتوانیوە نێوێنەرێکی ئازا و سەرکەوتوبنو شەڕی مافەکانمان بکەن، پێویست بە نیگەرانی ناکات، حەق حەقی میللەتە بتانگۆڕێن.

# مەترسیی ئەوە دەکرێت هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە وەک هەڵبژاردنەکانی رابردوو خروقات بکەن

رێدار بەکر
هەولێر *



**ئیدریس هادی (٣٩ ساڵ)، کە پۆلیسە لە شارۆچکەی کۆیە، بەشانازییەوە باس لە خروقاتو ساختەکارییەکانی دەکات لە هەڵبژاردنی پێشوودا، دەیوت: «من زیاد لە جارێک دەنگم داو بەئاسانی مەرەکەبەکەی دەستم لێدەکردەوە، دوو برام لەدەرەوەی وڵات بوون، من چووم لەبری هەردووکیان دەنگم دا**

چاودێران جەخت لەوەدەکەنەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا هێزەکانی ناوخۆ زۆرترین خروقاتیان کردووە، مەترسیی ئەوەش دەکرێت لە هەڵبژاردنی مانگی تەمموزی ئایندەدا هێزەکانی ناوخۆ لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا دەنگبدەنو هاوکات لە ٧/٢٥یشدا دووبارە بەهۆی بوونی ناوەکانیان لە فۆرمی خۆراکی خێزانەکانیاندا، دەنگبدەنەوە.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٥دا لە هەرێمی کوردستان، .زۆربەی حیزبەکان بەیەک لیست دابەزینو لیستەکەیان ژمارە (٧٣٠) بوو، ئەوەی کە زۆر بە بەرچاوو دیاربوو ئەو برە زۆرە لە ساختەکاریی بوو لەلایەن هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، وەک خۆیان دەڵێن ئەو کارەیان لەپێناوی کوردو کوردستاندا کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەسەرووی خۆیانەوە فەرمانیان پێدراوە ئەوجۆرە تەزویرو ساختەکاریانە بکەن، (س.م) کە پۆلیسێکی شاری هەولێرە، باس لەوەدەکات کە ئەو هەتا پێی کرابێت تەزویری کردووەو خروقاتی ئەنجامداوە، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە بیستویەتی عەرەبەکانیش لەوخوارە تەزویرو ساختەکاریی دەکەن، دەیوت: «من ئەو رۆژە یانزەجار لە بنکەیەکی دووری هەڵبژاردن دەنگم داو بانگەشەی هەڵبژاردنم دەکرد لەبەردەم بنکەکەدا».

هەروەها ئیدریس هادی (٣٩ ساڵ)، کە پۆلیسە لە شارۆچکەی کۆیە، بەشانازییەوە باس لە خروقاتو ساختەکارییەکانی دەکات لە هەڵبژاردنی پێشوودا، دەیوت: «من زیاد لە جارێک دەنگم داو بەئاسانی مەرەکەبەکەی دەستم لێدەکردەوە، دوو برام لەدەرەوەی وڵات بوون، من چووم لەبری هەردووکیان دەنگم دا».

لە پرۆسەی دەنگداندا بەچەندین شێواز دەتوانرێت تەزویرو ساختەکاریی بکرێت، لەوانە: هەوڵدان بۆ دووبارە دەنگدانەوەو نەهێشتنی نهێنی دەنگدانو دووبارە دەنگدانی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس، کە بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، هەروەها دەنگدانی بەکۆمەڵو پێشێلکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆی یاخود دوای وادەی دیاریکراوی بانگەشەی هەڵبژاردن، کە ئەمانە هەموویان کاریگەریی خراپیان لەسەر پاکیو بێگەردیی هەڵبژاردنەکان دەبێت، هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری تۆڕی رۆژ بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، ئەو زانیارییەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوەو هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کراوە، هیچ بیانوویەکی نەتەوەییو نیشتمانیان لەپشتەوە نییە.

لە هەرێمی کوردستان زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چاودێریی هەڵبژاردنی مانگی تەممووزی ئایندە دەکەن، رێکخراوی رۆژ لە سەرتاسەری عێراقدا کاری چاودێریکردنی پرۆسەکانی دەنگدانەو لەلایەن چەند رێکخراوێکی دەرەکیو ناوەکییەوە هاریکاریی دەکرێت، یەکێکە لەو رێکخراوانەی کە چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات. بەرپرسانی ئەو رێکخراوە باس لەوەدەکەن کە کۆمەڵێک پێشێلکارییان تۆمارکردووە، ئەوانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ئەنجامدراونو بەشی زۆری ئەو ساختەو پێشێلکارییانە وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشەوە بووە، هۆگر چەتۆ کە هاوکات ئەندامی رێکخراوی رۆژە، دەیوت: «ئێمە بە راپۆرتی خۆمان ئەو پێشێلکارییو خروقاتانەمان خستووەتەڕوو، ناردومانە بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ئەو راپۆرتانەی ئێمە کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر دووبارە پشکنینو رەتکردنەوەی بەشێکی زۆر لە دەنگەکان».

هەروەها هۆگر ئاماژە بەوەدەکات کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ئەوانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوون، فشاریان دەخستەسەر چاودێرانی هەڵبژاردنەکەو ئەندامانی کۆمسیۆن، بۆئەوەی رێگاخۆشکەن بۆ کاری ساختەکارییو فێڵکردن، «هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆمان دەبینی کە چۆن بەئاشکرا تەزویریان دەکرد، بەڵام ئێمە هەموو ئەو ساختەکارییانەمان لە راپۆرتەکەماندا نووسیبوو».

سەبارەت بە دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارانە لەلایەن هێزەکان ناوخۆ لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، چەتۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «رێژەیەکی بەرچاو چاودێری بیانیو ناوخۆیی سەرپەرشتیی پرۆسەکە دەکەن، هەروەها ئاستی هوشیاریی خەڵک بەرەوپێشەوە چووە، ئەمە جگە لەوەی نوێنەری لیستی زیاتر هەیە لەچاو هەڵبژاردنی پێشوو، چونکە جاری پێشوو جیاوازبوو، چونکە لیستی هاوپەیمانی بە تەنیا بوو، تا رادەیەک شەرعیەتی هەبوو بۆ ئەو کارانە، بەڵام لەمجارەدا ئەوە نییە».

بۆ رێگاگرتن لەو ساختەکاریانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ئەنجامدراون، چەند رێوشوێنێک گیراوەتەبەر لەلایەن کۆمسیۆنەوە، بۆ نموونە: دەنگدەر تەنیا لەیەک بنکەی دەنگداندا ناوی هەیە، کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر لە چەندین بنکەی دەنگداندا کەسێک دەیتوانی ناوی خۆی بدۆزێتەوەو دەنگبدات، هەندرێن محەمەد سالح، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو زانیارییەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوەو هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرباری ئەو مەرجەی سەرەوە بۆ زەمانەتی هەڵبژاردنەکان، ناوی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش لە لیستێکی تایبەت لای کۆمسیۆن تۆمارکراوەو ژمارەیەکی بەرچاویش لە چاودێرانی بیانیو ناوخۆیی چاودێریی پرۆسەکە دەکەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی چاوی خەڵک بەوەی کە ئایا جیاوازیی چییە لەنێوان ئەو دەنگدانەی کە بە دەنگدانی تایبەت ناسراوە لەگەڵ دەنگدانی گشتی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمسیۆنی باڵا، وەڵامی ئەوەبوو کە «هیچ جۆرە جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو دوو جۆرە دەنگدانەداو هەردوولا چاودێریی دەکرێن، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەو دەنگدانە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس دەگرێتەوە بۆئەوەی بۆ رۆژی دەنگدانی گشتی بتوانن بارودۆخەکە بپارێزنو نەهێڵن ئاژاوە رووبدات».

هەروەها هەندرێن دەیوت: «ئێمە سەیری سندوقەکان دەکەین، ئەگەر هاتوو رێژەی ١٠٠٪ی دەنگەکان بۆ یەک لیست بوو، ئەوا ئاسایی دەبێت، بەڵام ئەگەر شکو گومان هەبوو هەروەها لە هەمانکاتدا سکاڵا لەسەر ئەو سندوقە هەبوو، ئەوا دواجار کۆمسیۆن بڕیاری لێدەدات بەوەی کە دەنگەکانی ناو ئەو سندوقە رەفز بکرێت یان نا، پێشتر حاڵەتی وا هەبووە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا».

لە روانگەی یاساوە هەرکارێک ئەنجامبدرێت بۆئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن بە پاکیو رێکوپێکی بەڕێوەنەچێت، ئەوە بەتاوانو ساختەکاریی دادەنرێت.

خامۆش عومەر، پسپۆڕی بواری یاسای نێودەوڵەتیو دەستوور لە زانکۆی کۆیە، لەگەڵ ئەوەی ئەو زانیارییەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوە، هاوکات باس لەوەدەکات کە ئەگەر سندوقێک زیاد لەوەی دیاریکراوە دەنگی تێدابێت، یاخود هەندێکجار ئەگەر دەنگەکانی سندوقێک ١٠٠٪ی بۆ لیستێک یان کەسێک بێتو گومان هەبێت لەو سندوقە، ئەوە لایەنەکانی چاودێریکردن بەرپرسن لەو کارانەو هیچ جۆرە پاساوێکی حیزبیو نەتەوەیی بۆ ئەو دەنگانە کەلکی نییەو شەرعیەتی تەواوی پرۆسەکەش دەخاتە مەترسییەوەو سومعەی هەرێمی کوردستانیش لەئاستی نێودەوڵەتیدا پێ لەکەدار دەبێت.

سەبارەت بە ئەنجامنەدانی ئاژاوەو کاری ساختەکاریی لە هەڵبژاردنی مانگی داهاتوودا، هەروەها دووبارەنەبوونەوەی ئەو ساختەکاریانەی کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا روویاندا، زانا رۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی، باس لەوەدەکات کە کۆمسیۆن بەڵێنیداوە بە هەموو قەوارەو لیستە بەشداربووەکان بەوەی کە ئەمجارە ئەو کارانەی کە لە رابردوودا روویانداوە، دووبارەنابێتەوە، رۆستایی ئاماژەی بەوەدا کە کۆمسیۆن لە رێگەی تۆماری ناوی دەنگدەرانو دانانی ئەو ناوانە تەنیا لەیەک لیستداو لە بنکەیەکو هێنانی چاودێری بیانی لەدەرەوە کە ژمارەیان زیاتر لە (١٠٠) رێکخراوی نێودەوڵەتی دەبێت جگە لە چاودێرانی ناوخۆ، بەڵێنیداوە بە ئێمە کە ئەو کارانە دووبارەنابێتەوە، دەیوت: «کۆمسیۆن ناوی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی لەیەک لیستدا داناوەو لە لیستی خەڵکانی مەدەنیدا ئەو ناوانە دانەنراونەتەوە، ئێمە وەکو لیستی خۆمان دەتوانین چاودێرمان هەبێت بۆ ئەو وێسگانەی کە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش دەنگی تێدا دەدەن، لەکاتی روودانی هەر سەرپێچییەک سکاڵا تۆماردەکەین».

لە بەرامبەر ئەو قسەوباسانەی کە دەکرێت بەوەی کە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کاری ساختەکاریی دەکەن، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی پێیوایە کە ئەمجارە تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران جیاواز دەبێت لەجارەکانی پێشووتر، بەڵام دەیوت: «ئەوانەی باس لەوجۆرە کارانە دەکەن، هیچ پاساوێکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا ئەو کارانە بۆ ئەوە دەخەنە بەر دیدی خەڵک لەبەرئەوەی مەترسیی دۆڕانیان هەیە، هەربۆیە یەکێتیو پارتی بەو کارانە تۆمەتباردەکەن، ئەگەر نا، هیچ حیزبو لایەنێک زۆر لە خەڵکو هێزەکانی ناوخۆ ناکات کە دەنگ بە کێ بدەن».

لەگەڵ ئەوەی کە پیرە پێیوایە ئەو شتانە تۆمەتن کە بۆ پارتیو یەکێتی هەڵدەواسن، بەڵام عەدنان ئەحمەد (٢٨ ساڵ)، پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، باس لەوەدەکات کە سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەو پێیوایە ئەم مانگە مووچەی هەرسێ مانگەکەیان پێکەوە دەدەنێ بۆئەوەی هەرکارێک لەسەرەوە فەرمانیان پێکردن، جێبەجێی بکەن، عەدنان دەیوت: «لە هەڵبژاردنی پێشوودا چەند جارێک دەنگیان پێداین، لەوبڕوایەدام ئەمجارەش هەمان شتمان پێبکەنەوە».

*** ئەم راپۆرتە لەسایتی چاوی خەڵک وەرگیراوە**

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

ئەڵقەی شەشەم

## ٣. ٥. سنووری چالاکیی حزب:

٣. ٥. ١. دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتو چالاکیی حزب وەک ڕێکخراوی سیاسیی پەتی، کە بۆی نەبێت هێزی چەکدارو دەزگای نهێنیی تایبەتی هەبێت.
٣. ٥. ٢. حزبەکانی ناو دەسەڵات بۆیان هەیە کابینەی وەزاریی دابمەزرێنن‌و کارنامەی حکومیی خۆیان جێبەجێ بکەن، بێئەوەی مافی پاوانکردنی دارایی وڵاتو بەکارهێنانی پۆستی گشتیان هەبێت بۆ کەسبی سیاسیی، کڕینی ویژدان، ترساندن‌و جیاکاریی نێوان هاوڵاتیان.
٣. ٥. ٣. ئاشکراکردنی پارەو موڵکو عەقارو بەرژەوەندیی ئابووریی‌و کۆمپانیا بازرگانییەکانی حزب. ڕێگریی لە هەر پاوانکارییەکی حزبیی بۆ سەر بازاڕو تەندەرو کەرتی تایبەت.
٣. ٥. ٤. حزبەکان بڕێک لە بودجەیان بەگوێرەی یاسا لە حکومەتەوە بۆ دەبڕدرێتەوە بەپێی قەوارەیان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردندا دوور لە هەر ئیعتبارێکی پێشینی شۆڕشگێڕیی.

## ٤. تەوەری ئەمنی:

هێزە چەکدارەکان، دامودەزگانی ئاسایش‌و هەواڵگریی، گرنگترین‌و ترسناکترین ڕۆڵ دەبینن لە هەر وڵاتو قەوارەیەکی سیاسیدا. گرنگترین ڕۆڵ دەبینن کاتێک دەبنە هێزی بەرگریکردن لە خاکو قەوارەو دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان، ترسناکترین ڕۆڵیش دەبینن کاتێک دەبنە دامودەزگای سەرکوتکردن‌و میلیشیایی، ئامرازی نهێنیی حزبو دەستەگەریی بەرتەسک، ئامێری بەخشینەوەی ترس، دەستکاریکردنی نەخشەی سیاسی‌و پاکتاوکردنی ململانێ‌و جیاوازیی ناوخۆیی.
سەرباری گیانبەخشین‌و لەخۆبوردوویی بەشێکی زۆری بەرپرسان‌و ئەندامانی هێزە چەکدارو ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا، ڕاستییەک کە ناتوانین بازی بەسەردا بدەین ئەوەیە کە تا ئێستا سیستەمی ئەمنیی کوردستان سیستمێکی نادیموکراتو ناڕۆشن‌و ناشارستانییە، تا ئێستا هێزی چەکدارو دەزگای نهێنی، لەبری ئینتیما بۆ نیشتمان‌و گەل، ئینتیمایان بۆ حزب، لەناو حزبیشدا ئینتیمایان بۆ دەستەو گروپی نهێنی، لەناو ئەوانەشدا ئینتیمایان بۆ کەسی دەشترۆیشتوو هەیە. تا ئێستا دابەشبوونی کۆمەڵایەتی هێزی چەکدارو ئاسایش لەسەر بنەمای ناوچەو خێڵو لایەنگیریی بەرتەسکە.
لیستی گۆڕان لەو بڕوایەدایە دڵسۆزیی بۆ نیشتمان، قەوارەی نەتەوەیی‌و ئاسایشی نیشتمانی، بە موزایەدەو هاتو هاوارو بەشینەوەی تۆمەتو ترس بەسەر نەیارانی سیاسیدا مەیسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی ڕیشەیی سیستمی هێزە چەکدارەکان‌و دامودەزگاکانی ئاسایشە. پێویستی بە سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەو دامودەزگاو هێزانەیە بەجۆرێک ببنە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نیشتمانی‌و کۆمەڵگەی شارستانی‌و دەوڵەتی یاساو سیستمی دیموکراتی، پاکبکرێنەوە لە هەر جۆرە ئینتیمایەکی حزبی، ناوچەیی، خێڵەکی‌و شەخسیی بەرتەسک. ئەگەر نا، ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسیی پەرتبوون‌و دروستبوونی چەندین کانتۆنی ناشارستانی، چونکە ئەو ڕووبەرە ئاسایشەی کە تا ئێستا دڵسۆزیی خەڵکو هوشیاریی بەشێکی زۆری ئەندامانی هێزە چەکدارو ئەمنییەکان ڕایانگرتووە، بەردەوام نابێتو لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوینە بەردەم هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەوە، کە بە زیان بەسەر هەموماندا، بە زیان بەسەر ئەزموونەکەماندا، تەنانەت بەسەر ئایندەی ئەو هێزە سیاسییانەشدا دەشکێتەوە کە خاوەنی میلیشیاو هێزی ئاسایش‌و هەواڵگریی‌و چەکو جبەخانەی تایبەت بە خۆیانن.

### ٤. ١. پاسەوانی هەرێم:

٤. ١. ١. پێکهێنانی هێزی پاسەوانی هەرێم، بە سوودوەرگرتن لە مادە پەیوەندیدارەکانی دەستووری عێراق، بەشێوازێکی نیزامیی مۆدێرن، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی هێزی پێشمەرگەی ئێستا، موتوربەکردنی ئەو هێزە بە نەوەی نوێ‌و کردنەوەی دەرگای خۆبەخشین، دوور لە لایەنگریی سیاسیی، حزبیی، ناوچەیی، خێڵەکی.
٤. ١. ٢. ئامادەکردنی ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازەکانی ئەو هێزە لەسەر ئاستی مەعنەویی‌و پابەندیی نیشتمانی، پاککردنەوەی دەروون‌و بیریان، لە هەر بوغزو کینەو لایەنگرییەکی پێشوەخت، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر ژیانی میلیشیایی ژیاون، لە ڕێگەی خولی ئامادەکاریی تایبەتەوە، بە ئەزموونوەرگرتن لە وڵاتانی جیهانی شارستانی.
٤. ١. ٣. قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حزبی‌و سیاسی لەناو هێزی پاسەوانی هەرێمدا.
٤. ١. ٤. سەرپەرشتیکردنی خول‌و پەیمانگاو کۆلێژەکانی سەربازیی لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراوەوە بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاساو ڕێنماییانەی کە دەچنە خزمەتی ئەم پرۆسەیە.
٤. ١. ٥. موتوربەکردنی پرۆگرامی خول‌و پەیمانگاو کۆلێژە پەیوەندیدارەکان بە وانەکانی مافی مرۆڤ، هونەرو ئاکاری شارشتانی.
٤. ١. ٦. ئامادەکردن‌و ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو میلیشیاو هێزە چەکدارانەی کە ئینتیمایان بۆ حزبو گروپو تاکەکەس هەیە، سەرلەنوێ دامەزراندنیان لە هێزی پاسەوانی هەرێمدا، یان خانەنشینکردنیان بە ئاستێکی دارایی شیاو، یان دۆزینەوەی دەرفەتی کاری نوێ بۆیان‌و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی بۆ خۆیان‌و خێزانەکانیان.
٤. ١. ٧. دابەشکردن‌و جێگۆڕکێی هێزە چەکدارەکانی هەرێم بەسەر ناوچەو دەڤەرە جیاوازەکاندا، بە ئاگاداریی پێشوەختی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەبری ئینتیما بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو، ئینتیمایان بۆ کوردستان هەبێتو لە لایەنگیریی لۆکاڵیدا گیرنەخۆن.

### ٤. ٢. پۆلیس، ئاسایش‌و هەواڵگریی:

٤. ٢. ١. چاکسازیی‌و سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی دەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و هەواڵگریی بەشێوازێکی شارستانیی مۆدێرن، دوور لە لایەنگریی سیاسیی، حزبیی، ناوچەیی‌و خێڵەکی.
٤. ٢. ٢. ئامادەکردنی ئەفسەرو دەرەجەدارو پۆلیس‌و ئەندامانی ئەو دەزگایانە لەسەر ئاستی مەعنەویی‌و پابەندیی نیشتمانی، پاککردنەوەی دەروون‌و بیریان، لە هەر بوغزو کینەو لایەنگرییەکی پێشوەخت، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر ژیانی میلیشیایی یان موخابەراتیی بەرتەسک ژیاون، لە ڕێگەی خولی ئامادەکاریی تایبەتەوە، بە ئەزموونوەرگرتن لە وڵاتانی جیهانی شارستانیی.
٤. ٢. ٣. موتوربەکردنی پرۆگرامی خول‌و پەیمانگاو کۆلێژە پەیوەندیدارەکان بە وانەکانی مافی مرۆڤ، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، هونەرو ئاکاری شارستانی.
٤. ٢. ٤. قەڵاچۆکردنی هەموو ئەو دیاردانەی کە دژی مافەکانی مرۆڤ لەو دەزگایانەدا پێڕەودەکرێن، وەک ئەشکەنجەدانی جەستەیی‌و دەروونی، سزادانی سیاسی، زیندانی نهێنی‌و شوێنی لێپێچینەوەی نایاسایی، بەندکردن‌و هێشتنەوەی هاوڵاتیان بەبێ فەرمانی دادوەریی.
٤. ٢. ٥. ڕێگە بە هیچ حزبو قەوارەیەکی سیاسی نادرێت خاوەنی دەزگای هەواڵگریی نهێنی‌و زیندان‌و شوێنی سزادانی تایبەت بێت.
٤. ٢. ٦. قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حزبیی‌و سیاسیی لەناو ئاسایش‌و هەواڵگریدا.
٤. ٢. ٧. پۆلیسی هاتوچۆ هێمای یاسایە لەسەر شەقام، ئەرکی حکومەتە پێداویستییە مادیی‌و شارستانییەکانی بۆ دابین بکات. ئەرکی بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتە ڕێز لە پۆلیسی هاتوچۆ بگرن. حکومەت پشتیوانیی پۆلیسی هاتوچۆ دەکات بۆ پێشخستنی ئامرازەکانی چاودێریی‌و بەدواداچوون، بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەیەک چاوو یەک پێوەر بەسەر هەمووواندا بێ جیاوازیی.

**لیستی گۆڕان لەو بڕوایەدایە دڵسۆزیی بۆ نیشتمان، قەوارەی نەتەوەیی‌و ئاسایشی نیشتمانی بە موزایەدەو هاتو هاوارو بەشینەوەی تۆمەتو ترس بەسەر نەیارانی سیاسیدا مەیسەر نابێت بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی ڕیشەیی سیستمی هێزە چەکدارەکان‌و دامودەزگاکانی ئاسایشە**



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# گەنجانی گۆڕانخواز: گەر ئەمڕۆ بگۆڕین سبەی جوانتر دەبێت

فۆتۆ: فاخر تەلانی



٥٧ گەنجی گۆڕانخواز لە پیرەمەگرونەوە
بە نوێنەرایەتی شارۆچکەکەیان بە پیادە بەرەو سلێمانی بەرێکەوتن

## مۆمی ئومێد

لە هەناسەی کام خەمەوە،
وا هاتوویتە ناوچاومەوە..
کام برینم سارێژ دەکەی..
وا لە جەستەی ماندووم دەکەی،
حەسرەتی لەبیرچێتەوە..
تۆ قاسیدی ئازاری برینی هەمووانی..
دەستێکت ئاوەدانیەو
دەستەکەی دی لێوان لێو لە شادوومانی...
چرای گۆڕان،
مۆمی لە گۆڕنانی تاریکی..
درەنگ هاتی،
ئەم وڵاتە زەمەنێکە،
پڕاوپڕە لە نەهاتی..
مۆمی گۆڕان
تروسکایی ئومێدێکی ئەرخەوانی

وەک مانگ لە ئاسمانی ساماڵ
چرای ماڵی هەژارانی...
مۆمی دڵم،
هۆ فێنکایی پڕ نسرمی سبحەینانێ،
دەستم لەناو دەستی تۆدا..
چاوم لەناوچاوی تۆدا پڕ فرمێسکەو
بەعیشقەوە دوور بۆ ئایندە دەڕوانێ..
مۆمی ئومێد،
هۆ بەهاری ئاوەدانی..
لە یەک کاتدا تۆ بزەی منالانیتو
هەم مەرهەمی ئێشو ژانی..
عەسای دەستی پیرەکانو
ئاوازێکی پڕ خرۆشی گەنجەکانی..
لە یەک ساتدا،
تۆ سەبووری خەمی دوێنێو
ئومێدێکی پڕ لە رەنگی،
ئاسۆی ئایندەی کوردانی.

سەریار هۆشیار